ڕووداو
RÛDAW
ژمارە (467) دووشەممە 2017/7/31 - 9ی خەرمانان 2717 (750) دینار

# ئافرەتێک دەکوژرێ و منداڵەکەشی بێسەروشوێنە

**ڕووداو- کۆیە**

ئێوارەی ڕۆژی 2017/7/24 لە نێوان هەردوو گوندی جەلی و گوندی هیزۆپی بچووک لە نزیک کۆیە، تەرمی ئافرەتێک لەنێو زەویی جووتیارێکدا دۆزرایەوە کە بە دوو گوللە کوژرابوو. هێشتا ناسنامەی ئافرەتەکە و بکوژەکان بە تەواوی دیار نییە.

بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیس، ئەو ژنە پێش کوژرانیشی دەستدرێژیی کراوەتە سەر.

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئەو ئافرەتە کە تەمەنی نزیکەی 20 ساڵ دەبێ، منداڵێکی تەمەن نزیکەی دوو ساڵان و دوو کەسی دیکەی لەگەڵ بووە، پانتۆڵێکی منداڵەکە لە شوێنی تاوانەکە بەجێماوە، هەروەها کەرەستەی خواردنی سێ کەس لە شوێنەکە هەبووە.

دوو بەتانیش لە شوێنەکە ڕاخرابوون". هەر بەپێی لێکۆڵینەوەکان، ئەو ئافرەتە سێ ڕۆژ بەر لە دۆزینەوەی تەرمەکەی کوژراوە. بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە گوتیشی: "ئێستا پیاوێک خۆی کردووە بە خاوەنی ئەو ژنە، پێش کوژرانی ژنەکە بە سێ ڕۆژ لەلای پۆلیس سکاڵای تۆمار کردووە کە هاوسەرەکەی دیار نییە".

سەنگەر عوسمان ئەحمەد، لێپرسراوی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە قەزای کۆیە بە (ڕووداو)ی گوت: "دەستمان کردووە بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تاوانەکە، چونکە جگە لەوەی تاوانێک دەرهەق بەو ژنە کراوە، منداڵەکەشی دیار نییە، دەبێ هەرچی زووە چارەنووسی ئەو منداڵە دیاری بکرێ".

«12



## ڕێبوار تاڵەبانی پارەی نییە بیداتە پارێزەر

14



## نهێنییەکانی مێلانیا ترامپ دەخرێنە سەر بەرە

16



## وەزیرێکی سووری سەردانی هەولێر دەکات

7

## "دوو مانگی دیکە دەستکاریی سیستەمی مووچە دەکرێت"

# "هەر مووچەخۆرێک 70%ی مووچەی جارانی وەردەگرێت"

« 5



« 3

## سەید عومەر... پیاوی پشت دەرگاکە

ڕاپۆرت 4

## پیاوێک بە زۆر کچەکەی لە چەکدارێکی داعش مارە دەکات



کۆمەڵایەتی 13

## هاورێکەی خۆی بۆ ماتۆڕسکیلێک کوشت

ژنان 12

## دوای خۆسووتاندنی، ئەندامانی جەستەی دەبەخشێ



ئابووری 8

## مەڕی هەرکی و دزەیی لەنێو دەچن



راپۆرتە هەواڵ
رووداو
ژمارە ( 467 ) - دووشەممە 2017/7/31





## 100 منداڵی ونبووی هەڵەبجە لە ئێرانن

**رووداو- هەولێر**

د.مەحموود تولایی، سەرۆکی ناوەندی (DNA)ی نوور لە ئێران رایگەیاند "دوای کیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن رژێمی سەدامەوە، نزیکەی 100 منداڵی کوردی عێراق کە بێسەرپەرەشت بوون، درانە بنەماڵە ئێرانییەکان". د.مەحموود تولایی بە یەکێک لە میدیا ناوخۆییەکانی ئێرانی راگەیاندووە "ناوەندەکەمان لە ئێران ئەم ئامادەییەی هەیە بە پێکهێنانی پەراوی دی ئێن ئەی بنەماڵە کوردە عێراقییەکان و ئەو بنەماڵانەی کە سەرپەرشتی ئەو منداڵانەیان لە ئەستۆ گرتووە، لە چارەنووسی ئازیزانیان ئاگاداربن و کۆتایی بە چاوەڕوانی بێنن کە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا، دوو تا سێ کەیس بەمجۆرە هەبووە".

بێ باوک و دایک لە گوندێکی نزیک هەولێر دانراون

# ئەڵمانیا بۆ کەیسی منداڵە بێ کەسەکانی دێتە سەرخەت

**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

دایک و باوکیان کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانن، سێ ساڵ لەمەوبەر بەهۆی کێشەی نێوانیان جیابوونەتەوە و لەوکاتەوە لە سۆزی دایکیان بێبەشن، دوو مانگ لەمەوبەریش باوکیان بەبیانووی ئەنجامدانی نەشتەرگەری دەچێتە ئەڵمانیا و بەتەنیا لە کوردستان بەجێیاندەهێڵێ.

### لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ ئەڵمانیا

(ع) و (ئا)، نزیکەی 15 ساڵ لەمەوبەر هاوسەرگیرییان کردووە، ئەوان 13 ساڵ پێش ئێستا لە شاری سنە دەژیان. هەر لەوێش بوونە خاوەنی کوڕێک، دواتر چوونە ئەڵمانیا و لەوێش دوو کوڕی دیکەیان بوو، ئەم سێ منداڵە وەڵاتینامەی ئەڵمانیایان هەیە.

دوای ساڵانێک مانەوە لە ئەڵمانیا، (ع) و (ئا) بڕیار دەدەن بگەڕێنەوە کوردستان، بەڵام لەجیاتی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە گوندێکی نزیک پارێزگای هەولێر نیشتەجێ دەبن".

### پاشای بێ ناسنامە

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، دوای لەدایکبوونی چوارەم کوڕیان، نزیکەی سێ ساڵ و نیو لەمەوبەر (ع) و (ئا) کێشە دەکەوێتە نێوانیان و بڕیاری جیابوونەوە دەدەن. (ع) کە باوکی منداڵەکانە، منداڵەکان لەخۆدەگرێت، (ئا)ی هاوژینیشی دەگەڕێتەوە رۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەوکاتەی (ع) و (ئا) جیابوونەوە، تەمەنی کوڕە بچووکەکەیان، کە ناسناوی لەلای براکانی (پاشا)یە، تەنیا 5 مانگ بووە، ئەو جگە لەوەی دوور لە سۆزی دایکی گەورە بووە، هیچ ناسنامە و رەگەزنامەیەکیشی نییە.

دوو مانگ لەمەوبەر، باوکیان بەبیانووی نەخۆشی و ئەنجامدانی نەشتەرگەری دەچێتە ئەڵمانیا و چوار کوڕەکەی کە گەورەکەیان تەمەنی 13 ساڵانە و بچووکەکەیان تەمەنی 4 ساڵانە، بەتەنیا بەجێدەهێڵێت. (ع) دەڵێت لە داهاتوویەکی نزیکدا دەگەڕێتەوە لای منداڵەکانی "من بۆ ئەنجامدانی چەند نەشتەرگەرییەک چوومەتە ئەڵمانیا و تاوەکو ئێستا دوو نەشتەرگەریم کردووە، دوای ئەوەی نەشتەرگەریی سێیەمم بۆ کرا، دەگەڕێمەوە لایان".



دوای بەدواداچوونێکی رووداو هەر چوار منداڵەکە بەرەو شوێنێکی نادیار دەبردرێن

### خۆیان بژێویی ژیانیان دابین دەکەن

لە سایەی نەبوونی دایک و باوکدا، ئەم چوار منداڵە خۆیان کاردەکەن و بژێویی ژیانیان پەیدا دەکەن، تەنانەت لە خوێندنیشدا زۆر زیرەکن. کوڕە گەورەکەیان دەڵێت: "باوکم بزن و قاز و پەلەوەری بۆ کڕیوین، خۆمان بزنەکان دەدۆشین و شیرەکەی دەفرۆشین، بە پارەکەشی بژێویی ژیانمان دابین دەکەین و لە قوتابخانەش دەخوێنین".

### کەس نازانێت لەکوێن

(رووداو) بەدواداچوونی بۆ کەیسی ئەم منداڵە بێسەرپەرشتانە کرد، بەڵام دوای دوو رۆژ لە بەدواداچوونەکەی (رووداو)، منداڵەکان دیارنەمان، چەند کەسێکی دانیشتووی گوندەکە دەڵێن لە درەنگانێکی شەودا، پیاوێک کە خۆی وەک خزمی باوکی ناساندووە، منداڵەکان و ئەو ئاژەڵانەشی کە لەماڵەکەدا بوون، لەگەڵ خۆی بردووەتە شوێنێکی نادیار و کەس نازانێت ئێستا لە کوێن".

بۆ دڵنیابوون لەو کەسەی خۆی وەک خزمی باوکی منداڵەکان ناساندووە و زانینی شوێن و دڵنیایی لە سەلامەتی منداڵەکان، (رووداو) چەند جارێک پەیوەندی کرد بە باوکیانەوە، بەڵام وەڵامی نەدایەوە.

### وەزارەتی کار بەدواداچوون دەکات

هەر دوای دیارنەمانی منداڵەکان، د.محەممەد هاودیانی، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بڕیاری دا بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە بکات و گوتی: "لەئێستاوە بە هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و دەزگا ئەمنییەکان و پارێزگاری هەولێر بەدواداچوون بۆ کەیسی ئەو منداڵانە دەکەین و هەوڵ دەدەین بەزووترین کات بیاندۆزینەوە و بیانهێنینە لای خۆمان". وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی گوتیشی "دوای دۆزینەوەیان دەیانبەینە خانەکانی بێسەرپەرشتان و تاوەکوو چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانیان لەلای خۆمان دەیانهێڵینەوە، ئەگەر باوکیشیان ئامادە نەبێت لەخۆیان بگرێت، ئێمە لە خانەکانی بێسەرپەرشتان بژێویی ژیان و خوێندن و شوێنی مانەوەیان لەئەستۆ دەگرین".

### ئەڵمانیا لە ناسنامەی منداڵەکان دەکۆڵێتەوە

سێ لەو منداڵانەی بێسەرپەرشت ماونەتەوە، وەڵاتینامەی ئەڵمانیایان هەیە، بۆیە (رووداو) پەیوەندی بە کونسوڵخانەی ئەڵمانییەوە کرد، ئەوان بەڵێنیان داوە بەدواداچوون بۆ وەڵاتینامەی منداڵەکان دەکەن. ئەگەر دڵنیابوون لەوەی وەڵاتینامەکانیان ساختە نییە، بەوردی بەدواداچوون بۆ کەیسی ئەو منداڵانە دەکەن.

# مووسڵاوییەکان لە قەرەقوش سەر گەرم دەکەن

**رووداو- هەولێر**

پاش سێ ساڵ لە دەسەڵاتی داعش بەسەر بەشێکی زۆری پارێزگای نەینەوادا، لە شارۆچکەی قەرەقوش یانەیەکی خواردنەوە کحولییەکان دەکرێتەوە. خاوەنی یانەکە هیواخوازە کردنەوەی ئەو یانەیە هانی مەسیحییەکانی قەرەقوش بدات بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی، بارەکە ماوەی دوو هەفتەیە لەلایەن هانی ئەیوب یەعقوب نەجار کراوەتەوە. هانی بەر لە هێرشەکانی ساڵی 2014ی داعش ماوەی 10 ساڵ بوو لە شارۆچکەکەدا باری هەبوو. خاوەنی یانەکە دەڵێت "کاتێک خەڵک دەبینن بارێک لە قەرەقوش کراوەتەوە، ئەوە ئاماژەی ئەوەیان پێدەدات کە ژیان لە شارۆچکەکەدا ئاسایی بووەتەوە".

هەرچەندە هانی بارەکەی بۆ خەڵکانی مەسیحیی شارۆچکەکەی خۆی داناوە، بەڵام سەردانیکەرانی سەرەکیی بارەکە خەڵکی موسوڵمانی مووسڵن کە ماوەی سێ ساڵە بەهۆی دەسەڵاتی داعشەوە نەیاندەتوانی مەی بخۆنەوە. ئێستاش رۆژانە 32 کیلۆمەتر رێگە دەبڕن بۆ ئەوەی لە باڕی (یا هەلە) سەریان گەرم بکەن.

ئەحمەد عەلی، تەمەن 57 ساڵان، یەکێک لە موشتەرییە هەمیشەییەکانی بارەکەیە و زۆربەی جاران دوای تەواوبوونی پیشەکەی لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ خواردنەوەی مەی و کێشانی نێرگەلە روو لە (یا هەلە) دەکەن. ئەلحەجەبی، یەکێک لە هاوڕێکانی ئەحمەد، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەندێکجار تەنانەت چاوەڕێی تەواوبوونی دەوامەکەشی ناکات و سەردانی بارەکەی هانی دەکات. چونکە هەتا ئێستا هیچ باڕێک لە مووسڵ نەکراوەتەوە.

هانی ئەیوب بەر لە گەڕانەوەی خێزانەکەی بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، دەستی بە نۆژەنکردنەوەی (یا هەلە) کردبوو، بە گوتەی خۆی خانووەکەیان بەشێوەیەکی زۆر خراپ لەلایەن چەکدارانی داعشەوە تێکدرابوو.

داعش زۆربەی باڵەخانە و خانووبەرە، کڵێسەکانی قەرەقوشی تێکدا. قەرەقوش شارێکە 32 کیلۆمەتر لە باشووری رۆژهەڵاتی مووسڵ و 60 کیلۆمەتر لە رۆژئاوای هەولێرەوە دوورە. بەر لە هێرشەکانی داعش ئەو شارۆچکەیە 50 بۆ 60 هەزار دانیشتووی هەبووە و بە گەورەترین ناوچەی مەسیحینشینی عێراق دادەنرا. لە ماوەی دوو ساڵی دەسەڵاتیدا، داعش هەوڵێکی سیستەماتیکی دابوو بۆ ئەوەی ئاسەوارەکانی مەسیحیبوونی شارۆچکەکە بسڕێتەوە.

خاوەنی بارەکە دەڵێت یانەکەی لە چاو باڵەخانەکانی دیکەی دەوروبەری زیانێکی کەمتری پێگەیشتووە و پێدەچێت داعش وەکوو بنکەیەکی خۆیان بەکاریان هێنابێت. بە گوتەی هانی بنمیچی بارەکە دوو کونی گەورەی تێدابووە کە پێدەچێت شوێنی هاوەن بووبێت و دیوارەکانیش هەموو شوێنی گوللە بوون، کورسییەکان لادرابوون، موکێتەکە کۆکرابووەوە و ئامێرەکانی ئاوی میوەش بەناو دووکانەکەدا بڵاوکرابوونەوە. هەموو ئەمانە گومانی ئەوەی لای هانی دروستکردووە کە "شوێنەکەیان وەکوو کارگەی دروستکردنی چەک بەکارهێنابێ".

بەر لە هێرشەکانی داعش، بایی 17 هەزار و 500 دۆلار خواردنەوەی کحولی لە دوکان و ئەمبارەکەی هانیدا هەبوون، بەڵام داعش زۆربەیانی شکاندبوو، وەکوو چۆن لە حەوت بارەکەی دیکەی قەرەقوشیشدا هەمان کاریان کردبوو. خاڵێک کە لە کاتی گەڕانەوەدا سەرنجی هانی راکێشابوو، ئەوە بوو کە چەکدارانی داعش دەستیان لە هەندێک بوتڵەکانی بیرە نەدابوو کە لە دووکانەدا ریزی کردبوون، تەنانەت هەندێک قوتووی بیرەی لە دوکانەکەی خۆیدا دۆزیبووەوە کە هی ئەو نەبوون. بۆیە خاوەن بارەکە بە رۆژنامە ئەمریکییەکەی گوتووە "وابزانم چەکدارەکان لێرە خواردوویانەتەوە، دڵنیا نیم، بەڵام رەنگە وابووبێت".

سەعد مەحموود، خەڵکی مووسڵ، یەکێک لە موشتەرییەکانی هانییە و کچێکی بەهۆی هاوەنەوە ئیفلیج بووە. بە گوتەی سەعد رەوشی مووسڵ لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا و هەتا ئێستاش "کارەساتە" و دەڵێت "پێتوایە هۆکاری ئەم هەموو خواردنەوەیە چییە؟ ئەمە تاکە شوێنە کە دەتوانین تۆزێک تێیدا بحەسێینەوە".

بەگوتەی مەسیحییەکانی ناوچەکە، زۆرینەی ئەو چەکدارانەی داعش کە هێرشیان کردە سەر قەرەقوش عەرەبە سوننەکانی گوندەکانی دەوروبەری قەرەقوش بوون کە لە سەردەمی سەدام لە چوارچێوەی پرۆسەی تەعریبدا رەوانەی ناوچەکە کرابوون. داود بابا یەعقووب، ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، دەترسێ لەوەی عەرەبە سوننەکان جارێکی دیکە هێرش بکەنەوە سەر ناوچەکەیان. داود بابا کە داوای هەرێمی ئۆتۆنۆمی بۆ مەسیحییەکان دەکات، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "ئێمە چیدی متمانەمان بەو ناوچەیە نەماوە، ئەوان ماڵ و حاڵی ئێمەیان بەتاڵان برد و سووتاندیان، هەرچەندە منداڵەکانیان لە قوتابخانەکانی ئێمەدا دەرسیان دەخوێند".

بە گوتەی داود بابا یەعقووب، نیوەی ئەو مەسیحییانەی لەو ناوچەیە رایانکردووە چوونەتە ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوایی، ژمارەیەکی زۆری دیکەش چاوەڕێ دەکەن کەیسی پەنابەرێتییان قەبووڵ بکرێت.

ئەو دەڵێت "لە کۆی 8000 خێزانی قەرەقوش تەنیا 500 خێزان گەڕاونەتەوە".



# ژنێک لەسەر 15 هەزار دینار خۆی دەخنکێنێ



**دیمەن بورهان**
**رووداو – هەولێر**

دەمەقاڵەیەکی سادە لە نێوان ئەیهان و هاوژینەکەی، ئەیهانی بەرەو مەرگ برد. کەسوکارەکەی دەڵێن مێردەکەی، ئەیهانی بەوە تۆمەتبار کردووە کە 15 هەزار دیناری لە گیرفانی دەرهێناوە. لەسەر ئەوە ئەیهان بە لەچکەکەی، خۆی دەخنکێنێ.

ئەیهان شەفیق، تەمەن 24 ساڵان، سێ ساڵ لەمەوبەر هاوسەرگیریی لەگەڵ (م.ح) تەمەن 25 ساڵ کرد، خاوەنی دوو کچ بوو. هاوژینی ئەیهان، پاش ئەوەی لەرێگەی خزمێکییەوە دەچێتە داوای ئەیهان، هاوسەرگیریی دەکەن، بەڵام دوای ساڵێک کێشە دەکەوێتە نێوانیان و بەیەکەوە ناگونجێن، بەڵام بەهۆی منداڵەکانی، ئەیهان نایەوێت ژیان لە خۆی بشێوێنێ.

سۆزێ محەممەد، تەمەن 60 ساڵ، دایکی ئەیهان، لەگەڵ هەڵکێشانی ئاهێک بۆ مەرگی کچەکەی گوتی "کچەکەم نەحەسایەوە، زۆر بەدبەخت بوو، چەند جارێک تۆرا و دەهاتەوە، دەیگوت لێمدەدات و قسەی ناشیرینم پێدەڵێت، براکانی نەیانهێشت بڕواتەوە، بەڵام دواتر خۆی نەگرت لەبەر منداڵەکانی، ئەو بەبێ کچەکانی لە ماڵی باوکی نەدەحەوایەوە، بەڵام خۆزگە نەمدەهێشت بڕواتەوە".

شەفیق عەزیز، تەمەن 70 ساڵان، باوکی ئەیهان، هەموو نزای نوێژەکانی بۆ ئەوە بووە بە پیری جەرگی نەسووتێت، بەڵام ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە 2017/7/20، کاتێک مام شەفیق لە مزگەوت دەگەڕێتەوە، هەواڵی خۆخنکاندنی کچەکەی دەبیستێ. مام شەفیق گوتی "کچەکەم زۆر لەسەرخۆ و بەڕەوشت بوو، بەنسیبی ئەو پیاو خراپە بوو، من نەمدەهێشت بڕواتەوە لای مێردەکەی، بەڵام خۆی نەدەگرت و لەبەر منداڵەکانی بە ناچاری دەگەڕایەوە".

مام شەفیق باسی ئەو رۆژە دەکات کە کچەکەی، خۆی خنکاند و دەڵێت: "ئەو رۆژە مێردی کچەکەم لەسەر دیارنەمانی 15 هەزار دینار لە گیرفانی، شەڕی لەگەڵ کردووە و پێیگوتووە تۆ دزیوتە، بۆیە کچەکەم دەچێتە ژوورێک و بە لەچکەکەی، خۆی هەڵدەواسێت و خۆی دەخنکێنێ".

مام شەفیق دەشڵێت: "کاتێک هەواڵەکەمان بیست کچەکەم لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن بوو، مێردەکەی هاواری دەکرد و دەیکێشا بە سەری خۆیدا بۆ ئەوەی کەس بە تاوانەکەی نەزانێت، بەڵام پۆلیسەکان قۆڵبەستیان کرد و بردیان، ئێمەش سکاڵامان لەدژی تۆمار کردووە".

### ئامادەنین منداڵەکان لەخۆبگرن

لە وەڵامی ئەوەی ئایا ئامادەیە دوو منداڵی کچەکەی کە تەمەنیان دوو ساڵ و یەک ساڵانە بەخێو بکات؟ مام شەفیق گوتی "منداڵی پیاوخراپێک چۆن بەخێو دەکەم؟ کچەم لەدەستچوو، تازە منداڵی ئەوم بۆ چییە؟".

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر لەبارەی ئەو کەیسەوە بە (رووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی رۆژی پێنجشەممە 2017/7/20 لە رووداوەکە ئاگادار کراینەوە، تیمەکانمان چوونە نەخۆشخانە و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد".

سەبارەت بە هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو ئافرەتە، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، گوتی "بەهۆی کێشەیەکەوە بووە لەگەڵ مێردەکەی، بەقسەی ئەو لەسەر دیارنەمانی تەنیا 15 هەزار دینار دەمەقاڵێ و شەڕ لەنێوانیان دروستبووە و دواتر ژنەکە خۆی خنکاندووە".

گوتیشی "(م.ح) کە هاوژینی ئەیهانە، دەستگیر کراوە و لەژێر لێکۆڵینەوەدایە".

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 467 ) - دووشەممە 2017/7/31





## بەنگلادیش نووسینگە لە هەولێر دەکاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

باڵیۆزی بەنگلادیش لە عێراق ڕایگەیاند، نووسینگەیەکی باڵیۆزخانەکەیان لە شاری هەولێر دەکەنەوە. ڕۆژی 30-7-2017 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئەبو مەقسوود فورهاد، باڵیۆزی بەنگلادیش لە عێراق کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە دۆخی ژیانی کرێکارانی بەنگلادیشی لە هەرێمی کوردستان کراوە. باڵیۆزی بەنگلادیش ڕایگەیاندووە، بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کاروباری ئەو کرێکارە بەنگلادیشییانەی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، هەروەها بۆ برەودان بە پەیوەندییەکانی هەردوولا نیازیان هەیە نووسینگەیەکی سەر بە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەیان لە هەولێر بکەنەوە. باڵیۆزی بەنگلادیش سوپاسی گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستانیشی کرد کە دەرفەتی کاریان بە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی بەنگلادیشی داوە".

### گۆڕان لە سەردەمی سەید عومەردا

# سەید عومەر... پیاوی پشت دەرگاکە



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 1980/11/18 هێزێکی یەکێتی لە ناوچەی پیرانەڕەش لە پشدەر بەرەورووی هێرشێکی هێلیکۆپتەرەکانی سوپای عێراق دەبنەوە، لەوێدا نۆ پێشمەرگە شەهید دەبن و 12ی دیکەش بریندار دەبن، یەکێک لە بریندارەکان عومەر سەید عەلی دەبێ کە تاوەکو ئێستاش کاریگەریی ئەو برینداربوونە بە جەستەیەوە دیارە.

نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری پێشووی بزووتنەوەی گۆڕان کە 2017/5/19 ماڵئاوایی لە ژیان کرد، لە کتێبی پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، دەنووسێت: "سەید عومەریان لەناو دارەمەیت هێنایەوە ناوزەنگ، پشتی وەک بێژنگی لێ هاتبوو، چەند پارچەیەک لە بڕبڕەی پشتی دابوو. هەردوو قاچی لەکارکەوتبوو، لە نەخۆشخانەکەی خۆمان تەداوییەکی سەرەتایی کرا، دەستبەجێ ڕەوانەی ئێرانمان کرد. پاش ماوەیەک لە ئێرانەوە چووە سوید، ماوەیەکی درێژ لە نەخۆشخانەدا مایەوە. هەرچەندە قاچەکانی کەوتنەوە کار، بەڵام هەرگیز وەکو جارانی لێ نەهاتەوە".

عومەر سەید عەلی دوای 37 ساڵ لە گەڕانەوەی لە لێواری مەرگ، لە دوای مەرگی نەوشیروان مستەفا دەبێتە کەسی یەکەمی بزووتنەوەی گۆڕان.

لە دوای دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستی جێگری سکرتێری یەکێتی، نەوشیروان مستەفا لە ساڵی 2006 یەکەم کەس کە چاوەڕێی کردبوو بچێتە گردی زەرگەتە، عومەری سەید عەلی بووە. بەڵام عومەری سەید عەلی لە 2009 ماڵئاوایی لە یەکێتی دەکات، کاتێکیش دەچێتە گردی زەرگەتە، نەوشیروان مستەفا ژوورە تایبەتەکەی خۆی دەداتێ.

### دانیشتن لە پشتی دەرگا

دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان، سەید عومەر هەر لەو ژوورەدا مایەوە، کاتێک دەچیتە ژوورەکەی کەس لەوێ نابینی، بەڵام کە سەیری پشتی دەرگاکە دەکەی پیاوێکی تەمەن 72 ساڵ بە خۆی و گۆچانەکەیەوە لەسەر کورسییەک دانیشتووە، هەرگیز ناچێتە سەرووی میوانەکانی دانیشێ، تەنانەت کە هەفتەی ڕابردوو بووە ڕێکخەری گشتی، لەسەر کورسییەکەی نەوشیروان مستەفا دانەنیشت و هەر لە پشت دەرگای ژوورەکەی خۆیدا مایەوە.

دەگێڕنەوە ڕۆژێک نەوشیروان مستەفا کورسییەکەی عومەری سەید عەلی دەباتە لای سەرووی ژوورەکە و پێیدەڵێت سەید عومەر لەمەودوا ئێرە شوێنی تۆیە، لە وەڵامدا دەڵێ ئەمڕۆ لەبەر دڵی تۆ لێرە دادەنیشم، بەڵام لە بەیانییەوە دەچمەوە شوێنی خۆم لە پشتی دەرگاکە.

هەر میوانێک بچێتە ژوورەکەی، ئەو شوێنی خۆی ناگۆڕێ. تەنانەت زۆرجاران نەوشیروان مستەفا بە چەند کاژێر لە ژوورەکەی ئەو دانیشتووە، لە زۆر پرسدا بۆ یەکلاکردنەوەی بڕیاری سیاسی، ئەو هەر لە شوێنی خۆی بووە. نەوشیروان مستەفا بۆچوونی عومەری سەید عەلی وەرگرتووە. بەشداری لە حکومەت، دانانی وەزیر و کاربەستانەکانی گۆڕان، زۆربەیان بە ڕای ڕێکخەری ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان بووە.

### "یەکێتی بچووک دەبێتەوە"

سەرەتای ساڵی 2007، مەکتەبی سیاسی یەکێتی داوا لە باڵی ریفۆرم دەکەن هەڵوێست لە نەوشیروان مستەفا وەربگرن لە بەرامبەر ئەو ڕەخنە و نووسینانەی لەو کاتەدا ئاراستەی یەکێتیی دەکردن، بەڵام عومەری سەید عەلی ڕەتیدەکاتەوە هەڵوێست وەربگرێ و دەڵێ: "کاک نەوشیروان ژمارەیەکی قورسە لەنێو یەکێتی، بە چوونە دەرەوەی ئەو یەکێتی زەرەر دەکات".

ڕێکخەری نوێی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەموو کۆنگرەکانی یەکێتیدا بە ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە. لە ئابی 2009 لەبارەی ئایندەی ئەو حیزبەی جێیهێشت دەڵێ: "ئایندەی یەکێتی بە باش نابینم، یەکێتی بەرەو داخران و بچووکبوونەوە دەچێ".

### سلێمانیچێتی دەکات؟

عومەری سەید عەلی لە نەوەی ساداتی بەرزنجەیە و خەڵکی سلێمانییە، بەوپێیەی قورسایی دەنگی بزووتنەوەکە لە سلێمانییە، دەبوو ڕێکخەری گشتیی گۆڕان خەڵکی سلێمانی بێت. عومەر سەید عەلی لەبارەی تۆمەتبارکردنی بە شارچێتی لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەڤانیدا دەڵێ: "ئەگەر ئێمە سلێمانیچێتی ئەکەین، ئەی بۆچی هەرچی خەڵکی شارەکان و شوێنەکانی دیکەیە لە کوردستانی عێراق لەم شارەدا زەوی وەردەگرن، خانوو دەکەن، پۆستی ئیداری و حیزبی وەردەگرن و کەس نەیگوتووە بەری چاوتان کلی پێوەیە؟ باشە خەڵکی سلێمانی چەند کەسی لە کەرکووک، هەولێر و دهۆک زەوییان وەرگرتووە؟ ئەگەر هەیە با ناوی پەنجا کەسمان بدەنێ کە بە هەزاران کەس لە خەڵکی ئەو شارانە لێرە زەوییان وەرگرتووە".

### "سەید عومەر پیاوێکی هێمنە"

فەرەیدوون عەبدولقادر ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە هاوڕێی شاخ و شاری ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕانە، باسی کەسایەتیی ئەو بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێت: "کاک عومەر پیاوێکی ڕاستگۆیە، بە حوکمی پەیکەری ڕێکخراوەیی گۆڕان هەموو بڕیارێکی بە دەست نییە، بۆیە زیاتر پابەندی بڕیاری سەرکردایەتی گۆڕان دەبێ".

فەرەیدوون عەبدولقادر کە لە نیوەی دووەمی ساڵانی حەفتادا ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ عومەری سەید عەلی لە زینداندا بووە، دەڵێ: "کاک عومەر پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆیە. ئەوکاتەی سەرۆکی شاندی یەکێتی بوو بۆ دانوستاندنی ئاشتی لەگەڵ پارتی، لە هەموومان هێورتر بوو".

### پێنج ملیۆن دۆلاری بۆ یەکێتی پاشەکەوت کردووە

عومەری سەید عەلی ماوەیەک بەرپرسی دارایی یەکێتی بووە، بەڵام لە هیچ دۆسیەیەکی گەندەڵی و بەکارهێنانی سامانی گشتی و پارەی حیزبدا ناوی نەهاتووە. لە هەڤپەیڤینێکدا دەڵێت ئەو ڕۆژەی وەکو کارگێڕی مەکتەبی سیاسی وازی لە یەکێتی هێناوە، پێنج ملیۆن دۆلار پاشەکەوتی لە نەسریەی مەکتەبی سیاسی کردووە.

### دەستبەرداری ئەڤەلۆنەکەی نابێ

ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان منداڵی نییە، لەگەڵ خێزانەکەی لە خانوویەکی حکومەتدا دەژین، لەبەر تەندورستی کە خۆپارێزی لە چەوری و سوێری دەکات، وەکو هاوڕێیەکانی باسی دەکەن، هەر خواردنێک ئامادە بێ، بە مەرجی ئەوەی چەور و سوێر نەبێ دەیخوات، زۆرجار نانخواردن لە بیر دەکات، ئەوانەی کاری لەگەڵ دەکەن بەبیری دەهێننەوە کە لەبەر دەرمانەکانی نانەکەی بخوات.

عومەر سەید عەلی، ئۆتۆمبێلێکی ئەڤەلۆنی ڕەنگ سپی مۆدێل 2011 بەکاردەهێنێ کە لەگەڵ گۆچانەکەی بوونەتە دووانەیەکی دانەبڕاو لێی.

### "تەکەتول لەگەڵ خۆیشی دەکات"

عومەر سەید عەلی لە گفتوگۆکردن و مامەڵەکردندا بە پیاوێکی نەرم و لە هەمانکاتدا عیناد ناسراوە. وشەی "سەروەری و گەورەم" وەکو ڕێزێک بۆ بەرامبەرەکەی زۆر بەکاردێنێ. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە بەرپرسیارێتی لە نێو یەکێتی هەبووە و ئێستاش لە نێو گۆڕان، ژوورەکەی جمەی هاتووە لە بەرپرس و کادیر، نەوشیروان مستەفا بۆ پێکەنین لای هاوڕێیەکانی گوتوویەتی "سەید عومەر لە ژوورەکەی خۆی بەتەنیاش بێت تەکەتول لەگەڵ خۆی دەکات". مام جەلالیش گوتوویەتی "سەید عومەر لە دوو کەس سێ کوتلە دروست دەکات".

# هەڵبژاردنی خانەی ڕاپەڕاندن نیگەرانیی لێکەوتەوە

**هۆشیار عەبدوڵڵا:** نەدەبوو نامەکەی کاک نەوشیروان بڵاوبکرێتەوە

**ڕێکخەری ژووری یاسایی:** کەس تانەی لە پرۆسەکە نەداوە

**ئێڤار ئیبراهیم:** هەرچی پۆست و پلەی گۆڕانە لە دەست گەنجانە

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

هەڵبژاردنی نێوخۆیی بزووتنەوەی گۆڕان و دەرنەچوونی هیچ ژنێک و هیچ گەنجێک بۆ خانەی ڕاپەڕاندن، نیگەرانی و ناڕەزایی لەنێو بزووتنەوەکە لێکەوتەوە، بەشێک لە چاودێران دەڵێن هەڵسوڕاوانی گۆڕان لە ڕێ و ڕێبازی نەوشیروان مستەفا لایانداوە و پشتیان لە گەنجان کردووە، بەشێکیشیان بەرگری لەو پرۆسەیە ددەکەن و دەڵێن خانەی ڕاپەڕاندن پێویستی بە کەسانی بەئەزموونە.

### نیوەی کاندیدەکان کشانەوە

پێش بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن، ناوی ژمارەیەک کاندیدی گەنج دەهات بۆ خانەی ڕاپەڕاندن، بەڵام ڕۆژێک بەر لە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو خانەیە کشانەوە. ژووری هەڵبژاردن ناوی 18 کاندیدی ئاراستەی ژووری یاسایی کردبوو بۆ هەڵبژاردنی خانەی ڕاپەڕاندن، لەو 18 ناوە چەند ناوێک پەسەند نەکران، بەبیانووی ئەوەی مەرجی یاساییان تێدا نەبووە. تەنیا کێبڕکێ لە نێوان 9 کەس کرا کە پێنجیان لە سەرکردە دێرینەکانی یەکێتی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) بوون و لەگەڵ 4 کاندیدی دیکە کێبڕکێیان کردووە کە یەکێکیان ژنێکی خەڵکی هەولێر بوو. بەڵام ئەنجامەکە بە دڵی بەشێک لە گەنجەکان نەبوو.

ڕۆژی 2017/7/27 یەکەمین کۆبوونەوەی عومەری سەید عەلی وەکو ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ ژنە هەڵسوڕاوەکانی بزووتنەوەکە بەڕێوەچوو، ئەگەرچی ڕێژەی ژن لە کۆنگرەی گۆڕاندا 30% بوو، بەڵام لە کۆی 56 ئەندامی جڤاتی نیشتمانی تەنیا چواریان ژنن.



بۆ پۆستی خانەی ڕاپەڕاندن تەنیا یەک ژن خۆی کاندید کرد، ئەویش چانسی دەرچوونی نەبوو.

### ژنانی گۆڕان پرۆژەیەک پێشکەش دەکەن

ئێڤار ئیبراهیم ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پرۆژەیەکمان پێشکەشی ڕێکخەری گشتی کردووە بۆ ئەوەی ڕێژەی ژن لە جڤاتی نیشتمانی و خانەی ڕاپەڕاندن دیاری بکرێت، هەروەها ڕێکخەری ژوورەکان کە ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندنە ژن بێت، ئەویش بەڵێنی پێداین کە ئەم پرسە دەبێ لە کۆنگرەی نیشتمانی و دەستووری ناوخۆی گۆڕان کاری لەسەر بکرێت و پشتگیری داواکاریی ئێمەی کرد".

**سەرۆکی جڤاتی گشتی:** ڕێککەوتنی پێشوەختە بۆ هەڵبژاردنەکە نەکراوە

لەبارەی ڕەخنەی گەنجەکانیش لە پرۆسەی هەڵبژاردنی خانەی ڕاپەڕاندن و لێدوانەکانی ڕابوون مەعرووف پەرلەمانتاری گۆڕان کە گوتبووی لە ژێر فشار و هەڕەشە پاشەکشە بە کاندیدە گەنجەکان کراوە، ئێڤار ئیبراهیم گوتی: "نازانم ئەو گەنجانەی ڕەخنە دەگرن چییان دەوێت لە کاتێکدا هەرچی پۆست و پلە هەیە لە دەست گەنجانە، جگە لە وەزیرەکان 20 پەرلەمانتاری کوردستان گەنجن، نزیکەی 80%ی پۆستەکانی نێو گۆڕان دیسان بە دەست گەنجانەوەیە، دەبوو ئەو گەنجانە خاوەن ئیرادەی خۆیان بوونایە و پاشەکشەیان نەکردبایە و کێبڕکێیان لەگەڵ کاندیدەکانی دیکە بکردایە".

### "کەس لە ژێر گوشار نەکشاوەتەوە"

ئیسماعیل نامیق، ڕێکخەری ژووری یاسایی گۆڕان ڕەتیکردەوە هیچ سکاڵایەک لەسەر هەڵبژاردنی خانەی ڕاپەڕاندن تۆمار کرابێت و پرۆسەکە بە "سەرکەوتوو" وەسف دەکات.

ئیسماعیل نامیق کە خۆی کاندیدی یەکێک لە پۆستەکانی خانەی ڕاپەڕاندن بووە و دواتر کشایەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "کشانەوەی هەر کاندیدێک پەیوەندی بە خودی کەسەکە و شێوازی کارکردن و بیرکردنەوە و ئامانجی گەنجەکانەوە هەیە، بەڵام باسکردن لەوەی گەنجەکان لە ژێر گوشار کشاونەتەوە، ئەوپەڕی سووکایەتی و بێڕێزییە بە خودی گەنجان، چونکە ئەو گەنجانە زۆربەیان لەلایەن حیزبەکانی دیکەوە تاقیکراونەتەوە و نەچوونەتە ژێر گوشار و کاریگەریی هیچ کەس و هەموویان خەڵکی بوێر و خاوەن ئیرادەن، بەڵکو بە خواستی خۆیان کشاونەتەوە".

### نەدەبوو نامەکەی نەوشیروان مستەفا بڵاوبکرێتەوە

ڕۆژی 2017/7/22 جڤاتی گشتی دەستەی نوێی سەرۆکایەتی هەڵبژارد، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا نامەیەکی بڵاونەکراوەی نەوشیروان مستەفا بڵاوکرایەوە کە مێژووەکەی بۆ مانگی شوباتی ئەمساڵ دەگەڕێتەوە.

لە نامەکەی نەوشیروان مستەفادا لە بارەی هەڵبژاردنی خانەی ڕاپەڕاندن هاتووە "تێکەڵاوکردنی ئەزموونی تێکۆشەرە دێرینەکانی ناو بزووتنەوەکەیە لەگەڵ هیممەتی گەنجە تازە پێگەیشتووەکانی".

هۆشیار عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان لە بەغدا پێیوایە نەدەبوو نامەی ڕێکخەری پێشووی گۆڕان بڵاوبکرێتەوە، کە بڵاویش کرایەوە دەبوو سەرکردەکانی گۆڕان پابەندی ناوەڕۆکەکەی بن کە داوای کردبوو خانەی ڕاپەڕاندن لە سەرکردە دێرینەکان و گەنجەکان پێکبێ.

هۆشیار عەبدوڵڵا بە (ڕووداو)ی گوت: "دەبوو هەموو هەڤاڵانی گرووپی ڕاوێژ خۆیان بۆ هەر حەوت پۆستەکەی خانەی ڕاپەڕاندن کاندید نەکردبایە، بەڵکو 3 تا 4 پۆستیان بۆ گەنجەکان جێهێشتبایە، ئەوان کێبڕکێیان بکردایە، ئێستاش پرۆسەکە کە بەم شێوەیە هاتووە ئەمە مانای کۆتایی دونیا نییە، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە پابەندبوونە بەو کولتوورەی نەوشیروان مستەفا دایهێناوە، بێدەنگ نابین لە ئاست هەر لادان و لێدانێک لەو کولتوورە".

بچووکترین ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندن عوسمانی حاجی مەحموودە کە تەمەنی 53 ساڵە و بە سکرتێری کاروباری بازێڕوانەکان هەڵبژێردرا. د.ڕەئووف عوسمان، سەرۆکی جڤاتی گشتی و ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندن پێیوایە دەسەڵاتی سەرەکی بزووتنەوەکە لە دەستی گەنجەکانە کە خۆی لە ژوورەکان دەبینێتەوە و هیچ بڕیار و ڕێککەوتنێکی پێشوەختەش نەبوو بۆ دروستکردنی خانەی ڕاپەڕاندن.

د.ڕەئووف عوسمان کە تەمەنی 72 ساڵە، بە (ڕووداو)ی گوت: "لە هەڵبژاردنی جڤاتی گشتی سێ کەس خۆیان بەرامبەر من کاندید کرد کە یەکێکیان خوێندکاری خۆم بوو، ئەمە نیشانەی دیموکراسیبوونی پرۆسەکە دەگەیەنێت، گۆڕان لە هێنانە پێشەوەی گەنج و پێدانی دەسەڵات و پۆست بە گەنج لە نێو هەموو حیزبەکان پشکی شێری بەردەکەوێت".



## فراکسیۆنی پارتی لە بەغدا خۆی ڕێکدەخاتەوە

**ڕووداو - هەولێر**

فراکسیۆنی پارتی لە بەغدا هەڵبژاردنی بۆ چوار پۆست کرد و شاخەوان عەبدوڵڵا بە جێگری سەرۆکی فراکسیۆن هەڵبژێردرا. پێشنیوەڕۆی ڕۆژی 30-7-2017 تەها بەرواری، بەرپرسی نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق کۆبووەوە. ڕێناس جانۆ پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە ڕووداوی ڕاگەیاند، لە کۆبوونەوەکەدا هەڵبژاردن بۆ ئەو پۆستانە کراوە کە لەنێو فراکسیۆنەکە پڕنەکرابوونەوە. دوای کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکان و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، هەر یەک لە (شاخەوان عەبدوڵڵا، بە جێگری سەرۆکی فراکسیۆن، ڕێناس جانۆ، بە گوتەبێژی فراکسیۆن، نەدا عەنتەر، بڕیاردەری فراکسیۆن و د. بێریوان موسڵح، بە بەرپرسی پەیوەندییەکانی فراکسیۆن) هەڵبژێردران.

# "باوکم بەزۆر لە چەکدارێکی داعشی مارە کردم"

**هونەر ئەحمەد**
**ڕووداو- تکریت**

– **ناوت چییە؟**
– **محەممەد.**
– **باوکت ناوی چییە؟**
– .......

محەممەد هێندە داخ لە دڵە لە ڕەفتارەکانی باوکە کوژراوەکەی، نایەوێ ناوی بهێنێ. باوکی محەممەد چەکداری داعش بووە و لە بۆردومانێکی فڕۆکە جەنگییەکاندا لە شەرگات کوژراوە. لەدوای خۆی کۆڵێک نەهامەتی بۆ خێزانەکەی جێهێشتووە.

خێزانی محەممەد، لەگەڵ 97 خێزانی دیکەدا کە سەرجەمیان کەسوکاری چەکدارانی داعشن، لە کەمپێکدا بەناوی کەمپی "شەهامە"، لە تکریت لەژێر چاودێرییەکی توندی ئەمنی و سەربازیدا ڕاگیراون، بەشێکی لە ترسی ئەوەی نەبادا بکەونە بەر هێرشی تۆڵەسەندنەوەی ئەوانەی کەسوکاریان بە دەستی چەکدارانی داعش کوژراون.

منداڵانی کەمپەکە دەیانویست وەک هەر منداڵێکی دیکە دوور لە کەمپ و ئاوارەیی بژین، بەڵام دەڵێن هەڵەی باوکیان ئەوانی لەنێو کەمپێکدا گیر کردووە کە دیار نییە کەی لێی دەردەچن و چ ئایندەیەک چاوەڕێیان دەکات.

محەممەد چەند ڕۆژێکی کەمە لەگەڵ دایک و دوو خوشک و برایەکی لەژێر دەستی چەکدارانی داعش هەڵاتوون، ئەوان وەکو کەسوکاری داعش مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. محەممەد بەردەوام خەمبارە، چونکە ئەو ئێستا بەو تەمەنە کەمەوە برا گەورەی خێزانەکەیەتی و دەزانێت چ ئەرکێکی قورسی کەوتووەتە سەرشان.

محەممەدی تەمەن 14 ساڵ لە کاتی قسەکردنی بۆ (ڕووداو) چەند جارێک دەستی بە گریانێکی بەکوڵ کرد، گریانەکەی ئەو بۆ ئەوەبوو کە ناتوانێت لەناو خەڵکیش وەکو بێتاوان خۆی پیشان بدات. چونکە خەڵکی هەر وەکو کوڕە داعشێک تەماشای دەکەن و لێی پەستن.



محەممەد

کاتێک لەبارەی مامەڵەی باوکی پرسیاری لێدەکەم، محەممەد بێ دوودڵی دەڵێت: "زۆر دڕاندانە بوو زۆر، سوێند بەخوا کە سەیری سەتەلایتمان دەکرد دەهات سەتەلایتەکەی بەزەویدا دەکێشا، بۆی گرنگ نەبوو تەماشای فیلم کارتۆن دەکەین، سەتەلایتەکەی دەشکاند".

محەممەد کە بێجامە ڕەشەکەی بەری تاوەکو نزیک ئەژنۆی هەڵکێشاوە و نەعلێکی لاستیکی زۆر گەورەتر لە قەبارەی پێیەکانی لەپێ کردووە، سەیرێکی بێجامەکەی دەکات و دەڵێت "ئەگەر بێجامەکەم لەخوار پاژنەم بووایە، لێم تووڕە دەبوو، دەیگوت ئەوە چییە چۆن دەبێ بێجامە ئاوا لەپێ بکەیت".

محەممەد لە باوکی پەستە و بەردەوام لۆمەی دەکات "هیچمان لێی نەبینی جگە لە تاریکی. ئەو نەبووایە ئێستا ئێمە لە شارۆچکەی عەلەم دەبووین".

فرمێسک بە چاوەکانیدا دێنە خوارەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە قوتابی بوو لە شارۆچکەی عەلەم "لە پۆلی دووی ناوەندی بووم، ئێستا دەبوومە پۆلی سێ یان چوار، ئاخر چۆن دەبێ ماندووبوونەکەم هەروا بڕوات، سوێند بەخوا نابێت، سوێند بەخوا داعش ژیانیان تێکداین".

محەممەد، باوکە کوژراوەکەی بە "بێ عەقڵ" وەسف دەکات و دەڵێت: "عەقڵی نەبوو. ئێستا خوشکەکانم سەریان لێ شێواوە، ناتوانم دایکم بنێرم بچێت شت بکرێت، شتی وات بینیوە؟ باوکم لەبری ئەوەی لەگەڵمان بووایە، فەرمانبەر بووایە، ئێمەی بژیاندایە، ئەوەتا ئێستا ئێمە برسێتی دەمانکوژێ و درهەمێکمان نییە".

دایکی محەممەد حاڵی لە کوڕەکەی باشتر نییە، ئەویش بەردەوام بۆ ئەو دۆخە دەگری کە بەهۆی مێردەکەیەوە تێیکەوتوون. ئەو دەڵێت گوناهی مێردەکەی هەڵگرتووە و خەڵک وەکو تاوانبارێک تەماشایان دەکەن.



ئەریهام دوای کوژرانی هاوژینەکەی تەنیا شەش ڕۆژ لەلای چەکدارانی داعش ماوەتەوە و گەڕاوەتەوە لای دایکی

دایکی محەممەد گوتی: "بەیانی و ئێوارە پیشەمان بووەتە گریان. لەم دۆخە خراپە من هاتم بۆ شەرگات، سوێند بەخوا هەموویان جنێویان پێدەدام. پێمدەگوتن من تاوانم چییە، منداڵەکانم هێنا و هاتم تاوەکو لەگەڵیان نەبن، خۆم لێ بێبەری کردن، سوێند بەخوا ڕیسوایان کردم".

ڕەنگە گەورەترین قوربانی نێو ئەو خێزانە ئەریهامی تەمەن 16 ساڵان بێ. ئەریهام بەزۆر لەلایەن باوکییەوە لە چەکدارێکی داعش مارە کرابوو، ئەو ئێستا خاوەنی منداڵێکە لە چەکدارە داعشەکە کە لە مانگی حەوتەمی دووگیانییەکەی ئەریهامدا کوژرا، بۆیە ئەویش ناچار بوو لەگەڵ دایک و خوشک و براکانی ڕێگای هەڵاتن بگرێتەبەر.

ئەریهام کە منداڵەکەی لە باوەش گرتووە و زوو زوو مەمە لاستیکەکە دەخاتە دەمی منداڵەکەی، دەڵێت "باوکم زۆری لێکردم و گوتی دەبێ شووی پێبکەی، ناچار بووم بە قسەی بکەم، چونکە ئەگەر بە قسەم نەکردایە دڵنیام دایکمی دەکوشت". ئەریهام دوای کوژرانی هاوژینەکەی تەنیا شەش ڕۆژ لەلای چەکدارانی داعش ماوەتەوە و گەڕاوەتەوە لای دایکی. ئەریهام دەڵێت "ویستیان منداڵەکەم لێ بستێنن، بەڵام نەمدانێ و گوتم ئەوە منداڵی منە".



دایکی محەممەد

دایکی فەرحان چیرۆکێکی زۆر جیاوازی هەیە، ئەو دوو کوڕی لەلایەن داعشەوە بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ دەزگا ئەمنییەکانی عێراق دەستگیرکراون. دوو کوڕی دیکەشی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی عێراقەوە بەتۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ داعش دەستگیرکراون. ئەو کە نازانێت چارەنووسی چوار کوڕەکەی بەکوێ دەگات، ڕێگەشی پێنادرێت لە کەمپەکە دەربچێت. ئەو تۆمەتەی ئەوی هێناوەتە نێو کەمپەکە ئەوەیە کە برای مێردەکەی داعشە. ئەو دەڵێت "بەردەوام بە بەرپرسانی دەزگا ئەمنییەکان دەڵێم تاوانی من چییە، بۆ دەبێ بە ئاگری برای مێردەکەم بسووتێم".

دایکی فەرحان زانیارییەکی کەمی لەبارەی چارەنووسی کوڕەکانی هەیە و دەڵێت: "گوتیان بەندکراوێک لەلای چەکدارانی داعش ئازاد بووە، لەلای ئەوەوە هەواڵم بۆ هات کە خالید و فەرحان باشن، ئەوان لە حەویجەن و سڵاویان هەیە. لەوە زیاتر نازانم، من لێرە دەستبەسەرم و ناتوانم دەربچم و ناتوانم بجوڵێمەوە".

# کوردێک منارەی مزگەوتی گەورەی حەلەب نۆژەن دەکاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

زیاتر لە چوار ساڵ بەسەر ڕووخانی منارەی مزگەوتی گەورەی حەلەبدا تێدەپەڕێت، هەتا ئێستاش هیچ لایەنێک بە ئاشکرا بەرپرسیارێتی وێرانکردنی ئەو منارە مێژووییەی هەڵنەگرتووە، بەڵام ئەوەی دیارە ئەوەیە کوردێک سەرپەرشتی چاککردنەوەی منارە و مزگەوتەکە دەکات. مستەفا عمران کوردی، لە جەنگی نێوخۆی سووریادا دوو شتی لەدەستداوە، یەکەمیان براکەی و ئەوەی دیکەیان مزگەوت و منارەی مزگەوتی حەلەب کە هەندێکجار بە (مزگەوتی ئەمەوی)یش دەناسرێ. کوردی بە ڕۆژنامەی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانیی گوتووە "ئێستا ئامادەکاری دەکەین بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئامێرەوە بەردەکانی منارەکە کۆبکەینەوە و جارێکی دیکە منارەیەک دروست بکەینەوە لەوەی پێشوو بچێت". بەڵام ئەمە ئەرکێکی ئاسان نابێت، لەبەر ئەوەی هەندێک لە بەردەکان ورد بوون و ناکرێ بەکاربهێنرێنەوە، بۆیەش لە هەندێک حاڵەتدا دەبێ لە شوێنە دێرینەکانی دیکە بەرد بهێنن یان بەردی هاوشێوەی ئەو بەردانە دروست بکرێن".

شوێنی مزگەوتەکە هەر لە کۆنەوە جێی بایەخی ئایین و بڕوا جیاوازەکان بووە، سەرەتا پەرستگای ڕۆمانەکان بووە، دواتر کڵێسەی بێزانتییەکان بووە. دواتریش لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەمەوییەکاندا کراوە بە مزگەوت.

مزگەوتی حەلەب لە سەرەتای دروستکردنییەوە ئامانجی هێرش بووە، دوایینجاریش بەر لە شەڕی نێوخۆی سووریا لە 1260ی زایینی لەلایەن مەغۆلەکانەوە خاپوور کراوە. مستەفا کوردی پێیوایە ئەمجارەش دەکرێت "مزگەوتەکە و منارەکەی چاک بکەنەوە".

لە کۆندا خەلیفەکان پارەی چاککردنەوەی مزگەوتەکەیان دەدا، بەڵام ئێستا وڵاتە ئیسلامییەکان بە بیانووی جیاواز ئامادەنین پشتگیری لە پرۆژەکە بکەن، وڵاتانی کەنداو هاوکاریی حکومەتی سووریا ناکەن و ئێرانیش مزگەوتەکە بە میراتی دەسەڵاتی ئەمەوی دەزانێ. لە دۆخێکی ئاوهادا کۆماری چیچان ئامادەیی دەربڕیوە لە ماوەی یەک ساڵدا حەوت ملیۆن و 200 هەزار دۆلار هاوکاری پێشکەش بە پرۆژەکە بکات، بەڵام زۆربەی ئەندازیارەکان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم بڕە پارەیە بەشی چاککردنەوەی نیوەی مزگەوتەکەش ناکات.

لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا، سەلاح میهاییێف، موفتی باڵای چیچان، سەردانی حەلەبی کرد و لە حەوشەی مزگەوتی گەورەی حەلەب پێشنوێژیی بۆ ژمارەیەک بەرپرس و فەرماندەی سەربازیی چیچانی لە سووریا کرد. بەپێی ڕاپۆرتەکان دەزگای قادیرۆڤ کە هی خێزانی سەرۆکی چیچانە، ئامادەیە هاوکارییە داراییەکە پێشکەش بکات.

کوردی ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە کاتێک دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی حەلەب لەلایەن هێزەکانی سوپای سووریاوە، چوونەتە ناو مزگەوتەکەوە "کتێبخانەی مزگەوتەکە پڕ بوو لە بەرد و پاشماوە، بەڵام ئێستا 95%ی ئەو پاشماوەیە پاککراوەتەوە". لای کوردی ئەو مزگەوتە مێژوو و سەرمایەیەکی مێژووییە و دەڵێت "ناتوانم هەر ئاوها جێیبهێڵم".

لای مستەفا کوردی ئەم مزگەوتە تەنیا میراتێکی ئایینی نییە، بەڵکو "شوێنێکی کۆمەڵایەتی و بەشێک لە کولتووری شارەکەیە". بۆیەش بە چاککردنەوەی بینایەی مزگەوتەکە و منارەکە زۆر شت کە بەر لە دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆ لە حەلەب هەبوون، جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە. کوردی دەڵێت "لەگەڵ چاککردنەوەی مزگەوتەکە هەموو شتەکان دەگەڕێنەوە، مەبەستیشم تەنیا ئەوانە نییە کە لێرە نوێژیان دەکرد، بەڵکو باسی ئەو خەڵکەش دەکەم کە لە بازاڕکردن دەگەڕانەوە و لە پاڵ ستوونەکانی مزگەوتەکە پشوویان دەدا".

کوردی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن بە هۆکاری وێرانبوونی منارەی مزگەوتی گەورەی حەلەب دەزانێت. شایەتحاڵانی نزیک لە ڕووداوەکە دەڵێن لە کاتی داڕمانی منارەکە، گەڕەکەکە لەرزی. چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا تونێلیان بە ژێر مزگەوتەکەدا لێدابوو، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بناغەی منارەکە لاواز ببێت و بەهۆی تۆپبارانەوە بە یەکجاری داڕمێ.

لە کاتی بڵاوبوونەوەی هەواڵی داڕمانی منارەی مزگەوتی حەلەب، مستەفا بە ئاوارەیی لە ڕۆژئاوای حەلەب دەژیا. ئەو دەڵێت: "کاتێک بیستمان منارەکە ڕووخاوە، هاوژینەکەم چاوی پڕ بوو لە فرمێسک".



**چوار تورک دەیانویست لە سۆران ساخی بکەنەوە**

# چەکێکی ساختەی یەک ملیۆن دۆلاری ئاشکرا دەبێ

**ڕووداو- هەولێر**

کاژێر نۆی شەو کەسێک لە دەرگای ماڵی کەریم دەدات، کاتێک دەرگا دەکاتەوە، کەسەکە داوای لێدەکات 200 دۆلاری بۆ بگۆڕێتەوە و بۆی بکات بەدینار، بەڵام ئەو 200 دۆلارە تەنیا تەڵەیەک بوو کە کەریم هەستی پێنەکردبوو، دەرکەوت ئەو دۆلارەی کەریم وەریگرتبوون ساختەن.

سەرەڕای پێشکەوتوویی ئامێرەکانی پشکنینی پارە، هەروەها ئەو ڕێوشوێنە ئەمنییەی لە بازاڕەکانی دۆلار گیراونەتەبەر، بەڵام ساختەچییەکانی دراو بەردەوام بەدوای ڕێگەی تازەدا دەگەڕێن بۆ ساخکردنەوەی دۆلارە تەزویرەکانیان کە مامەڵەچی و بازرگانانی دراو بە "دۆلاری ڕەش" ناوی دەبەن.

کەریم تەیفور ئیبراهیم کە 15 ساڵە لە بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراو لە شاری هەولێر کار دەکات، دوایین کەسی بازاڕەکەیە کە کەوتووەتە داوی ئەو تەزویرچیانە. کەریم کە کارەکانی لە بازاڕەکە لەسەر مێزێکی بچووک دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی 11ی ئەم مانگە، کاژێر دەوروبەری نۆی شەو کەسێک لە دەرگای دا، داوای کرد کە هەندێک دۆلاری هەیە بۆی بگۆڕمەوە، منیش لێم پرسی چەندە، گوتی 200 دۆلارە، منیش هەر 100 دۆلارێکم لەبەرامبەر 125 هەزار دینار بۆ گۆڕییەوە، کە لە بازاڕ بە 126 هەزار و 800 دینار بوو".

بەڵام ئەو 200 دۆلارە تەنیا بۆ تاقیکردنەوەی کەریم بوو، بۆ ئەوەی بزانرێ کەریم هەست دەکات ئەو پارەیە تەزویرە یان نا. وەک کەریم باسی کرد، زۆری پێنەچوو هەمان کەس کە جلێکی سەربازیی لەبەر بووە، گەڕاوەتەوە و ئەمجارە داوای لێدەکات 2500 دۆلاری بۆ بگۆڕێتەوە.

بەیانییەکەی کەریم بە دڵێکی خۆشەوە ڕوو لە بازاڕ دەکات، چونکە شەوی پێشتر 2700 دۆلاری بە نرخێکی هەرزانتر لە بازاڕ دەستکەوتبوو، بەڵام کاتێک دەیەوێ دۆلارەکان بپشکنێ، تووشی سەرسوڕمان دەبێ. کەریم گوتی "کە دۆلارەکانم بە ئامێر پشکنی دەرکەوت هەموویان تەزویرن".

بە گوتەی دۆلارفرۆشانی بازاڕی دراو لە هەولێر، ئەستەمە تەزویرچییەکان بتوانن دۆلارە تەزویرەکانیان لەو بازاڕە ساخ بکەنەوە. چونکە جگە لەوەی ئامێری زۆر پێشکەوتووی ئاشکراکردنی پارەی ساختە لە بازاڕەکە هەیە، زۆربەی مامەڵەچییەکانی بازاڕەکەش شارەزاییەکی باشیان لە ناسینەوەی دراوی ساختە پەیدا کردووە.

حوسێن محەممەد کە خاوەنی کۆمپانیایەکی ئاڵوگۆڕی دراوە لە بازاڕی دراوی شاری هەولێر، دەڵێت: "ئێستا بازاڕەکە چ لەلایەن ئاسایشەوە چ لەلایەن خودی بازرگانانەوە زۆر بە باشی کۆنترۆڵ کراوە، ئەستەمە تەزویرچییەکان بتوانن دراوی تەزویر بهێننە بازاڕەکە، مەگەر تەنیا لەو ڕێگایانەوە کە بەرامبەر کەریم بەکاریان هێناوە".

حوسێن دەڵێت هەر کەسێک دراوی تەزویری پێ بگیرێ، ئەوان ئاسایشی لێ ئاگادار دەکەنەوە و لەوێ لە بەشی هۆبەی ئابووریی ئاسایش دۆسیەی بۆ دەکرێتەوە.

گوتیشی تەزویرچییەکان زۆرتر هەوڵ دەدەن لەسەر سنوورەکان یان لە بازاڕێکی وەکو سۆران دراو و چەکە ساختەکانیان ساخ بکەنەوە، بەڵام لەوێش زوو ئاشکرا دەبن.

هەفتەی ڕابردوو لە سۆران چوار کەسی تورک دەستگیرکران کە دەیانویست چەکێکی تەزویر بگۆڕنەوە، چەکەکە یەک ملیۆن دۆلار بوو، بەڵام لەلایەن دۆلارفرۆشانی سۆرانەوە ئاشکرا کرا و تەزویرچییەکان تەسلیمی ئاسایش کران.

سەبارەت بە چۆنیەتی ئاشکرابوونی ئەو چەکە، حوسێن گوتی "باس لە چەکێکی 100 دەفتەری (یەک ملیۆن دۆلار)ی دەکرا لە بازاڕەکان، هەموو دۆلارفرۆشەکان دەیانزانی کە ئەوە تەزویرە، بۆیە ئەو کەسانە ویستبوویان لە شوێنێکی وەکو سۆران چەکەکە ساخ بکەنەوە، چەکەکەیان بردبووە لای کەسێک کە مێزی گۆڕینەوەی دراوی هەیە، ئەویش تەلەفۆنی بۆ دۆلارفرۆشێکی هەولێر کردبوو بۆ ئەوەی چەکەکە بکڕێ، کاتێک چووبوو سەیری چەکەکەی کردبوو، بۆی دەرکەوتبوو کە تەزویرە".



چەند نموونەیەک لە دراوی تەزویر کە لە بازاڕی دراوی هەولێر ئاشکرا بووە

## ئاراس حەسۆ میرخان، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# دوو مانگی دیکە دەستکاریی سیستەمی مووچە دەکرێت



لە ماڵەکەی خۆی لە پیرمام بە دیار هەواڵی کۆبوونەوەی کۆمیتەی باڵای گشتپرسییەوە قسەی بۆ (ڕووداو) دەکرد و دەیگوت "پەرلەمان کارا بکرێتەوە یان نا، ریفراندۆم و هەڵبژاردن دەکەین". د.ئاراس حەسۆ میرخان، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان باسی دوایین هەڵوێستی حیزبەکەی لەبارەی گشتپرسی و ئاساییکردنەوەی پەرلەمان دەکات. هەر لە ڕێگای ئەم هەڤپەیڤینەوە لەگەڵ (ڕووداو) وردەکاریی سیستەمی نوێی مووچە لەسەر زاری نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئاشکرا دەکات.

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

**ڕووداو: نوێترین سیناریۆ بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان کە لایەنەکان پێی ڕازیبن چییە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** پێشتر ئێمە لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوتبووین بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم. دواتر لە کۆبوونەوەی لایەنەکان و جەنابی سەرۆک بە بەشداریی کاک کۆسرەت و کاک مەلابەختیار، ڕۆژی ریفراندۆم دیاریکرا، ئێمە دەمانزانی گۆڕان و کۆمەڵ نایەن، بەڵام پرۆسەکە بەبێ ئەوانیش دەکرێ. قەناعەتمان وایە گۆڕان چاوەڕێی دەمی یەکێتی دەکرد، زانیاریمان هەبوو کە پێش هەڵبژاردنی ڕێکخەری گشتی لە کۆبوونەوەی یەکێتی و گۆڕان، هەروەها لە کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕاندا باس لەوە کراوە بە تەنیا دژایەتیکردنی ریفراندۆم داهاتووی سیاسییان تێکدەدات. خۆیان باسیانکرد ئەگەر یەکێتی بەشداری ریفراندۆم بکات، ئێمە بە تەنیا نابێت دژی ریفراندۆم بین. بە بۆچوونی من گۆڕان دەیەوێ ریفراندۆم نەکرێ، بۆیە بیانوو دەدۆزێتەوە، ئەگەرنا ئێمە ڕازی بووین بە کاراکردنەوەی پەرلەمان بەبێ مەرج.

**ڕووداو: هەرچی گۆڕانە پێیوایە جەوهەری کێشەکان یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە کە ماوەی یاسایی تەواو بووە، بۆیە ئەگەر پەرلەمانیش کارا بکرێتەوە و یاساش دەربکات، بۆ کێی بنێرێت؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** مەرجی گۆڕان بۆ پشتگیری لە ریفراندۆم کاراکردنەوەی پەرلەمانە، ئێمە ڕازی بووین با پەرلەمان کارا بکرێتەوە، بەڵام مەرج نییە یاسا دەربکات، بەڵکو دەکرێت پەرلەمان بە زۆرینەی دەنگ پشتگیریی بکات یاسای بۆ دەرنەچێت. ڕێکاری زۆر هەیە مەرج نییە یاسای بۆ دەربچێت. سەبارەت بە گۆڕان دوو بۆچوون لە نێو پارتی دروستبووە، بەشێکمان پێمانوایە کە گۆڕان بڕوای بە سەربەخۆیی کوردستان و جیابوونەوە لە عێراق نییە، بەشێکی دیکەمان بڕوایان وایە مادام بە مەرج پشتگیریی ریفراندۆم دەکات، با مەرجەکانیان جێبەجێ بکەین.

**ڕووداو: چۆن کێشە یاساییەکە چارەسەر دەکەن، گۆڕان چۆن ڕازی دەبێ پەرلەمان کارا بکرێتەوە تەنیا بۆ دەستبەرزکردنەوە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو قۆناغە، دوای دیاریکردنی ڕۆژی ریفراندۆم ئەو پرسانە هاتوونەتە پێش، بەڵام دەکرێ چارەسەری ئەو کێشانە بکەین. کۆمەڵێک شارەزای یاسا بهێنن، زۆرینەی سەرکردایەتی پارتی پێی وایە گۆڕان پشتگیریی ریفراندۆم ناکات، ئەوەی بۆچوونی جیاوازیشی هەیە دەڵێ با ئەم دەرفەتەش بدەینە گۆڕان.

**ڕووداو: گۆڕان دەڵێ پەرلەمان بۆ جێبەجێکردنی ئەجێنداکانی پارتی کارا ناکەینەوە، هەر کاتێک بیەوێت دایبخات و هەر کاتێک بیەوێت کارای بکاتەوە. چ گەرەنتییەک دەدرێتە گۆڕان؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** پارتی پەرلەمانی پەکنەخستووە، ئەوان کۆبوونەوەی 23ی حوزەیران و 19ی ئابیان کرد و کۆبوونەوەی پێنج قۆڵیش هەبوو کەچی پارتی پەرلەمانی پەکنەخست، بەڵکو ئەو کاتەی خەڵکیان هاندا هێرش بکەنە سەر بارەگاکانی پارتی لە دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجە. ئەو کات پارتی پەرلەمانی پەککخست، چونکە پەرلەمانتارەکانیان لەولا خەریکی هاندان و بەشداریکردن بوون لە خۆپیشاندان، لێرەش خەریکی دانیشتن بوون.

> بۆ ئایندەی ئەم وڵاتە باش نییە کۆمەڵ بەشداریی پرۆسەی سیاسی بکات

> هەر مووچەخۆرێک نزیکەی 70%ی مووچەی جارانی وەردەگرێت

> تەلەفۆنەکەی بارزانی و عومەر سەید عەلی دەروازەیەکی نوێ دەکاتەوە

> گشتپرسی بەبێ گۆڕان و کۆمەڵیش دەکرێت

> تورکیاو ئێران سنوور داناخەن

ئێمە قەناعەتمان وایە کە حیزبێک نەتوانێت دەنگی زۆرینە بە دەستبهێنێ و ببێتە حیزبی یەکەم، ناتوانێت یاساکان بە کەیفی خۆی دەربکات، هەتا پارتی حیزبی یەکەم بێت لە کوردستان یاساکان بەو شێوەیە دەبێت کە پارتی دایدەڕێژێت. هەر کاتێک گۆڕان بووە حیزبی یەکەم با بەکەیفی خۆی یاسا دەربکات. پێویستە گۆڕان خۆی ساغ بکاتەوە، ئەو ناکۆکی و جیاوازیی لەگەڵ پارتی هەیە، یان دژایەتی شەخسی کاک مەسعود بارزانی دەکات، پێویستە خۆیان لە کێشەی بارزانی ڕزگار بکەن، ئێمە پێمانوایە ئەم خولەش نەبێ دوو سێ خولی دیکەش هەر بارزانی سەرۆکە.

**ڕووداو: بە نیازن بارزانی کاندید بکەنەوە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** زۆر ئاساییە کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەبێ، کاک نێچیرڤان بارزانی یان کاک مەسروور بارزانی سەرۆک بێت، مەبەستم ئەوەیە هەر کەسێکی بنەماڵەی بارزانی سەرۆک دەبێت.

**ڕووداو: پارتی 38%ی دەنگەکانی هێناوە، متمانەتان بە خۆتان هەیە جارێکی دیکە بە تەنیا ئەو پۆستە بەدەست بهێننەوە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** ئاساییە ئەگەر ئەو لایەنانە کاندیدیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەرچوو پیرۆزبایییان لێدەکەین، بەڵام سبەی پارتی هەر کەسێکی کاندید کرد و دەنگی هێنا با پیرۆزبایی لێبکەن.

**ڕووداو: با بێینەوە سەر پرسی کاراکردنەوەی پەرلەمان، ئێوە تەنیا بۆ گشتپرسی پەرلەمان کارا دەکەنەوە لە کاتێکدا 11/6ی ئەمساڵ ماوەی یاسایی تەواو دەبێ؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** نەخێر زۆر کاری گرنگ هەیە پەرلەمان لەم قۆناغەدا دەتوانێت بیکات، بۆ نموونە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی سەرقاڵی لابردنی پاشەکەوتی مووچە و سیستەمێکی نوێی مووچەیە. ئەمە پێویستی بە یاسا هەیە، پەرلەمان دەتوانێت یاسای مووچە هەموار بکاتەوە کە لە بەرژەوەندیی خەڵکە. پەرلەمان هیچ کارێک نەکات تەنیا ئەمە بکات، گەورەترین خزمەتی خەڵکی کوردستان دەکات. یان ئەگەر یاساشی بۆ دەرنەکات با چاودێریی بکات و بەشداربێت لەو هەنگاوە.

**ڕووداو: سەرۆکی حکومەت کە جێگری سەرۆکی حیزبەکەتانە، هیچ زانیاری لەبارەی ئەو سیستەمە تازەیەی مووچە داوە بە ئێوە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** بژێویی خەڵک و مووچەی فەرمانبەران نابێ بە ریفراندۆمەوە ببەسترێتەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتبووە نێو قەیرانێکی دارایی، ئێستا دۆخەکە باشتر بووە، ئەوپەڕی دوو مانگی دیکەیە سیستەمی نوێی مووچە جێبەجێ دەکرێ کە لەسەر بنەمای مووچەی بنەڕەتی دەبێت لەگەڵ هەژمارکردنی بڕوانامە، خزمەت و خێزان و چەند پێوەرێکی دیکە و ئەو پاشەکەوتە نامێنێ، ئێستا خەڵک ڕێژەی 25% و 30%ی مووچەکەی وەردەگرێت، ئەوکات هیچ فەرمانبەر و مووچەخۆرێک لە 70%ی مووچەکەی کەمتر وەرناگرێت. ڕاستە ناگاتەوە مووچەی پێشوو، بەڵام لەو دۆخە گۆڕانکاریی زۆر باش لە بژێویی خەڵک دەکات. بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە سەرکەوتوو بێت و کەس دژی نەبێت، گرنگە پەرلەمان کارا بکرێتەوە، ئەوانیش بەشدار بن.

**ڕووداو: کێ دەستی ئێوە و گۆڕانی گرتووە بژێویی خەڵک چاکبکەنەوە، بۆچی کۆنابنەوە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** وا خەریکین لەگەڵ گۆڕان کۆببینەوە. پێمانوایە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی جەنابی سەرۆک و بەڕێز کاک عومەری سەید عەلی دەروازەیەکی نوێ دەکاتەوە، پەیوەندییەکە زۆر دۆستانە بوو، هەردوولا جەختیان لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدرێتەوە و پەیوەندییەکی دۆستانەمان هەبێ، هەرچی پێویستە بکرێت بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی.

**ڕووداو: وادەی کۆبوونەوەکە دیاریکراوە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** نەخێر چاوەڕێی گۆڕان دەکەین هەر کاتێک پێمان بڵێن ئێمە ئامادەین.

ڕووداو: دوای چەند کاژێرێک لە هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی گۆڕان، بارزانی پەیوەندی بە ڕێکخەری گشتییەوە کرد، بۆ بەیانییەکەی شاندێکی باڵای پارتی بە سەرۆکایەتی شێخ ئەدهەم بارزانی سەردانی گردی زەرگەتەیان کرد، ئەمە چ پەیامێکی تێدابوو؟

ئاراس حەسۆ میرخان: ئێمە پێشوازیمان لە هەڵبژاردنی ڕێکخەری نوێی گۆڕان کرد. ئێمە پێمانوایە دەتوانین لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەینەوە.

**ڕووداو: ئێوە دەزانن کە دەسەڵات لە نێو گۆڕان لە دەستی ڕێکخەری گشتی نییە، ئێوە بە چی گەشبینن؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** پێمانوایە ئەو خانەی ڕاپەڕاندنە دەتوانێت بڕیار بدات، ئێمە دەزانین لە نێو پارتی، یەکێتی و گۆڕان بۆ هەموو بڕیارێک مەکتەبی سیاسی و خانەی ڕاپەڕاندن ناگەڕێتەوە سەرکردایەتی حیزب، بەڵکو زۆر بڕیار هەیە یەکلایی دەکاتەوە، بەپێی ئەو ناسینانەی ئێمە بۆ ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندنی گۆڕان، ئەوان بڕیار بەدەستن. ئەو سەرکردایەتییە سیاسییەی گۆڕان لە دوای کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو کاک نەوشیروان دەتوانێت لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ پارتی هەڵبداتەوە. کە بەداخەوە لە ماوەی ئەو دوو ساڵە بەهۆی نەخۆشی و زۆر بابەتی دیکە نەتوانرا ئەو بابەتە یەکلایی بکرێتەوە. ئێستا باشترین بژارە ڕێککەوتنە. ئێمەش پێمانخۆشە ڕێبکەوین. لەوانەشە لە ئایندەدا ئەو هەڵەیەی کردمان دووبارەی نەکەینەوە، مەرج نییە هەموو حیزبەکان بەشداریی حکومەت بکەن. مادام دوو حیزب لە بەرنامەی سیاسی و دیدگا و زۆر بابەت جیاوازن، مەرج نییە لە یەک حکومەتدا بەشداربن، بەڵکو کێ لە هەڵبژاردن بردییەوە با حکومەت دروست بکات و هێزەکەی دیکە ببێتە ئۆپۆزسیۆن.

> حیزبێکی جیهادیی توندڕەوی وەک کۆمەڵ هیچ پێویست نییە لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدار بێت

> دەتوانرێت تا پێش 10ی ئاب پەرلەمان کارا بکرێتەوە

> پەرلەمان کاراش نەکرێتەوە ریفراندۆم و هەڵبژاردن دەکەین

**ڕووداو: پارتی هیچ پرۆژەیەکی ئامادە کردووە بۆ درێژکردنەوەی ماوەی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە تاوەکوو هەڵبژاردن یان بۆ ماوەی یەک ساڵ؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** نەخێر هیچ پرۆژەیەکمان نەداتەوە لایەنەکان، پێمانوایە دەتوانرێت هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکرێ، ئەوپەڕی ئەگەر هەڵبژاردن یەک مانگ دوابخرێ. پەرلەمان کارا بکرێتەوە یان نا، ئێمە ریفراندۆم و هەڵبژاردنەکان لە دوو کاتی جیاوازدا دەکەین. ئەو دوو پرسە تێکەڵی یەکدی ناکەین، ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانە و تێکەڵی ململانێی سیاسی ناکەین.

**ڕووداو: 25ی ئەیلوول وادەیەکی جێگیرە بۆ گشتپرسی، قابیلی گفتوگۆ نییە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** ئێمە ناڵێین قابیلی گفتوگۆ نییە، ئەو ڕۆژە لە کۆبوونەوەی جەنابی سەرۆک و لایەنە سیاسییەکاندا دیاریکراوە، هەر لەوێش دەتوانرێت جارێکی دیکە گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

**ڕووداو: یەکێتی 10ی مانگی داهاتووی بە دوا وادە دیاریکردووە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، تا ئەو ماوەیە پەرلەمان کارا دەکرێتەوە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** دەکرێ پێش ئەو وادەیەش کارا بکرێتەوە، دەستەی سەرۆکایەتی بانگهێشتی پەرلەمانتاران بکات بۆ کۆبوونەوە.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر گۆڕان ئامادە نەبێ پەرلەمان کارا بکاتەوە، ئێوە لەگەڵ یەکێتی بە زۆرینەی ڕەها پەرلەمان کارا دەکەنەوە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** لە دوایین کۆبوونەوە ئەوەمان بە یەکێتی گوتووە، ئەوان گوتوویانە ئەگەر گۆڕان ئامادەنەبێ دوای لابردنی مەرجەکان سەرۆکایەتی پەرلەمان بکاتەوە، ئەوکات بڕیاری خۆیان دەدەن. یەکێتی چاوەڕێی کۆبوونەوەی گۆڕان و پارتی دەکات. یەکێتی دوو ڕێگای لە بەردەمە یان بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان پشتگیریی ریفراندۆم دەکات، یان لەگەڵ ئێمە پەرلەمان کارا دەکاتەوە.

**ڕووداو: ئێوە لە یەکێتی دڵنیان تا کۆتایی پشتگیری ریفراندۆم دەکات؟ چونکە بەشێکی زۆری سەرکردایەتی یەکێتی قسەی جیاواز دەکەن، پارتی ترسی نییە هەمان سیناریۆی لێسەندنەوەی متمانە لە مالیکی دووبارە ببێتەوە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** ئەوکاتە ئێمە لەگەڵ یەکێتی تەرەف نەبووین، بەڵکو لەگەڵ مام جەلال بووین، ئێستا یەکێتی وەکو حیزب ناتوانرێ پشتی پێ ببەسترێت. یەکێتی وەکو کۆمەڵێک کاراکتەر ماون. هەر یەکە بە ئەندازەی قەبارەی خۆی ڕۆڵ دەبینێ، بە قەناعەتی من ئەگەر یەکێتی دژی ریفراندۆم بێ، هەموو خەڵکەکەی خۆی لەگەڵ نابێ. یەکێتی ئەگەر لەگەڵ ریفراندۆمیش بێ، دیسان هەموو خەڵکەکەی لەگەڵ نابێت، بەڵام زۆرینەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ ریفراندۆمن. ئێمە پێمانوایە کێشەی سیاسی ئەم وڵاتە ئەوەندەی یەکێتییە ئەوەندە گۆڕان نییە، لە هیچ دونیا نەبووە هێزێک بەشداری خۆی بە بەشداریی حیزبێکی دیکە لە حکومەت ببەستێتەوە.

**ڕووداو: هەڵوێستی شاندی یەکێتی لە تاران چۆن بوو بە لای پارتییەوە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** سەردانی یەکێتی بۆ ئێران زۆر گرنگ بوو. هەڵوێستی یەکێتیش باش بوو، یەکێتی بە ڕاشکاوانە بە ئێرانی گوتووە کە ئەوان لە کۆدەنگیی نیشتمانی دەرناچن و لەگەڵ ریفراندۆمن.

**ڕووداو: بازاڕ شڵەژانێکی بەخۆیەوە بینیوە بەهۆی ترسی داخستنی سنوور و نزیکبوونەوەی گشتپرسی، ئێوە هیچ دڵنیاییەکی تەواو دەدەنە ئەم خەڵکە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** تورکیا و ئێران سنوور داناخەن، هەندێک کەس و لایەن پێیوایە ئێمە 26ی ئەیلوول دەوڵەت ڕادەگەیەنین، ئێمە لەگەڵ بەغدا، تاران و ئەنقەرە گفتوگۆ دەکەین کە ئایا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی دەوڵەت سنوورەکان دادەخرێن یان نا.

**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی ئاسایی بووەتەوە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** بەبڕوای خۆم حیزبێکی ئیسلامیی جیهادیی توندڕەوی وەکو کۆمەڵ کە کەمتر لە 5%ی دەنگەکانی هێناوە، هیچ پێویست ناکات لە پرۆسەی سیاسی بەشداری بکات. ئەمە پەیوەندی بەوە نییە کۆمەڵ پەیوەندی باشە یان خراپە لەگەڵ پارتی، بەڵکو لەڕووی ستراتیژییەوە بۆ ئایندەی ئەم وڵاتە باش نییە کۆمەڵ بەشداری پرۆسەی سیاسی بکات. گۆڕان دەسەڵاتیش بگرێتە دەست هیچ مەترسییەک لەسەر کوردستان دروست ناکات، بەڵام کۆمەڵ مەترسی دروست دەکات.

**ڕووداو: دیارە پارتی بە نیازە لەگەڵ گۆڕان ڕێکبکەوێت تاوەکوو کۆمەڵ قەدەغە بکەن؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** نا قەدەغەی ناکەین، دەکرێ پەیوەندییە شەخسی و کۆمەڵایەتییەکانمان لەگەڵ کۆمەڵ بەردەوام بێت، بەڵام لە ڕووی مەبدەئییەوە هیچ پێویست ناکات حیزبێکی چەند کورسیی وەکو کۆمەڵ لە پرۆسەی سیاسی بەشداری بکات.

> لە نێو پارتی دوو بۆچوون لەبارەی گۆڕان هەیە

> تا دوو سێ خولی دیکەش هەر بارزانییەک سەرۆکە

> کێشەی سیاسیی ئەم وڵاتە یەکێتییە نەک گۆڕان

> هەڵوێستی یەکێتی لە ئێران باش بوو

> یەکێتی وەکو حیزب ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێ

## پەرلەمانتارێکی هەدەپە ئازاد دەکرێ



**ڕووداو- هەولێر**

دوای شـەش مانگ لە دەستبەسـەرکردنی، بەسیمە کۆنجا پەرلەمانتاری فراکسیۆنی هەدەپە لە بازنەی ئێلیە بەمەرجی دادیی ئازادکرا. ڕۆژی شەممە 29-7-2017، بەفەرمانی دادوەری دادگای سزا قورسەکانی ئێلیە، بەسیمە کۆنجا پەرلەمانتاری فراکسیۆنی هەدەپە لە بازنەی ئێلیە بەمەرجی دادیی دوای شەش مانگ لە دەستبەسەرکردنی، ئازادکرا. بەسیمە کۆنجا بە تۆمەتەکانی "ئەندامبوون و بانگەشەکردن بۆ پەکەکە، هاندان و هەوڵدان بۆ بەرپاکردنی ڕق و کینە دژ بە دەوڵەت و حکومەتی تورکیا"، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی کەجەکە، ڕۆژی 2016/12/13 دەستبەسـەرکرا. ڕۆژی 2017/5/3 کۆنجا ئازادکرا، بەڵام بەهۆی تانەی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی کۆماری لە بڕیاری ئازادکردنییەوە، دووبارە لە ڕۆژی 2017/5/29 دەستبەسەرکرا و شەش مانگ زیندانیکردنی بەڕێکرد.

### لە ماوەی شەش مانگدا سێ هەڵبژاردن دەکرێ

# ئەنەکەسە بەشداری هەڵبژاردنەکانی ڕۆژئاوا ناکات

**دڵخواز بەملەوی**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەنجوومەنـی دامەزرێنەری سیسـتمی فیدراڵی، ڕۆژئاوای کوردسـتان لەجیاتی کانتۆن بۆ سێ هەرێم دابەش دەکات و بڕیار دەدات لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا سێ هەڵبژاردن بکرێن، بەڵام ڕژێمی سووریا دەڵێت بەهیچ شێوەیەک دان بە فیدراڵیەتی ڕۆژئاوادا نانێـن و ئـەو هەڵبژاردنانە بە "ناشـەرعی" دەزانن. چاودێرێکی سیاسـیش دەڵێت "ڕۆژئاوای کوردستان هەنگاو بۆ کۆنفیدراڵی دەنێ".

ڕۆژاڤـای کوردسـتان بەبڕیـاری ئەنجوومەنـی دامەزرێنـەری سیسـتەمی فیدراڵی بۆ سـەر هەرێم دابـەش دەبێت کە بریتین لە هەرێمەکانی: عەفرین، جەزیـرە و هەرێمی فـورات. هەروەها بڕیـار دەدات هەڵبژاردن لە هەرسێ هەرێمەکە بکرێ.

میدیـای سـەر بە پارتـی یەکێتیـی دیموکراتی "پەیـەدە" بڵاویکـردەوە ئەنجوومەنـی دامەزرێنەری سیستەمی فیدراڵی دیموکراسی بۆ باکووری سووریا بڕیـاری دا ڕۆژی 22ی ئەیلولی ئەمسـاڵ هەڵبژاردن بـۆ کۆمۆنـی گوندەکانـی نێو سیسـتەمی فیدراڵی دەکرێ. هەروەها بڕیاردرا ڕۆژی 3ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ هەڵبژاردن بۆ حکومەتە خۆجێییەکانی وەک "ئەنجوومەنی گوندەکان، شارەدێیەکان، شارۆچکەکان و ناوچەکان بکرێ. هەڵبژاردنی سێیەمیش دەکەوێتە 19ی کانوونی دووەمی سـاڵی 2018 کە هەڵبژاردنی هەرێمـەکان و کۆنگـرەی گەلانـی دیموکراسـی لە باکووری سووریایە.

نەسرەددین ئیبراهیم، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردی سووریا "ئەلپارتی" کە پارتەکەی ئەندامە لە هاوپەیمانی نیشتمانیی دیموکراسی نزیک لە پەیەدە، بە (ڕووداو)ی گـوت: "لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی دامەزراندنـی سیسـتەمی فیدراڵیـدا بـە زۆرینـەی دەنگ بڕیـار درا هەڵبژاردنەکانی کۆمۆن، حکومەتە خۆجێییەکان و پەرلەمان بکرێ".

نەسرەددین ئیبراهیم ئاماژەی بە بڕیارێکی دیکەی ئەنجوومەنەکە کرد و گوتی: "هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا بە دابەشـکردنی ڕۆژاڤا بۆ سەر سێ هەرێم کـە بریتین لـە هەرێمەکانـی جەزیـرە: ناوچەکانی حەسـەکە و قامشـلۆ. هەرێمی فـورات: ناوچەکانی کۆبانـێ و گرێسـپی. هەرێمی عەفریـن: ناوچەکانی عەفرین و شەهبا".




ئەنجوومەنی دامەزرێنەری سیستەمی فیدراڵی، ڕۆژئاوای کوردستان دەکاتە سێ هەرێمی فیدراڵی

سـەبارەت بـە بەشـداریکردنی عەرەبـی هاوردە لە ڕۆژئاوای کوردسـتان کە بـە عەرەبی مەغمووری ناسـراون، نەسـرەددین ئیبراهیـم گوتـی "عەرەبە نیشـتەجێکراوەکان یـان ئـەو کەسـانەی بەبڕیاری سیاسـی هاتوونەتـە هەرێمـی فیدراڵـی، مافـی بەشداریکردنیان نابێت لە هەڵبژاردنەکانی حکومەتە خۆجێییـەکان و هەرێمـەکان، تەنیـا بۆیـان هەیە بەشـداری لە هەڵبژاردنی کۆمۆنـی گوندەکان بکەن بـۆ ئـەوەی ئیـدارەی گوندەکانیان بکـەن کە لێی نیشتەجێن".

بـەڵام ڕژێمـی سـووریا دەڵێـت ئـەوان بەهیـچ شێوەیەک ڕازی نابن بە دابەشکردنی سووریا بە ناوی فیدراڵیەت، هەروەها هەڵبژاردنەکانیش بە ناشەرعی دەزانن.

عەبدولقـادر عـەزووز ڕاوێـژکاری سـەرۆکایەتی ئەنجوومەنـی وەزیـران لـە حکومەتـی سـووریا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "حکومەتی سـووریا پەیوەندی بـەم هەڵبژاردنانـەوە نییـە کـە وادەکـەی لەلایەن خۆسەرییەوە دیاریکراوە. بەپێی دەستووری سووریا یاسایی نییە، بەهیچ شـێوەیەک لەلایەن حکومەتی سووریاوە دانی پێدانانرێ، جگە لە حکومەتی سووریا کـە دەسـەڵاتی دەسـتووریی هەیە، هیـچ کەس و لایەنێک بۆی نییە یاسای نوێ دەربکات".

عەزووز هەروەها گوتی "ئەم ڕێکارانە، تاکلایەنانەیە و لەلایەن میلیشـیا کوردییەکانەوە بەڕێوەدەبردرێت کـە بە زەبری چەک خۆی بەسـەر ناوچەکە و گەلی کورد و پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکە لە حەسەکە و باکووری سووریا سەپاندووە".

سـەبارەت بە دابەشـکردنی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ سـێ هەرێمی فیدراڵی، عەزوز گوتی "ئەم جۆرە ڕێکارانـە کاتین. لەگـەڵ کۆتایی قەیرانی سـووریا ئەمانـەش کۆتاییـان دێـت، چونکە ئـەوکات کاری لەپێشـینەی حکومەتـی سـووریا بەرەنگاربوونەوە و لەناوبردنـی یەکجارەکیـی تیـرۆر دەبێـت، درێژە بەپرۆسەی سیاسی دەدات لە میانی کۆبوونەوەکانی جنێف بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سووریا و سازان لە نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن و دووبارە داڕشتنەوەی دەستوور و دەنگدان لەلایەن گەلەوە".

بەڵام چاودێرێکی سیاسیی ڕۆژئاوای کوردستان بە گرنگییەوە بـاس لەو هەڵبژاردنانە دەکات و پێیوایە ئەمـە هەنگاونانە بۆ کۆنفیدراڵی. حوسـێن عومەر، چاودێری سیاسیی کورد کە لە ئەڵمانیا دادەنیشێ، بـە (ڕووداو)ی گـوت: "دیاریکردنـی وادەی نێـوان سـەرجەم هەڵبژاردنەکان شـەش مانگ ناخایەنێت، ئەمـەش بەڵگەی ئەوەیە کـە ڕۆژئاڤا بەمتمانەیەکی زۆرەوە هەنـگاوی خێـرا بـەرەو کۆنفیدراڵی دەنێت و ژێرخانێکـی تۆکمەشـی دامەزرانـدووە، چونکـە فیدراڵیـزم بووەتـە ئەمری واقیع و بەکـردار، کەس بـۆی نییە ڕەتیبکاتەوە، بەپێچەوانـەوە ئامادەکاری هەیـە بـۆ دامەزراندنـی فیدراڵـی بـۆ سـەرجەم هەرێمەکانی سووریا و گەیاندنی نوێنەرانی خەڵک بۆ دەسـەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکاری لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە".

حوسێن عومەر لەو باوەڕەدایە سەرجەم لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن.

سـەبارەت بە دابەشـکردنی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ سـێ هەرێمـی فیدراڵی، حوسـێن عومەر گوتی "پێشـتر بۆ ئاسـان ڕاییکردنـی کارەکان، ناوچەکە بەکانتـۆن کرابـوو، ئەمجارەیـان بـەرەو قۆناغێکی باشـتر هەنـگاوی ناوە کـە بریتییە لـە فیدرالیزمی هەرێمەکان. بەمەش خزمەتێکی زۆر باشتر لە ڕووی خزمەتگوزاری، کارگێڕی، ئابووری و کۆمەڵایەتیشەوە پێشـکەش دەکرێـت. هەروەها ڕێگە خـۆش دەکات بـۆ دامەزراندنی فەرمانبەری زیاتر و دروسـتکردنی دامـەزراوە و فەرمانگەی زیاتر. شـەهبا و گرێسـپی دەبنە بەشـێک لەم فیدراڵیزمـە، بەمەش ڕۆژئاڤا لە دیجلەوە تاوەکو ڕۆژئاوای عەفرین سنوورەکانی درێژ دەکاتەوە و لەگەڵ باکوور و باشـووری کوردسـتان گرێ دەدرێت و هاوسـنوور دەبێت، لە داهاتوودا زۆر بەئاسانی ئەم سـنوورە دەستکردانە هەڵدەگیرێن و کۆتایی پێ دەهێنرێت".

#### ڕاوێژکارێکی حکومەتی سووریا:
#### ئەم هەڵبژاردنانە ناشەرعین

#### چاودێرێکی سیاسی:
#### ڕۆژئاڤا بەرەو کۆنفیدراڵی هەنگاو دەنێ

### ئەنەکەسە بایکۆتی دەکات

نوری بریمۆ، ئەندامـی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردسـتانی سووریا بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە وەکو پارتەکانی نێو ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سـووریا، بە هیچ شـێوەیەک بەشداری لەو هەڵبژاردنانـەدا ناکەین، چونکە ناشـەرعین، چونکە پەیەدە بە زەبری هێز خۆی لەسەر خەڵکی ڕۆژئاوای کوردسـتان فـەرز کـردووە و ئێسـتا دەیـەوێ بەو هەڵبژاردنە شەرعیەت بداتە ئەو خۆ فەرزکردنە".

بریمـۆ هەروەهـا دەڵێـت: "بـە هـەزاران کەس ئـاوارە بوون، عەفرین گەمارۆدراوە، چۆن هەڵبژاردن دەکـرێ، لە جزیرە ژمارەی عـەرەب زیادی کردووە، ئـەم هەڵبژاردنە چـۆن بەڕێوەدەچێ، کێ چاودێریی دەکات؟".

# ئێران جموجۆڵە ئەمنییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاد دەکات

**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

لایەنە ئەمنی و سەربازییەکانی ئێران ئەمساڵ ڕێوشـوێنە ئەمنی و سەربازییەکانیان، لە ترسی تێکچوونـی ئەمـن و ئاسـایش توند کـردووە، بەڵام شـارەزایانی ئەمنی ئەمە بە بیانوویەک بۆ گوشارهێنان بۆ سەر خەڵک دەزانن، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان و ناوچەی بەلوچستان لە باشووری ڕۆژهەڵات.

ڕۆژی 2017/6/7 لـە یەک کاتدا هێرش کرایە سـەر باڵەخانەی پەرلەمانی ئێـران و مەزارگەی ئیمام خومەینی، ڕێبەری پێشـووی شۆڕشـی ئیسلامیی ئێران. دواتر داعش بەرپرسیارێتی ئەو هێرشـانەی لە ئەستۆ گرت. شـارەزایانی ئەمنی دەڵێـن، ئەمـە بیانـووی بـە ئێـران دا تاوەکوو زۆر لـەو مەبەسـتانەی هەیبوو، لەژێـر نـاوی بەرەنگاربوونـەوەی داعش و ئەگەری تێکچوونی باری ئەمنی، جێبەجێی بکات.

ڕەنگە هیچ سـاڵێک هێندەی ئەمسـاڵ لایەنە ئەمنی و سەربازییەکانی ئێران هەواڵ و زانیارییان لەسـەر لەنێوبردنـی تیمـی داعـش یـان لایەنە دژبەرەکانی ئێران بڵاونەکردبێتەوە. ئەم هەواڵانە زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان و بەلوچسـتانی ئێرانـەوە بڵاودەکرێنـەوە، دوو ناوچەیـەک کـە زۆربەی دانیشتووانەکانیان سوننە مەزهەبن. جگە لـەوەش بزووتنەوەیەکی سیاسـی — چەکداریان هەیە کە هەوڵ بـۆ وەدیهاتنی مافەکانی کورد و بەلوچ دەدەن.

کۆماری ئیسلامی ئەم ناوچانە وەک ناوچەی مەترسـی دەبینێـت. لەکاتـی بانگەشـەکانی هەڵبژاردنـی سـەرۆککۆماریدا، سـەید عەلـی خامنەیـی، ڕێبـەری کۆمـاری ئیسـلامی بـە "هێڵـی لێکترازانـی بوومەلەرزە" نـاوی بردن. بۆیە کۆماری ئیسـلامی لەسـەر ئـەم ناوچانە هەستیاریی زۆری هەیە.

شـارەزایانی ئەمنی بڵاوکردنەوەی ئەو هەموو هەواڵە سەبارەت بە دۆزینەوەی حەشارگەی چەک و گرتن و لەنێوبردنی تیمەکانی سەر بە داعش یا لایەنی دیکە، بە "ناڕاست" دەزانن. سەرچاوەیەکی ئەمنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بـە (ڕووداو)ی گـوت: "بەپێـی زانیـاری و بەدواداچوونەکانمان زۆربـەی ئـەو هەواڵانـە ناڕاسـتن، هەنـدێ تێکهەڵچـوون، گیرانی تیـم و دۆزینەوەی چەک هەبـووە، بـەڵام کـەس خۆیانی لێ بـە خاوەن نەکـردووە. لەوانـە چەنـد تێکهەڵچوونێـک لـە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ پەکەکەدا ڕوویداوە".

بـە گوتەی ئەو سـەرچاوە ئەمنییە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سوپای پاسداران دەیەوێ گوشـار بخاتە سـەر پەکەکە بۆ ئەوەی هێزەکانی نزیک لە پەکەکە لە سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان بەرەو لای ئەمریکا نەکشێن.

پەیـەدە بە درێژکـراوەی پەکەکە لە ڕۆژئاوای کوردسـتان دادەنـرێ، پێشـتر لە ئێـران نزیک بـووە، بەڵام ئێسـتا خەریکە لـە ئەمریکا نزیک دەبێتەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسـەر حساباتی ئێران لە سووریا دەبێت کە دەیەوێ هیلالی شیعی لـە ناوچەکەدا دورسـت بـکات و لەڕێی عیراق و سـووریاوە نفوزی خـۆی تاوەکوو لوبنـان درێژ بکاتـەوە. ئەو سـەرچاوەیە دەڵێت: "بۆیە ئێران لـە ڕۆژهەڵات گوشـار دەخاتە سـەر پەکەکە بۆ ئەوەی پێش بەو ڕووداوە بگرێت. ئەمساڵ چەندین جـار تێکهەڵچـوون لەنێوان هێزەکانی سـوپای پاسـداران و پەکەکـەدا ڕوویانـدا. پەکەکە هیچ هەواڵێکی لە سەریان بڵاونەکردەوە، بەڵام لایەنە ئەمنـی و سـەربازییەکانی ئێـران وەک گرووپی تیرۆریستی و بەستراوە بە ئەمریکا ناوی بردن. لە تێکهەڵچوونەکاندا چەند کەس لەهەردوولا کوژراون و بریندار بوون".

بڵاوکردنەوەی ئەو بڕە زۆرە لە هەواڵی گرتن و کوشتن لەلایەن دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکانی ئێرانەوە، بەگوتەی شـارەزایانی ئەمنی مەبەست لێی شەڕێکی دەروونییە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی. ئێـران لەم ڕێگەیەوە نیشـانی دەدات کە توانای کۆنترۆڵکردنی هەر جۆرە جموجۆڵێکی هەیە.

دوای هێرشـەکانی تـاران ژمارەیەکـی زۆر هاووڵاتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان گیران کە بە زیاتر لە 100 کـەس مەزەندە دەکرێ و تۆمەتی ئەمانەش پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوی داعشە.

سـەرچاوەیەکی دیکەی ئەمنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان ڕەتیکردەوە کە هەموو ئەو کەسـانە پەیوەندییـان بە داعشـەوە هەبووبێـت، بەڵکوو بەشێکیان سەر بە لایەنە ئیسلامییە میانڕەوەکانن و بەجۆرێـک بیروباوەڕی نەتەوەییشـیان هەیە. بەڵام هەوڵی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داعش بووە بـە بیانوویەک بۆ گرتنی ئـەوان، چونکە داعش ناوێکی خراپی هەیە و کەس پشتگیریی ناکات. بڵاوکردنەوەی هەواڵی چالاکیی داعش لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گرتنی ئەندامەکانیان، بەگوتەی ئەو شـارەزا ئەمنییانە، هەوڵێک بووە بۆ ئەوەی خەڵک هاوکاریی ئەمنی پێشـکەش بە لایەنە ئەمنی و سەربازییەکانی ئێران بکەن.

ئەو سـەرچاوەیە دەڵێـت "حکومەتی ئێران ویسـتوویەتی ئـەو خەڵکـە ئاسـاییەی کـە سـیخوڕ نییـە و زانیـاری بـە دەزگا ئەمنی و سـەربازییەکانی ئێران نادات، لە ترسی داعش هاوکارییـان بـکات و هەواڵ و زانیاری لەسـەر جموجۆڵی هێزەکانی ڕۆژهەڵات بدات و کەشـی ئەمنی بەسـەر کۆمەڵگادا بسەپێنێ. سەرەتای پلانەکـە تا ڕادەیەک سـەرکەوتوو بـوو، بەڵام دواتـر کـە ڕەوتـی ڕووداوەکان ڕوون بوونەوە، پلانەکە فەشەلی هێنا".

ئەوان باس لەوە دەکەن کە ئێران بەشـێوەی ناڕاسـتەوخۆ کەسـانێکی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە بـۆ نێـو داعـش نـاردووە و لە شـەڕەکانی مووسـڵ و سـووریادا بەشـدارییان کـردووە، بەڵام کاتێـک کە گەڕاونەتـەوە تەنیا هەفتەیەک گیراون، ئامانج لە گیرانەکەشیان تەنیا وەرگرتنی زانیاری بووە لەسـەر داعش "تەنانەت سوننە مەزهەبی خەڵکی باکووری ئێرانیان تێدا بووە کە ئەمیر بووە و ئێستا ئازادە".

بەپێی یاسـا، لە ئێران هەر کەس بەشێوەی نایاسایی سنوور ببەزێنێت لانیکەم شەش مانگ بەند دەکرێ.

ئێران دەڵێ، لەودیوی سـنوورەکانیەوە هەوڵ بۆ پاراسـتنی ئەمن و ئاسایشی ناوخۆی دەدات و پلانـی ئەمنی لـە 40 کیلۆمەتـری دەرەوەی سـنووری خۆیەوە داناوە. ئێـران هاوکات کە لە عێـراق و سـووریادا شـەڕی داعـش دەکات، لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانیش ژمارەیەکی زۆر هێزی جێگیر کردووە.

سەرچاوە ئەمنییەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت: "بەشێک لەو هێزانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی چالاکیـی حیزبەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانە و بەشـێکی دیکـەی پەیوەندیی بە گشتپرسـی باشـووری کوردستانەوە هەیە. ئێران دەیەوێ وا بنوێنێ کە باشووری کوردستان توانای پاراستنی سـنوورەکانی نییە و لە باشوورەوە هێزی دژبەر بۆ ئێران دێن".

ئەوان دەڵێن بەشێکی زۆری ئەم چالاکییانەی ئێران بۆ دوای داعشـە. هەندێ لە چالاکییەکانی ئێـران بەبیانـووی بەرەنگاربوونـەوەی داعـش دژکـردەوەی وڵاتانی دیکەی بەدواوە نەبووە. بۆ نموونە تۆپبارانی خاکی پاکستان کە ئامانج لێی لەنێوبردنـی ڕێکخراوە بەلووچـەکان بوو، بەڵام کەس کاردانەوەی نەنواند. هەروەها چالاکییەکانی ئێران لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە هەمووی لەژێر ناوی شەڕ لەگەڵ داعشدا بەڕێوەدەچێ. بەگوتەی ئەوان، ئێران ترسـی لە داعش نییە، وەک چۆن پێشتر لەگەڵ قاعیدە سازاوە، ئێستاش دەتوانێ لەگەڵ داعش بسـازێ، بـەڵام دوای داعش ئیدی بیانوویـەک بۆ سـەرەڕۆییەکانی ئێـران نامێنێ و دەبـێ لایەنـی دیکە هەبێ کە پاسـاو بێ بۆ چالاکییەکانی ئێران.



سوپای پاسداران دەیەوێ گوشار بخاتە سەر پەکەکە بۆ ئەوەی پەیەدە لە ئەمریکا دوور بخاتەوە

#### سەرچاوەیەکی ئەمنی:
#### زۆربەی ئەو هەواڵانەی لەبارەی دەستگیرکردنی چەکدارانی داعش لە ئێران بڵاودەکرێنەوە ناڕاستن

## هەفتانە چوار گەشت لە نێوان شام و هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێن

# وەزیرێکی سووری سەردانی هەولێر دەکات


بشر یازجی، وەزیری گەشتوگوزاری سووریا

**دڵخواز بەملەوی**
**رووداو – هەولێر**

وەزیری گەشتوگوزاری حکومەتی سووریا رایگەیاند بەمنزیکانە سەردانی بەغدای پایتەختی عێراق دەکات و دواتریش سەردانی شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەکات.

ماوەیەک دوای قەیرانی ناوخۆی سووریا گەشتەکانی نێوان دیمەشق و هەولێر و سلێمانی راوەستان، بەڵام سەرەڕای بەردەوامیی قەیرانی سووریا، لە مانگی مایسی ئەمساڵ گەشتەکانی نێوان دیمەشق – هەولێر، دیمەشق – سلێمانی دەستیان پێکردەوە.

بشر یازجی، وەزیری گەشتوگوزاری سووریا لەبارەی گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان سووریا و عێراق و هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "گەشتی فڕۆکەوانی لە نێوان دیمەشق و بەغدا، هیچ کاتێک رانەگیراوە. هێڵەکانی ئاسمانیی ئەم دوو وڵاتە زۆر بەکارامەیی ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن، وێڕای قەیرانی سووری و عێراقی. دیمەشق گەشتی راستەوخۆی هەیە بۆ فڕۆکەخانەکانی بەغدا، بەسرە، نەجەف، کەربەلا، هەروەها گرووپی گەشتیاری و بازرگانیش لەسەر ئەم هێڵانە بەشێوەیەکی بەردەوام هاتوچۆ دەکەن".

ئێستا هەفتانە گەشتی راستەوخۆ لە نێوان هەولێر و شام، سلێمانی و شام هەیە. گەشتەکانی سلێمانی- شام کە هەفتانە دوو گەشتن لەلایەن کۆمپانیای (اجنحه الشام) رێکدەخرێن. ئەو کۆمپانیایە یەکەمین کۆمپانیای کەرتی تایبەتی فڕۆکەوانییە کە لە ساڵی 2007 دامەزراوە.

هەروەها گەشتەکانی نێوان هەولێر و شام لەلایەن کۆمپانیای فلای داماس ئەنجام دەدرێن. ئەو کۆمپانیایەش لە دوای (اجنحه الشام)، دووەم کۆمپانیای کەرتی تایبەتی بواری فڕۆکەوانییە لە سووریا کە لەساڵی 2015 دامەزراوە.

بە گوتەی بەرپرسانی ئەو دوو کۆمپانیایە، هەفتانە ژمارەیەکی زۆر خەڵک بەو دوو هێڵە گەشت دەکەن، بە تایبەتی وەبەرهێنەرانی سووریا لە هەولێر و سلێمانی.

یازجی سەبارەت بە گەشتە راستەوخۆکانی نێوان هەولێر و شام گوتی "کردنەوەی هێڵی راستەوخۆی دیمەشق لەگەڵ هەرێمی کوردستان، هەنگاو و قۆناخی یەکەمی پشتیوانیکردن و کاراکردنەوەی هەنگاوەکانی گەشتیارییە بۆ داهاتوویەکی نزیک".

بە قسەی ئەو وەزیرە سوورییە، کردنەوەی گەشتی راستەوخۆی نێوان هەرێمی کوردستان و سووریا زۆرتر بۆ مەبەستی گەشتیارییە، دواتر بازرگانی. بشر یازجی گوتی "گەشتوگوزار رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە نزیککردنەوەی کۆمەڵایەتی لە نێوان گەلان، هەروەها خەڵکی ئاشنای زیاتری کولتووری یەکدی دەبن و لە رووی بازرگانیشەوە رۆڵێکی کارای دەبێت و سوودی ئابووریشی هەیە".

وەزیری گەشتوگوزاری سووریا جەختی لەوە کردەوە کە "کردنەوەی هێڵی نوێی ئاسمانیی نێوان دیمەشق و عێراق بەتایبەتیش لەگەڵ هەرێمی کوردستان، کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر گەشتیاری و پتەوکردنی پەیوەندیی دراوسێیەتی و کاراکردنەوەی زیاتری هێڵەکانی فڕۆکەوانی لەنێوان دیمەشق و هەولێر و سلێمانی و بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراقیش لە داهاتوودا".

وەزیری گەشتوگوزاری سووریا ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بە کردنەوەی هێڵەکانی گەشتکردن، هاتوچۆی بازرگانان و پیاوانی خاوەنکار ئاسان دەبێت، بەتایبەتی بۆ پیاوانی خاوەنکاری سووری کە سەرقاڵی وەبەرهێنانن لە هەولێر و سلێمانی.

سەرەڕای قەیرانی ناوخۆی سووریا، بەڵام کەرتی گەشتیاری لەو وڵاتەدا بەرەو هەڵکشان دەچێ، بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی گەشتوگوزاری سووریا کە لە ماڵپەڕەکەیاندا بڵاوکراوەتەوە، ئەمساڵ 33 پرۆژەی وەبەرهێنان لە بواری گەشتیاریدا مۆڵەتیان وەرگرتووە، زۆربەی پرۆژەکانیش لە دیمەشق و لازقیە و تەرتووسن.

یازجی لەبارەی کەرتی گەشتوگوزار لە سووریا دەڵێت "کەرتی گەشتیاری گورزێکی گەورە و کەمەرشکێنی بەرکەوتووە بەهۆی دۆخی شەڕی ناوخۆی سووریا لە ماوەی شەش ساڵدا. وەک دەزانرێت، فاکتەری سەقامگیری زەمینەخۆشکەرە بۆ بەرەوپێشوەچوونی کەرتی گەشتیاری. پێشتر گەشتیاریی ناوخۆ زۆر کارا بوو. لە ماوەی ساڵانی 2015 تاوەکو 2017 کەرتی گەشتیاری بەڕێژەی 41% کەمی کردووە، بەگەڕانەوەی کۆچبەران کەرتی گەشتیاری ناوخۆ دووبارە دەبووژێتەوە و کارا دەبێتەوە، بەڵام نەگەڕانەوەیان کاریگەریی نەرێنی بەردەوامی دەبێ".

> ئەمساڵ 33 پرۆژەی وەبەرهێنان لە بواری گەشتیاریدا مۆڵەتیان وەرگرتووە، زۆربەی پرۆژەکانیش لە دیمەشق و لازقیە و تەرتووسن

وەزیرەکەی حکومەتی سووریا باسی هەوڵەکانیان دەکات بۆ بووژاندنەوەی ئەو کەرتە و دەڵێت: "پانێلێکی گەورەی تایبەت بە وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاری بە ئامادەبوونی 500 کەسایەتیی گرنگ و نێودەوڵەتی سازدەکرێ. هەروەها لە بەرنامەی حکومەتی سووریدایە 2000 پرۆژەی گەشتیاری نوێ دابمەزرێنێت. بانگهێشتی زۆربەی کۆمپانیا بەناوبانگەکانی فڕۆکەوانیی نێودەوڵەتی کردووە دەست بە گەشتەکانیان بۆ دیمەشق و کەناراوەکانی سووریا بکەنەوە".

یازجی ئاشکراشی کرد "بۆ پتەوکردنی بنەماکانی ئاڵوگۆڕی گەشتوگوزاری، سەردانی بەغدا دەکەم و دواتریش سەردانی هەولێر دەکەم".

# هەڵبژاردن نێو ماڵی شیعە پەرت دەکات

**ئەمرۆ محەممەد**
**رووداو – هەولێر**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە بڕیارە لە نیسانی داهاتوو بەڕێوەبچێ، نێو ماڵی شیعە زیاتر پەرت دەبێ و لەنێو پارتەکانیاندا جیابوونەوە و لێکترازان روودەدەن، ئەگەری لێکترازانی دیکەش بەڕێوەیە، دیارترین جیابوونەوەش ئەوەی عەممار حەکیم، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بوو کە هەفتەی رابردوو رەوتێکی نوێی بەناوی "رەوتی حیکمەی نیشتمانی" راگەیاند. ئێستاش جیابوونەوەی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و بەجیا بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنەکان بووەتە مژارێکی گەرم. سەرکردەیەکی دەوڵەتی یاسا دەڵێت ئەم دووە لیستی جیایان دەبێ بۆ هەڵبژاردن.

پارتەکەی عەبادی کە حیزبی دەعوەیە، لە مێژووی خۆیدا لە نێو پارتە شیعەکان زۆرترین جیابوونەوە و لێکترازانی بەخۆوە بینیوە. لە دوای رووخانی رژێمی پێشوو لە 2003ەوە، جگە لە ماوەیەکی کەم نەبێت کە ئەیاد عەللاوی سەرۆکوەزیران بوو، ئەگەرنا تاوەکو ئێستا پۆستی سەرۆکوەزیران هەر لەدەست حیزبی دەعوە بووە، سەرەتا ئیبراهیم جەعفەری و دوو خول نووری مالیکی و ئێستاش حەیدەر عەبادی.

> سەرکردەیەکی دەوڵەتی یاسا:
> عەبادی و مالیکی بە دوو لیستی جیا بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن

> سیاسەتوانێک:
> جیابوونەوەکان لەسەر پارە و پۆست و دەسەڵاتە

### لێکترازانەکانی دەعوە

حیزبی دەعوە لە ساڵی 1957 دامەزراوە، هەرچەندە سەبارەت بە مێژووی دامەزرانی حیزبی دەعوە بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام محەممەد باقر سەدر بە دامەزرێنەری هزری و رێکخستنی ئەو حیزبە دادەنرێت.

لە ساڵی 1981 لێکترازانێکی هزری و سیاسی گەورە لەنێو حیزبی دەعوە روویدا و بە دوورخستنەوەی محەممەد هادی ئەلسبیتی کۆتایی هات. لە ئەنجامی ئەو لێکترازانە باڵی دەرەوەی رێکخستنی گشتیی حیزب دەرکەوت کە سەرەتا باڵی بەسرەیان پێدەگوتن، دواتر "بزووتنەوەی دەعوەی ئیسلامی"یان دروستکرد کە عزەدین سەلیم، سەرۆکایەتی دەکرد تاوەکو کوژرانی لە ساڵی 2004 و دواتر بزووتنەوەکە بەرەو پووکانەوە چوو.

ساڵی 1984 لێکترازانی دووەم روویدا، ئەمەش بەهۆی بڕیاری کۆنگری حیزبی دەعوە لەبارەی لابردنی مادەی "ئەنجوومەنی فیقهی" لە پەیڕەوی ناوخۆی حیزب. کازم حائیری سەرۆکی ئەنجوومەنی فیقهی دەعوە، سەرۆکی ئەنجوومەنەکە و شێخ محەممەد مەهدی ئاسەفی گوتەبێژی ئەنجوومەن و شێخ محەممەد عەلی تسخیری، ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی دەعوە دیارترین کەسایەتییەکان بوون کە لە حیزبی دەعوە جیابوونەوە و "حیزبی دەعوە- ئەنجوومەنی فقهی"یان دروستکرد.

جیابوونەوەی سێیەم لە رووی ژمارەوە گەورەبوو، بەهۆی ناکۆکیی نێوخۆیی، ژمارەیەک سەرکردە بەناوی کۆنگرەی ئیمام حوسێن لە ساڵی 1999 جیابوونەوە. لە کۆنگرەی دامەزراندندا پارتێکی نوێیان دروستکرد بەناوی "حیزبی دەعوەی ئیسلامی- رێکخستنی عێراق" بە سەرۆکایەتی هاشم موسەوی..

چوارەم جیابوونەوە، بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری بوو، لە کۆنگرەی 2007ی حیزبی دەعوە، بەرامبەر نووری مالیکی دۆڕا، بۆیە دۆخەکەی قبوڵ نەکرد و لە حیزبی دەعوە جیابووەوە و لە ساڵی 2008 رەوتی چاکسازیی نیشتمانی دروستکرد. هەروەها لێکترازانی پێنجەم لەساڵی 2009دا لەنێو حیزبی دەعوە- رێکخستنی عێراق روویدا، ژمارەیەک کادیر جیابوونەوە بەسەرۆکایەتی عەبدولکەریم عنزی، حیزبی دەعوە-رێکخستنی ناوخۆ"یان دروستکرد.

### جیابوونەوەکانی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی

ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق (ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراقی پێشوو) پارتێکی سیاسیی شیعەکانە و لە ئێران، لە 17ی تشرینی دووەمی 1982 بە سەرۆکایەتی محەممەد باقر حەکیم دامەزراوە.

یەکێک لە دیارترین جیابوونەوەکانی نێو ئەو پارتە، جیابوونەوەی فەیلەقی بەدر، باڵی سەربازیی ئەو حیزبە بوو، لە دوای رووخانی رژێم لە کۆنگرەی ئەو حیزبەدا لە شاری نەجەف، محەممەد باقر حەکیم، بڕیاری گۆڕینی فەیلەقی بەدری بۆ رێکخراوێکی سڤیل دا، بەڵام دواتر ئەو باڵە سەربازییە وەک پارتێکی نوێ بە ناوی "رێکخراوی بەدر" بە سەرۆکایەتی هادی عامری خۆی راگەیاند.

هەر بەهۆی ناکۆکیی نێوخۆیی ئەنجوومەن. عەممار حەکیم، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە پارتەکەی جیابووەوە و ئێوارەی 2017/7/24 "رەوتی حیکمەی نیشتمانی" راگەیاند.

### رەوتی سەدر

رەوتی سەدر لەلایەن موقتەدا سەدرەوە رێبەرایەتی دەکرێت، بە یەکێک لە پڕ جەماوەرترین رەوتی شیعەکان دادەنرێ، لە دوای رووخانی رژێمی پێشوو لە ساڵی 2003 وە دەرکەوت. سوپای مەهدی سەر بەو رەوتە بوو، رەوتەکە زیاتر بە سوپای مەهدی ناسراوبوو کە لەدژی هێزەکانی ئەمریکا و حکومەتی عێراق لە ساڵی 2004 شەڕی کرد، دواتر ژمارەیەک لە سەرکردەکانی سوپای مەهدی جیابوونەوە، دیارترینیان قەیس خەزعەلی بوو کە لە ساڵی 2006 عەسائیب ئەهلی حەقی دامەزراند.

جیابوونەوەی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە حیزبی دەعوە و ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، هاوکات دامەزراندنی پارتێکی نوێ و بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بە لیستێکی نوێ بەناوی "تەحریر و بینا"، مژارێکی گەرمی میدیایی و نێوەندە سیاسییەکانە، بەڵام عەبادی هەنگاوی لەو شێوەیە رەتدەکاتەوە.

مەنسور بعێجی، سەرکردە لە حیزبی دەعوە و ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نووری مالیکی بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەگەری هەیە نوری مالیکی و حەیدەر عەبادی بە دوو لیستی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردن بکەن. بەگوتەی بعێجی "بەشداریی مالیکی و عەبادی بە دوو لیستی جیاواز لە هەڵبژاردن، دەکەوێتە سەر یاسای نوێی هەڵبژاردن، ئەگەر سیستەمی هەڵبژاردن سانت لیگۆ و بەرکەوتەی هەڵبژاردن 1.7 بێت، ئەوا حیزبی دەعوە و دەوڵەتی یاسا بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام ئەگەر کەمتر لەو رێژەیە بێت، بۆ نموونە 1.6 یاخود 1.5 بێت، ئەوا بۆ هەڵبژاردنەکان و بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی پەرلەمانی و دەنگەکان، بە دوو لیستی جیاواز بەشداری دەکەن".



لەبارەی جیابوونەوە و لێکترازانەکانی نێو پارتە شیعەکان، ئەو سەرکردەیەی دەوڵەتی یاسا دەڵێت: "سەرجەم ئەو پارتانەی لە دەسەڵاتن، شکستیان هێناوە و نەیانتوانیوە هیچ پێشکەش بە گەلی عێراق بکەن، بۆیە ئێستا خەڵکانێک هەن دەیانەوێت خۆیان بەشێوەیەکی دیکە پیشان بدەن و خۆیان لەو شکستە دەرباز بکەن، هەموو خراپییەکان بە کەسان و سەرکردە کۆنەکانی حیزبەکەیاندا بدەن و خۆیان وەک کەسی نموونەیی و گۆڕانخواز نمایش بکەن، بۆیە لە پارتەکانیان دەچنە دەرەوە، هەروەها گومانی نییە فاکتەری دەرەکی هەیە و ناوچە رۆڵی خۆی لەو جیابوونەوانەدا دەبینێ".

دکتۆر مەحمود عوسمان، سیاسەتمەداری کورد و ئەندامی دوو خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق کە دۆستایەتی لەگەڵ زۆربەی سەرکردە شیعەکان هەیە، لەبارەی ئەو لێکترازانەی لە نێو ماڵی شیعەدا روودەدەن، دەڵێت "ئێستا لە هەڵبژاردن نزیک دەبینەوە، هەر لایەنێک هەوڵ دەدات بە هەر شێوەیەک بێت دەنگ کۆبکاتەوە، بۆیە کوتلە، حزب و لیست بۆ خۆیان دروست دەکەن"

د.مەحمود عوسمان کە هاوکات ئەندامی ئەنجوومەنی حوکم بوو لە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی 2003، دەڵێت "ئەوەی لە عێراق روودەدات، هیچ پەیوەندیی بە چاکسازی و گۆڕانکاری و خوێنی نوێ و هێنانە پێشەوەی گەنجانەوە نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی، هەژموون، پارە، پۆست و دەسەڵاتە".

ئەو دەستی دەرەکی بە یەکێک لە هۆکارەکانی لێکترازان دەزانێ و عەممار حەکیم بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت: "دەستی ئێرانیشی تێدایە، چونکە پێش راگەیاندنی ئەو رەوتە، حەکیم سەردانی ئێرانی کرد و لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئێران کۆبووەوە".

## عێراق و ئێران لەسەر نەوتی کەرکووک ڕێکدەکەون



**رووداو-هەولێر**

عێراق و ئێران بۆ هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لەسەر دروستکردنی لیژنەیەکی هاوبەش ڕێکدەکەون و لەبارەی وەبەرهێنانی هاوبەشیش لە کێڵگەی نەوتی نەفتخانە گەیشتوونە ڕێککەوتنی سەرەتایی. بەپێی ڕاگەیێندراوێکی وەزارەتی نەوتی عێراق، جەبار لعێبی، وەزیری نەوتی عێراق ڕاگەیاند، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر دروستکردنی لیژنەی هاوبەش ڕێککەوتوون، بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی هەناردەکردنی نەوت خاوی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک بۆ پاڵاوگەکانی ئێران، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو تۆڕە بۆرییەی بۆ ئەم مەبەستە دروستدەکرێت. وەزیری نەوتی عێراق ، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد، ڕێککەوتنی سەرەتایی کراوە، بۆ وەرهێنان و پەرەپێدانی هاوبەش لە کێڵگە نەوتییەکانی نەفتخانە لە دیالە و سندیباد لە بەسرە.

### بۆ مووسڵ هەناردە دەکرێ

# نرخی جۆ لە کوردستان بەرز دەبێتەوە



**بازرگانێک: باران ببارێت نرخی یەک تۆن جۆ دەبێتە 500 هەزار دینار**

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەهۆی کەمیی بەرهەم و هەناردەکردنی بۆ مووسڵ و شارەکانی دیکەی عێراق، نرخی جۆ و کا لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە، ئەمەش نیگەرانی لای ئاژەڵداران دروستکردووە و داوا لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەن سنوورێک بۆ بەرزبوونەوەی نرخی ئالیک دانێن.

شوان مەولود، ئاژەڵدارێکی گوندی قەریەتاخی سەر بەناحیەی پیرداودی شاری هەولێرە، خاوەنی 250 سەر مەڕ و بزنە، ئەو ئاژەڵدارە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی کا و جۆ تاوەکوو ئێستا نەیتوانیوە ئالیکی پێویست بۆ وەرزی زستان بکڕێ. ئەو دەڵێت "ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ سنوورێک بۆ بەرزبوونەوەی نرخی ئالیک دانەنێت و پاڵپشتیمان نەکات، ناچارم ئاژەڵەکانم هەرزانفرۆش بکەم و واز لە ئاژەڵداری بهێنم".

شوان مەولود هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی ئالیکی ئاژەڵ بۆ ڕزگارکردنی مووسڵ لە دەستی داعش دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "بەهۆی هەناردەکردنی جۆ بۆ مووسڵ و کا بۆ بەغدا، نرخی تۆنێک جۆ بەراورد بە نرخی کاتی دروێنە، نزیکەی 140 هەزار دینار بەرزبووەتەوە، نرخی جووتێک فەردە کاش بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو سێ هەزار دینار بەرزبووەتەوە".

بەهۆی کەمبوونەوەی گژ و گیا و هاتنی سەرماوسۆڵە و باران، ئاژەڵدارانی هەرێمی کوردستان ناچارن لە مانگی تشرینی یەکەم تاوەکوو شوبات ئالیک بدەنە ئاژەڵەکانیان. پێشتر لە چوارچێوەی پرۆژەی پاڵپشتی لە سامانی ئاژەڵ، وەزارەتی کشتوکاڵ بەپێدانی بڕێک جۆ هاوکاریی ئاژەڵدارانی دەکرد، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی ماوەی سێ ساڵە ئەو هاوکارییە نەماوە.

شوان مەولود دەڵێت "بەخێوکردنی ئاژەڵ لەگەڵ خوێنم تێکەڵ بووە، ناتوانم دەستبەرداری ئەو پیشەیە بم ، ئەگەرنا بەهۆی گرانیی نرخی ئالیک و ئاژەڵی هاوردە، بەخێوکردنی ئاژەڵ سوودی نەماوە".

ئاژەڵەکانی شوان لە وەرزی زستاندا پێویستیان بە 30 تۆن جۆیە، ئێستا نرخی تۆنێک جۆ لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان 435 هەزار دینارە، کەواتە ئەم جووتیارە جگە لە کا، دەبێت بایی 13 ملیۆن دینار تەنیا جۆ بکرێت. شوان مەولود دەڵێت "ئەگەر نرخی جۆ دانەبەزێت ناتوانم ئالیکی پێویست بۆ ئاژەڵەکانم بکڕم".

بازاڕی فرۆشتنی دانەوێڵە دەکەوێتە سەر ڕێگای مووسڵ لە ڕۆژئاوای شاری هەولێر، نزیکەی 60 نووسینگەی کڕین و فرۆشتن لەو بازاڕەدا هەن، بازاڕەکە وەک بۆرسەیەک وایە بۆ دانانی نرخ و بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی نرخی جۆ و گەنم و دانەوێڵەکانی دیکە.

غازی عەزیز، خاوەنی نووسینگەی بەڕانەتی بۆ فرۆشتنی گەنم وجۆ و عەلەف لە بازاڕی دانەوێڵەی شاری هەولێر، دەڵێت: "هەرچەندە ئەمساڵ بەهۆی کەمیی بارانەوە، بەرهەمی جۆ بە تایبەتی لە هەولێر کەمبوو، بەڵام تاوەکوو ئێستا زیاتر لە 200 تۆن جۆم لە جووتیارانی قەراج و کەندێناوە و شەمامک و هەندێ ناوچەی دیکە کڕیوەتەوە و بە ئاژەڵداران و بازرگانانم فرۆشتووە".

بە گوتەی غازی، نرخی یەک تۆن جۆ لە کاتی دروێنەدا بە 290 — 300 هەزار دینار بوو، بەڵام ئێستا بەشێک لە جۆی کوردستان دەچێتە مووسڵ و کەرکووک و هەندێک شاری دیکەی عێراق، هەروەها لە نێوخۆشدا خواستی زۆری لەسەرە، بۆیە نرخی یەک تۆن جۆ بە

**وەزارەتی کشتوکاڵ: بۆ هاوسەنگکردنی نرخ ڕێگە بە هاوردەکردنی جۆ دەدەین**

گوێرەی کوالێتییەکەی بۆ 420 تاوەکوو 435 هەزار دینار بەرزبووەتەوە. واتە نرخی تۆنێک جۆ بە ڕێژەی 30% بەرزبووەتەوە.

غازی عەزیز هۆکارێکی دیکەی بەرزبوونەوەی نرخی جۆی بۆ بازرگان و دەلاڵەکانی مووسڵ گەڕاندەوە و گوتی "پێشتر بازرگان و دەلاڵەکانی مووسڵ کە کاری کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ دەکەن، لێرە کاریان دەکرد، ئێستا زۆربەیان گەڕاونەتەوە مووسڵ، لەوێش چەند ساڵە بەهۆی شەڕەوە دانەوێڵە نەچێندراوە، بۆیە ئەوان بۆ بەخێوکردن و ڕاگرتنی ئاژەڵەکانیان پشت بە هەرێمی کوردستان دەبەستن، ڕۆژانە نزیکەی 500 تۆن جۆ لە بازاڕی هەولێر دەکڕن و دەیبەن بۆ مووسڵ".

غازی پێشبینی کرد نرخی جۆ لەوەی ئێستاش بەرزتر ببێتەوە و دەڵێت "بەرهەم کەمە و خواست زۆرە، بۆیە دڵنیام تەنیا بارانێک بباریێت نرخی تۆنێک جۆ دەگاتە 500 هەزار دینار".

ئەمساڵ حکومەتی عێراق تۆنێک جۆی بە 420 هەزار دینار لە جووتیارانی شارەکانی عێراق کڕییەوە، بەڵام جووتیارانی کوردستان لە وەرزی دروێنەدا یەک تۆن جۆیان بە 100 تاوەکوو 120 هەزار هەرزانتر لە نرخی سایلۆ بە بازرگانانی عەرەب و ناوخۆ فرۆشتەوە، چونکە جگە لەوەی ترسیان هەبوو پارەی سایلۆ دوابکەوێ، بەهۆی قەیرانی دارایی ئەمساڵیش حکومەت هیچ بودجەیەکی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ دابین نەکرد، بۆ ئەوەی جۆی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بکڕێتەوە و بە نرخی پاڵپشت بەسەر ئاژەڵدارانداا دابەشی بکات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە چوار ساڵی ڕابردوودا بەرهەمی جۆ لە هەرێمی کوردستان جۆرێک لە زیادبوونی پێوە دیارە و لە 145 هەزار تۆنەوە بۆ 209 هەزار تۆن زیادی کردووە، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی کەمیی باران، بڕشتی جۆ باش نەبووە و پێشبینی دەکرێت بەرهەم نزیکەی 150 هەزار تۆن بووبێت، ئەم بڕەش لەگەڵ پێویستیی هەرێمی کوردستان یەکناگرێتەوە کە پێویستی بە نزیکەی 600 هەزار تۆن جۆیە، بۆیە ساڵانی پێشتر بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکان، وەزارەتی کشتوکاڵ ڕێگەی بەهاوردەکردنی جۆ بەشێوەی هاڕاو دەدا.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت ناتوانن بە نرخی پاڵپشت جۆ لە جووتیاران بکڕنەوە، ناشتوانن ڕێگەیان لێبگرن کە بەرهەمەکانیان بە بازرگانانی عەرەب نەفرۆشن، بەڵام بۆ هاوسەنگکردنی نرخ بەنیازن ڕێگە بە هاوردەکردنی بڕێک جۆ بدەن، تاوەکوو ئاژەڵداران بتوانن بەنرخێکی گونجاو جۆیان لە بازاڕەکان دەستبکەوێت.



ئاژەڵدارانی کوردستان ساڵانە پێویستیان بە 600 هەزار تۆن جۆیە بۆ ئاژەڵەکانیان

**بەرهەمی جۆ لەهەرێمی کوردستان لە 4 ساڵی ڕابردوودا**

| جۆر | پارێزگا | یەکە | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆ | هەولێر | تۆن | 71.688 | 105.000 | 84.643 | 86.500 |
| | سلێمانی | تۆن | 39.057 | 51.708 | 96.890 | 92.080 |
| | دهۆک | تۆن | 26.682 | 12.929 | 9.235 | 12.600 |
| | گەرمیان | تۆن | 7.777 | 25.000 | 13.990 | 18.500 |
| | هەرێم | تۆن | 145.204 | 194.637 | 204.758 | 209.680 |

# بازرگانێک هەشت جۆر مەڕی نایاب دەهێنێتە کوردستان

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بازرگانێکی هاوردەکردنی ئاژەڵ و باڵندەی جوانی دەڵێت لە هەرێمی کوردستان خواستێکی باش لەسەر مەڕی جوانی هەیە، بۆیە بە سەتان مەڕی لە هەشت جۆری نایاب هاوردەی هەرێمی کوردستان کردووە.

ئەو مەڕانەی تاوەکوو ئێستا بازرگانان هاوردەیان کردوون و لێرە خواستیان لەسەرە بریتین لە مەڕی (Blacknose) ی سویسری، (Suffolk)ی فەرەنسی، (Marino)ی ئوسترالی، (Noordhollander schaap) ی هۆڵەندی، (Cameroon sheep) مەڕی کامیرۆنی و چەند جۆرێکی دیکە. بەشێک لەو مەڕانەی هاوردە کراون لە هەرە بەناوبەنگ و ناسراوەکانی جیهانن بەتایبەت لەسەر ئاستی ئەوروپا، لەوانە مەڕی (Blacknose)ی سویسری کە یەکێکە لە جوانترین مەڕەکانی جیهان.

مەڕی (suffolk) کە لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی بە یەکێک لە ناسراوترین مەڕەکان دادەنرێ، زێدی ڕەسەنی ئەم مەڕە بەریتانیایە، بەڵام زیاتر لە فەرەنسا گرنگی پێدراوە، تایبەتمەندیی ئەم مەڕە لەوەدایە توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ هەموو کەشوهەوایەک هەیە، لە وەچەخستنەوەدا بەهێزە، گەشەی خێرایە، شیرێکی باشی هەیە، شێوەکەی زۆر جوانە.

شیروان محەمەدئەمین، خاوەنی کۆمپانیایەکی هاوردەکردنی ئاژەڵ و باڵندەی جوانی کە لە هۆڵەندا نیشتەجێیە، دەڵێت "لە کوردستان و عێراق خواستێکی زۆر لەسەر مەڕی جوانی هەیە، بۆیە هەندێجار لەسەر خواست و هەندێجاریش بۆ خۆم مەڕی جۆراوجۆری جوانی هەڵدەبژێرم و دەینێرمەوە بۆ کوردستان".

شیروان چەند شەریکێکی لە کوردستان هەیە، بۆیە بەر لەوەی ئاژەڵەکان بنێرێ، وێنە و زانیاری لەسەریان بۆ هاوبەشەکانی دەنێرێ، ئەو دەڵێت "تاوەکوو ئێستا زیاتر لە هەشت جۆر مەڕم ناردووە، بەڵام زیاتر خواست لەسەر مەڕی moufflonی ی کێوی، مەڕی کامیرۆنی و Suffolkی فەرەنسی هەیە".

بنەماڵەی شیروان پێشتر ئاژەڵدار بوون، خۆشی بەر لەوەی بچێتە ئەوروپا، ئاژەڵی هەبووە، بۆیە شارەزاییەکی باشی لە ئاژەڵدا هەیە، ئەو دەڵێت "بێجگە لەلایەنە بازرگانییەکەی، ئامانجم لە هەناردەکردنی ئەم مەڕانە ئەوەیە حەز دەکەم لە هەرێمی کوردستانیش وەک وڵاتان مەڕی جۆراوجۆر و ڕەسەن و نایاب هەبێت، تاوەکو لەداهاتوودا ئاژەڵداران سوودمەندبن لە لایەنە ئابوورییەکەی".

شیروان محەممەد گوتی: "پێشتر کە باری ئابووریی خەڵک باش بوو، ئەو مەڕانەی دەمنارد زۆربەی لە کوردستان بەخێودەکران، بەڵام ئێستا 90%ی کڕیارەکانمان بازرگان و دەوڵەمەندەکانی شارەکانی عێراق و ئێرانن، مەڕەکان کەمتر لەکوردستان دەمێننەوە".

جۆرێکی دیکە لەو مەڕانەی هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە مەڕی کامیرۆنییە کە بەقەبارە بچووکە و ڕەنگی قاوەییە و بن سک و قاچەکانی ڕەشە. مەڕەکە زیاتر بۆ جوانی و گۆشت بەخێو دەکرێ.

ئیبراهیم حەداد، ئاژەڵدارێکی پێشکەوتووی شاری هەولێرە، 20 مەڕی کامیرۆنی لە کێڵگەکەیدا هەیە، دەڵێت "ئەم مەڕانە هەرچەندە نرخەکانیان گرانە، بەڵام بەهۆی جوانییەکەیان لێرە خواستێکی زۆریان لەسەرە".

بەگوتەی ئیبراهیم حەداد، پێشتر مەڕی کامیرۆنی هاوردە کراون، بەڵام زۆربەیان دووڕەگ بوون، ئەو دەڵێت "ئەوانەی من یەکەمجارە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن و لە جۆرە نایەبەکانن و دووڕەگ نین، بۆیە نرخیان کەمێک گرانترە لە بازاڕ، جووتێک لەو مەڕە بە 1500 دۆلارە".

لە کێڵگەکەی ئیبراهیم چوار مەڕی Blacknoseی سویسریش هەن، کە بە یەکێک لە جوانترین مەڕەکانی جیهان ناسراون. ئیبراهیم حەداد دەڵێت "پێشتر لە کوردستان تەنیا مەڕی سعودی و ئەفغانی و هەندێ جۆری دیکە هەبوون، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو خواستەی لەسەر مەڕی جوانی هەیە، بازرگانان چەندین جۆری مەڕی ئەوروپییان هاوردە کردووە".

لە عێراقدا سێ جۆر مەڕی ناسراو هەن کە بریتین لە (عەواسی، عەرابی و کوردی)، یەکەمیان 60%ی مەڕی عێراق پێکدێنێ و لە ناوەڕاستی عێراق بەخێودەکرێ، دووەم و سێیەمیشیان هەریەکەیان نزیکەی 20%ی مەڕی عێراق پێکدەهێنن. مەڕی عەرابی لە خوارووی عێراق، مەڕی کوردیش لە پارێزگاکانی باشووری کوردستان بەخێودەکرێ.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 3 ملیۆن و 112 هەزار و 867 سەر مەڕ لە هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام هەموویان مەڕی کوردی نین.

د.یوسف بەرزنجی کە ماستەر و دکتۆراکەی لەسەر تایبەتمەندییەکانی مەڕی کوردییە، دەڵێت "هاوردەکردنی ئەم مەڕانە ئەگەر بەیاسایی بهێنرێت و بەشێوەیەکی زانستیانە کەرەنتین بکرێن و پشکنینیان بۆ بکرێت و نەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، ئاساییە، چونکە دەبنە هۆی زیادبوونی جۆری دیکەی مەڕ لە هەرێمی کوردستان و دروستبوونی جوڵەیەکی بازرگانی و وەڵامدانەوەی ئەو خواستەی لەسەر مەڕی جوانی هەیە".

هەرێمی کوردستان خاوەنی چەند جۆرێک مەڕی نایابە، ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیانە لەگەڵ ئەم مەڕانە لێکبدرێن، دەبێتە هۆی دروستبوونی توخمێکی تازە کە هەڵگری تایبەتمەندییە باشەکانی هەردوو جۆری مەڕەکە دەبێت.

دکتۆر مامەند محەممەد، بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری هەولێر، دەڵێت "بۆ ڕێگەدان بەهاوردەکردنی ئەم مەڕانە دەبێت سەرەتا شوێنی هاوردەکردنیان دیاربێت، ئەو وڵاتەی لێوەی هاوردەکراوە نەخۆشیی تێدا نەبێت، کارتی تەندروستی و مۆڵەتی کەرەنتینی ئەو وڵاتەیان لەگەڵ بێت، دوای گەیشتنیشیان 21 ڕۆژ لەشوێنی تایبەت لەژێر چاودێری دەیانهێڵینەوە و هەندێ کوتانیان بۆ دەکەین کە نەکرابێت، ئەگەر هیچ کێشەیان نەبوو، ئینجا مۆڵەت بە فرۆشتنیان دەدەین".

**مەڕی هەرکی و دزەیی لەنێوچوون**

بەپێی ڕووپێوییەک کە لە ساڵی 2011 کراوە، حەوت ملیۆن و 722 هەزار و 372 مەڕ لە عێراق هەبووە کە 20%یان مەڕی کوردی بوون. پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.یوسف بەرزنجی، سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵ لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت "مەڕی کوردی کە لەعێراق ناوەکەی تەعریب کراوە و بەکەڕادی ناودەبرێت، هەموویان بەیەک جۆر دانراون، بەڵام لە بنەڕەتدا پێنج جۆرن: (کوردی، جافی، حەمدانی، دزەیی و هەرکی)، هەریەکەشیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی د.یوسف بەرزنجی، هەردوو جۆر مەڕی (دزەیی و هەرکی) لەنێوچوون، بەڵام جۆرەکانی (کوردی، حەمدانی و جافی) بەڕێژەی جیاواز ماون.



سێ ملیۆن و 112 هەزار و 867 سەر مەڕ لە هەرێمی کوردستان هەن

**ژمارەی مەڕ لەسەر ئاستی پارێزگاکانی کوردستان**

| پارێزگا | مەڕ |
|---|---|
| هەولێر | 793.000 |
| سلێمانی | 1.054.412 |
| دهۆک | 776.323 |
| گەرمیان | 489.141 |
| کۆی گشتی | 3.112.867 |



## بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لەلایەن کەرتی تایبەتەوە کێشەی کارەبای قورستر کردووە

## کوردستان.. خەونی کارەبای بەردەوام

# کارەبا لە کەرتێکی خزمەتگوزارییەوە بۆ کەرتێکی ئابووری



سیروان محەممەد

**بەشی دووەم**

لە کۆتایی بەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا، ئاماژەمان بۆ ئەسڵی کێشەی کارەبا کرد کە وەک هەر کاڵا و خزمەتگوزارییەکی دیکە، بریتییە لە گەورەبوون و بەرفراوانبوونی (گاپ)، بۆشایی نێوان خواست و خستنەڕووی کارەبا، ئەوەش واتە بۆشایی نێوان بڕی بەرهەمهێنانی کارەبا و بڕی بەکارهێنانی کارەبا کە بەپێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم، ساڵانە خواست لەسەر کارەبا زیاد دەکات و کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانیش کەمتر دەبێتەوە.

ئەگەر حکومەت لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی عەقڵانی پلانی بۆ شێوازی بەکارهێنانی کارەبا دابنایە، خواستی بەکارهێنانی بەو شێوەیەی ئێستا بەرز نەدەبووەوە. پێویست بوو، وەک چۆن بەرنامەڕێژی کرا بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەڕێی مۆڵەتدان بە کەرتی تایبەت بۆ دامەزراندنی وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، هاوشانی ئەوە پلان بۆ چۆنیەتی کەمکرنەوەی بەکارهێنانی کارەبا و بەفیڕۆدانیشی دانرابا کە بەداخەوە تاوەکوو

## هەر هاوبەشێکی ماڵان لە کوردستان ساڵانە نزیکەی 11 هەزار کیلۆوات/ سەعات کارەبا بەکاردێنێ

ئێستاش، دوای ئەو قەیرانە گەورەیەی کارەبا، نییەتی.

### چۆن بەکارهێنانی کارەبا کەم بکەینەوە؟

ئەمە پرسیارێکی زۆر جەوهەری و گرنگە، دەبووایە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی باڵای ئابووری، وەزارەتەکانی دارایی و کارەبا، چەندین کۆنفرانس و کۆبوونەوە و دیداریان بۆ چۆنیەتی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا و بەفیڕۆنەدانی بکردایە. دەبوو پلانی پێنج ساڵە و 10 ساڵە دابنرایە، بۆ ئەوەی ساڵانە بە ڕێژەیەک ئاستی بەکارهێنانی کارەبا کەم بکرێتەوە.

پێویست بوو، ئاستێک دابنرێ بۆ ئەوەی پێی بگات، بۆ نموونە ساڵانە بتوانرێت بە ڕێژەی 1% بۆ 5% ئاستی بەکارهێنانی کارەبا کەم بکرێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستە دەبوو چی بکرێت:

– کارکردن بۆ گۆڕینی سیستەمی دروستکردنی خانوو و بیناکان بە دیوار و بنمیچی دابڕی گەرمی کە هەر خانوویەک دیواری دابڕی هەبێت (30%) وزەی کەمتر دەوێت.

– دانانی پڕۆگرامی پەروەردەیی لە پڕۆگرامی خوێندندا، لەسەر گرنگیی وزە و چۆنیەتی بەفیڕۆنەدانی وزە بەگشتی و کارەبا بەتایبەتی.

– کارەبا، نەکرێتە جێگرەوەی نەوت و غاز بۆ گەرمکردن لە وەرزی زستاندا.

– گۆڕانکاری لە دیزاینی خانوو و باڵەخانەکان کە سوود وەربگیرێت لە وزەی خۆر، بۆ ڕووناککرنەوەی ژوورەکان لە ڕۆژدا، ئەوەش بە دروستکرنی پەنجەرەی گەورە.

– ڕەنگکردنی دیوی دەرەوەی خانوو و باڵەخانەکان بە ڕەنگی کاڵ و سپی، بۆ ئەوەی لە هاویندا تیشک بداتەوە و کەمتر گەرم بێت، بەوپێیەی ڕەنگی ڕەش گەرمی هەڵدەمژێ.

– هاندانی خەڵک بۆ سوودوەرگرتن لە وزەی خۆر بۆ ئاوگەرمکردن بە دانانی (سۆلار بۆیلەر) کە ئێستا نرخەکەی زۆر گونجاوە و هیچ کارەبای پێویست نییە بۆ ئاوگەرمکردن.

– دانانی (سێنسەر) هەستەوەر بۆ کوژاندنەوە و هەڵبوونی گڵۆپ لە دەرەوەی ماڵ و لە ڕاڕەوەکان.

چەندین سیستەم و شێوازی دیکەش هەیە کە دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا و بەفیڕۆچوونی کارەبا.

### ژینگەی کوردستان و کاریگەریی لەسەر خواستی کارەبا

ژینگەی کوردستان بەهۆی ئەوەی لە وەرزی هاویندا پلەکانی گەرما زۆر بەرز دەبێتەوە و لە وەرزی زستانیشدا زۆر سارد دەبێ، هەندێکجار و لە هەندێک شوێن بۆ ژێر سفری سەدی دادەبەزێت، ئەوەش وادەکات لەو دوو وەرزەدا خواست لەسەر کارەبا بگاتە لووتکە و دوو هێندەی وەرزەکانی دیکە زیاد بکات.

بۆ نموونە لە پارێزگای سلێمانی، ساڵی 2015 لە وەرزی بەهاردا بە نزیکەی 550 مێگاوات کارەبا، توانرا کارەبای سلێمانی بە تەواوی و 24 کاژێر هەبێت، بەڵام لە وەرزی زستاندا بەو 550 مێگاواتە تەنیا توانرا 13 کاژێر کارەبا دابین بکرێت.

ئەو جیاوازییەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئامێرەکانی گەرمکەرەوە بە ڕێژەی (50%) خواست لەسەر کارەبا زیاد دەکەن، گرانیی نرخی نەوتی سپی و دابەشنەکردنی، ئەو ڕێژەیە زیاتریش دەکات.

بۆ چارەسەری ئەوە، پێویستە حکومەت پلانی هەبێت و بەدیلی کارەبا بدۆزێتەوە بۆ گەرمکردنەوەی ماڵان و ئاو گەرمکردن و پێشتریش زیانە ئابوورییەکانیمان ڕوونکردەوە.

### بلۆک دوژمنە سەرسەختەکەی کارەبا..

جگە لەوەی دیزاین و شێوەی دروستکردنی خانوو و باڵەخانە لە کوردستان پێویستی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی هەیە، ئەو کەرەستانەشی خانوویان پێ دروست دەکرێت پارێزەری وزە نین. دەبێ کەرەستەی نوێ بەکاربهێنرێ کە زۆر دابڕی سەرما و گەرمایە، دەبێ ڕێگری لە بەکارهێنانی بلۆک بکرێت کە دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانێکی لەڕادەبەدەری وزە بەگشتی، بەوپێیەی بلۆک کەرەستەیەکی دابڕ (عازل)ی ساردی و گەرمی نییە. بەپێی توێژینەوەکان، خانوویەک کە دیوارەکانی دابڕی گەرمی و ساردی بێت 30%ی وزەی کەمتر دەوێت، واتە ئەگەر ساڵانە بایی 500 هەزار دینار وزەی پێویست بێت، بەدیواری عازل 150 هەزار دینار خەرجی وزەی کەمتر دەبێت. بۆیە ئەگەر بۆ بینا کۆنەکان کە دروستکراون هیچ ناکرێت، پێویستە بۆ داهاتوو مۆڵەت بە دروستکردنی بینا نەدرێت کە دیوار و بنمیچەکانی دابڕ نەبێت.

عەرەبستانی سعودیە کە ڕۆژانە زیاتر لە 10 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێ، ساڵی 2014 بڕیاریدا هەر بینایەک دیواری (عازل) نەبێت مۆڵەتی دروستکردنی پێنادات، ئەوەش لە پێناوی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزەی کارەبا کە ئەوانیش کێشەی بەرزبوونەوەی خواستی کارەبایان هەیە.

لە کوردستان دەکرێت وەک هاندانێک بۆ بەکارهێنانی کەرەسەی دابڕ (عزل الحراری) لە دروستکردنی خانوودا، حکومەت قەرزی نیشتەجێبوونی (بێ سوود) بداتە ئەو کەسانەی بەکاریدەهێنن، لەگەڵ بەکارنەهێنانی بۆیلەری کارەبایی.

### گرانکردنی نرخی کارەبا

لە بەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا، ڕوونمانکردەوە کە وزەی کارەبا لە قۆناغی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردنەوە تاوەکوو دەگاتە دەستی بەکارهێنەر خەرجییەکی زۆری دەوێت، بۆیە پێویستە ئیدارەدان و بەکارهێنانی زۆر عەقڵانی بێت، بۆ ئەوەی نەبێتە بارگرانی.

لەکوردستاندا بەداخەوە بەهۆی خراپیی ئیدارەدانی کەرتی وزە بەگشتی و کارەبا بەتایبەتی، کارەبا بووەتە کێشەی گەورەی خەڵک و بارگرانییەکی قورسیش لەسەر شانی حکومەت کە یەکێک لە هۆکارەکان هەرزانیی نرخی کارەبایە، بەرامبەر گرانیی تێچووەکەی.

بەپێی بەدواداچوونی ئێمە، هەر هاوبەشێکی ماڵان لە کوردستان ساڵانە نزیکەی 11 هەزار کیلۆوات/سەعات کارەبا بەکاردەهێنێ، (ئەو ژمارەیە تێکڕاییە، ڕەنگە لە ماڵێک بۆ ماڵێک جیاواز بێت) ئەوەش بەکارهێنانێکی زۆر ناسروشتییە و یەکسانە بە ئاستی بەکارهێنانی هاوبەشێکی کارەبا لە ئەمریکا و کەنەدا و عەرەبستانی سعودیە.

## نرخی یەک کیلۆوات/ سەعات کارەبای حکومی بە 15 دینارە، بەڵام نرخی یەک کیلۆوات/سەعات کارەبای موەلیدە ئەهلییەکان 250 دینارە.

بۆیە پێویستە توێژنەوەی ورد بکرێت لەسەر هۆکاری ئەو بڕە زۆرەی بەکارهێنانی کارەبا لە کوردستان و چۆنیەتی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کە یەکێک لە هۆکارەکان هەرزانیی نرخی کارەبایە.

ئەگەر سەیری نرخەکان بکەین، لە بەرزترین حاڵەتدا کە 3000 کیلۆواتە ماڵێک بەکاری بهێنێ لە مانگێکدا، دەبینین ناکاتە یەک (سەنت) بە دۆلار، ئەوەش ناکاتە یەک لەسەر سێی تێچووی ڕاستەقینەی کارەبا.

ئەگەر لەسەر ئاستی خوارەوەی بەکارهێنانی کارەبا سەیری نرخەکان بکەین کە 15 دینار و 20 دینار و 35 دینارە و بۆ هەموو هاوبەشێکیش هەژمار دەکرێت، دەکرێت بڵێین کارەبا بە پارە نییە. بەوپێیەی یەک کیلۆوات/ سەعات بە 15 دینارە واتە (0.125 سەنت).

لەکاتێکدا نرخی یەک کیلۆوات/سەعات لە موەلیدە ئەهلییەکان بە 250 دینارە، لە هەندێک شوێن زیاتریشە، کە دەکاتە 16 ئەوەندە زیاتر لە نرخی کارەبای حکومی. ئەوە لەکاتێکدا خەڵک زۆربەی ئیشەکانیان کە کارەبای زۆری دەوێت، دەخەنە ئەو کاتەی کە کارەبای نیشتمانی هەیە، چونکە کارەبای مۆلیدە بەشی ناکات.

**نرخی کیلۆوات/ سەعات (KWH) بۆ ماڵان بۆ یەک مانگ:**

| بڕی یەکەی سەرفکراو (KWH) | یەکەی سەرفکراو بۆ یەک مانگ | نرخەکەی |
|---|---|---|
| 1–450 | 450 کیلۆوات | 15 دینار |
| 900 – 450 | 450 کیلۆوات | 20 دینار |
| 1500 – 901 | 600 کیلۆوات | 35 دینار |
| 2100 – 1501 | 600 کیلۆوات | 60 دینار |
| 3000 – 2101 | 900 کیلۆ وات | 75 دینار |
| 5000 – 3001 | 2000 کیلوات | 200 دینار |
| 5001 بەرەو ژوور | ------------ | 200 دینار |

بۆیە بەبڕوای ئێمەی دوای دراسەکردنی ورد، بەرزکردنەوەی نرخی کارەبا، بەمەرجێک نرخی غاز و نەوت گران نەکرێت، یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا و بەفیڕۆنەدانی کارەبا، چونکە کە نرخەکەی گران بێت خەڵک هەوڵ دەدات بەپێی پێویست بەکاری بهێنێ، زێدەڕۆیی تێدا نەکات و بەفیڕۆی نەدات.

جگە لەوانەش، ئێستا بەهۆی کەمبوونەوەی کارەبای نیشتمانی بۆ زیاتر لە 50%، هاووڵاتیان بە ناچاری کارەبایەکی گران لە موەلیدەی ئەهلی دەکڕن، لە کاتێکدا کەمترین سوودی لێوەردەگرن. لەسەر ئاستی گشتیش خواست لەسەر کارەبا کەم دەبێتەوە و حکومەت پێویستی بەکڕینی کارەبا کەمتر دەبێت.

بابەتی بەرزکردنەوەی نرخی کارەبا پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە کە هەموو ڕەهەندەکانی شی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجە ڕاستەقینەکەی خۆی بپێکێت کە باشبوونی ڕەوشی کارەبا و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی کارەبایە.

### کارەبا لە کەرتێکی خزمەتگوزارییەوە بۆ کەرتێکی ئابووری

لەدوای پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی کارەبا لە دوای ڕاپەڕینەوە، بەشێکی زۆر گرنگ کە لە دامەزراوەی کارەبای عێراق هەبوو لە کوردستان نەما، بەڵام تاوەکوو ئێستاش لای ئەوان ماوە و پەرەی پێدراوە، ئەویش بەشی دەرکردنی تێچوو (کلفە)ی کارەبایە.

بێئەوەی هۆکارەکەی ڕوونبکرێتەوە، ئەو بەشە گرنگە لابرا، لەکاتێکدا دەبووایە بمێنێ بۆ ئەوە وەزارەتی کارەبا بەبەردەوامی بڕی تێچووی ڕاستەقینەی کارەبای بزانیبایە و لەو ڕێگەیەوە زیانە ئابوورییەکانی بەفیڕۆدانی کارەبا و ونبوونەکانی کارەبا (LOSSEE)ی بزانیایە و بەفیڕۆدانی کەمکردایەتەوە. ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوی تێچووی کارەبا نازانێت، بۆیە گوێ بە فرۆشتن و کۆکردنەوەی داهاتەکە نادات کە تەنیا لە پارێزگای سلێمانی لە کۆی 171 ملیار و 135 ملیۆن و 914 هەزار دینار، تەنیا 13 ملیار و 635 ملیۆن و 81 هەزار دینار وەرگیراوە، واتە 157 ملیار و 500 ملیۆن و 932 هەزار دینار بووەتە قەرز. لەکاتێکدا لەم قەیرانی داراییەدا دەبوو زۆر بە وردی گرنگی بە کۆکردنەوەی داهاتی کارەبا بدرێ.

## هەر خانوویەک بڕی گەرمی (عازل حراری)ی هەبێ 30% وزەی کەمتری دەوێ بۆ ساردکردن و گەرمکردن

هەروەها بۆ ئەو کەسانەش کە کارەبا دەدزن، سزاکەیان وەرگرتنەوەی تێچووی ڕاستەقینەی کارەبا بێت نەک وەک ئێستا کە بە 30 هەزار دینار سزا دەدرێن، بەڵام ڕەنگە بایی سەد ئەوەندە کارەبایان دزیبێت.

لە هەموو دنیادا کەرتی وزە کەرتێکی گەورەی ئابوورییە و جگە لەوەی دەرفەتی کار بەمووچەی زۆرباش بۆ هەزاران کەس دەڕەخسێنێ، قازانجێکی زۆر باشیشی هەیە، لە کوردستانیش جگە لە کارەباکەی حکومەت هەموو ئەو کەسانەی لەبواری وزەدا کار دەکەن، قازانجی زۆر باش دەکەن.

بۆیە کاتی ئەوە هاتووە پێداچوونەوە بە کەرتی کارەبادا بکرێت و ڕێکبخرێتەوە، حکومەت ئەگەر پاڵپشتی وزەی کارەباش دەکات، پێویستە پاڵپشتییەکە سنووردار و دیاریکراو بێت، بەڵام نابێت لە کارەبا زیان بکات، پێویستە لە بری پاڵپشتیی کارەبا کە بەفیڕۆدانێکی زۆری تێدایە، کارەبا بە نرخی تێچوو لەگەڵ قازانجێکی کەم بفرۆشێت بە هاوبەشەکان، لەبەرامبەردا گرنگیی زیاتر بە کەرتی پەروەردە و تەندروستی و ڕێگاوبان بدات.

پێویستە بەشی تێچوو (کلفە) بکرێتەوە لە وەزارەتی کارەبا و بە وردی تێچووی هەر یەکەیەکی کارەبا دەربهێنرێ، بۆ ئەوەی حکومەت بەرچاوی ڕوون بێت کە خەرجیی کارەبا چەندە و چۆن کەمی بکاتەوە.

### بە تایبەتکردنی کەرتی کارەبا

یەکێک لەو چارەسەرانەی بۆ کێشەی کارەبا ماوەی چەند ساڵێکە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، بەتایبەتکردن (خصخصە)ی کەرتی کارەبایە. ئەگەرچی ئێستا بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لەدەست کەرتی تایبەتە کە ئەوەش نەک کێشەی کارەبای چاک نەکردووە، بەڵکوو قورستری کردووە، بەوپێیەی حکومەت سووتەمەنی دەکڕێت و بەبێ بەرامبەر دەیداتە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، ئەوان بۆی دەکەن بە کارەبا و حکومەت لێیان دەکڕێتەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین وێستگەکانی کارەبا وەک ئاش وان، گەنم دەبەیت بۆت دەکات بە ئارد و کرێی هاڕینەکە دەدەیت بە ئاشەوانەکە. لەکاتێکدا دەبووایە وێستگەکە خۆی سووتەمەنی بۆ خۆی دابین بکردایە، نەک حکومەت بێ بەرامبەر بیداتە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا.

ڕادەستکردنی کارەبای کوردستان بە کەرتی تایبەت کە حکومەت بەتەواوی لێی بڕواتە دەرەوە، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و قورسە و یاسای تایبەتی دەوێت کە نیمانە. هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێویستە خەڵک قبوڵی بکات، هەست بە مەترسیی نەکات، هەست بکات بۆ باشتر خزمەتکردنی ئەوە، نەک زیادبوونی بارگرانیی سەرشانی.

پرۆسەی بە ئەهلیکردنی کەرتی کارەبا قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێت، لێرەدا بوار نییە هەمووی باس بکەین، هەوڵ دەدەین لە ئایندەدا بە وردی شی بکەینەوە.

هونەری
ڕووداو
ژمارە ( 467 ) - دووشەممە 2017/7/31



## نینا موراد گەڕایەوە کوردستان

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

نینا موراد، کچە کوردی دانیشتووی ئوستralیا، دوای ئەوەی بەشداری لە پێشبڕکێی شاجوان لەو وڵاتە کرد، بە شاجوانی دووەمی جیهان بۆ ساڵی 2016 هەڵبژێردرا، ئێستا بۆ کاری خێرخوازی گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان.

نینا موراد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کاروانێکی گەورەی کەلوپەلی نەخۆشخانە و پێداویستی قوتابخانە گەیشتووەتە بەسراو لەم ڕۆژانە بەهاوکاری چەند دەزگایەکی خێرخوازی لە ڕانیە دابەشی دەکەین". نینا دەشڵێت "ئەم کەلوپەلانە لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی خێرخوازی لە ئوستralیا و لە چوارچێوەی کاری خێرخوازی شاجوانی ئوستralیا بۆ کوردستان کۆکراونەتەوە، کە ئەمە دووەمین کاروانی هاوکارییە، کاروانی سێیەمیش لە ئوستralیا بەڕێکەوتووە و 45 ڕۆژی دیکە دەگاتەوە کوردستان".

### هەداسە یەشورون، خانمە گۆرانیبێژی کوردی ئیسرائیل بۆ (ڕووداو):

# لە ئیسرائیل دوعا بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکەین



خەونی من سازدانی کۆنسێرتێکە لە شاری هەولێر

گۆرانییەک بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەڵێم



ئیسرائیلییەکان پێشوازیی گەرمیان لە گۆرانیی پێشمەرگە کرد

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

هەداسە یەشورون، خانمە گۆرانیبێژی کوردی ئیسرائیل کە لە ئۆرشەلیم ـی ئیسرائیل دەژیت، تا ئێستا چەند گۆرانییەکی بۆ پشتگیری لە هێزی پێشمەرگە بڵاوکردووەتەوە. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت کە بەنیازە گۆرانییەکی نوێ بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستانیش تۆمار بکات. هەداسە کە بە گوڕوتین و چالاکییەکی زۆرەوە و بەشێوەیەکی بەردەوام داکۆکی لە دۆزی کورد دەکات، دەڵێت خەون بەوەوە دەبینێ کە ڕۆژێک بێت لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کۆنسێرتێک سازبکات.

**ڕووداو: چۆن بیرت لە تۆمارکردنی گۆرانیی کوردی کردەوە؟**

**هەداسە یەشورون:** ئێمە بەڕەچەڵەک کوردین، بەڵام لە دێرزەمانەوە لە ئیسرائیل دەژین، کوردی جووین، هەمیشە بنەماڵەکەم دەڵێن کە باپیرە گەورەم لە کوردستانەوە هاتووەتە ئیسرائیل.

**ڕووداو: زۆر جاران جلوبەرگی کوردی دەپۆشی، ئیسرائیلییەکان چی لە بارەی جلە کوردییەکانی تۆ دەڵێن؟**

**هەداسە یەشورون:** زۆر حەزم لە پۆشینی جلوبەرگی کوردییە، بڕیارم داوە لە زۆربەی ئاهەنگ و کۆنسێرتەکانمدا هەر جلوبەرگی کوردی بپۆشم، هاوڕێی ئیسرائیلیم هەن کە بە بینینی جلوبەرگەکانی من سەرسام دەبن، هەندێکیان داوای جلەکانیان کردووم و ئەوانیش ئێستا جار جار جلوبەرگی کوردی دەپۆشن.

**ڕووداو: گۆرانییەکت بۆ پێشمەرگە بڵاوکردەوە، پێشوازیی لەو گۆرانییە چۆن بوو؟**

**هەداسە یەشورون:** ئەو گۆرانییە پێشوازییەکی باشی لێکرا، بەتایبەتی لەلایەن خەڵکی کوردەوە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەمبینی کە بڵاویاندەکردەوە، ئەمە بۆ من جێی دڵخۆشییە، بەنیازم لە ئایندەیەکی نزیکدا گۆرانی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان بڵێم، ئێستا خەریکی ئامادەکاریم و ڕەنگە لە ئایندەیەکی نزیکدا گۆرانییەکە بڵاو بکەمەوە.

**ڕووداو: ئیسرائیلییەکان چۆن دەڕواننە کارەکانت بۆ کوردستان؟**

**هەداسە یەشورون:** ڕاستییەک هەیە دەمەوێت بیڵێم، هاوڕێ ئیسرائیلییەکانم خۆیان بە دۆست و هاوڕێی کورد دەزانن، هەمیشە بۆ ئەنجامدانی کارەکان پشتگیریم دەکەن و هانم دەدەن. تۆمارکردنی گۆرانیشم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە پێشنیاز و هاندانی یەکێک لەو هاوڕێیانەم بوو. ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەت، دەمەوێت پاسپۆرتی کوردستانم هەبێت، لە ئیسرائیل ئێمە دوعا بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان دەکەین.

**ڕووداو: گۆرانیی تایبەت بەخۆت کەمن، زۆرتر بەرهەمی گۆرانیبێژانی کورد دەڵێیتەوە، کلیپی گۆرانیش کەم بڵاودەکەیتەوە، زیاتر لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکاندا دەردەکەوی، بۆچی؟**

**هەداسە یەشورون:** ئەوە ڕاستە، بەهۆی کاروباری ژیانەوە ڕەنگە نەتوانم هەموو کاتی خۆم بۆ هونەر تەرخان بکەم، بەڵام لە تەواوی ئاهەنگ و کۆنسێرتە کوردییەکاندا لە ئیسرائیل گۆرانی دەڵێم. جگە لە ئاهەنگ و بۆنەکانی دیکەش، لە هەموو ئاهەنگەکانیشدا هەوڵ دەدەم گۆرانی بۆ کوردستان بڵێم، ئێستاش کار بۆ چەند گۆرانییەکی تایبەت بەخۆم دەکەم، هیوادارم لە ئایندەیەکی نزیکدا بڵاوببنەوە.

**ڕووداو: زۆر بایەخ بە کورد و کوردستان دەدەی، کوردستان کە زێدی تۆیە، چۆنە تاوەکو ئێستا سەردانت نەکردووە؟**

**هەداسە یەشورون:** ڕاستییەکەی زۆر حەز دەکەم، بەڵام بۆم نەگونجاوە، هەمیشە ئەم قسەیەم کردووە و دەشیکەم، من خەون بەوەوە دەبینم کۆنسێرت یان ئاهەنگێکی تایبەت لە هەولێری پایتەختی کوردستان ساز بکەم. ئاهەنگەکە تایبەت بێت بە پێشمەرگە یان ئەو کۆچبەر و پەنابەرە کوردانەی بەهۆی شەڕی داعشەوە ئاوارەبوون.

**ڕووداو: پەیوەندیت بەگشتی لەگەڵ کوردی ئیسرائیل چۆنە؟**

**هەداسە یەشورون:** پەیوەندییەکی زۆر باشم هەیە، بەهۆی ئاهەنگ و کۆنسێرتەکانی ئەوێ، هەموویان من دەناسن، منیش هاوڕێی زۆر باشم هەن.

**ڕووداو: ئەی لەگەڵ کوردی پارچەکانی کوردستان؟**

**هەداسە یەشورون:** چەند هاوڕێیەکم لە هەولێر و سلێمانی هەن، خەڵکیش بەردەوام نامە و کۆمێنتم بۆ دەنووسن و دەستخۆشیم لێدەکەن، بەڵام هەندێکیان بە کوردی دەنووسن، بەداخەوە لێیان تێناگەم.

**ڕووداو: خۆت بە کورد دەزانی و گۆرانی کوردی دەڵێی، چۆنە تاوەکو ئێستا فێری کوردی نەبووی؟**

**هەداسە یەشورون:** چەند وشەیەکی کوردی دەزانم، وەک: چۆنی باشی؟ سڵاو، من تۆم خۆشدەوێت، بەڵام وشەی سەرەتایین، هیوادارم فێری کوردی ببم، بەداخەوە خۆتان دەزانن زمان شتێکە کە بەهۆی تێکەڵبوونی زۆرەوە فێری دەبیت، ئێمەش بەهۆی ژیانمان لە ئیسرائیل ئەو تێکەڵبوونەمان نەبووە.

### ڕانیا ڕیاز، ئەکتەری سووری بۆ (ڕووداو):

# درامای سووری لەسەر نەمانی چەند ناوێک پەکی ناکەوێ



ڕانیا ڕیاز یەکێکە لە ئەکتەرە گەنجەکانی درامای سووری و لەدایکبووی دیمەشقە. ساڵانێکە پێی ناوەتە جیهانی دراما و ڕۆڵی سەرەکی لە چەندین درامای سووریدا بینیوە وەک "بقعة الضوء - رجال الفرقان- قناديل العشاق"

ڕانیا دەرچووی کۆلێژی مافە. شووی کردووە، بەڵام جیابووەتەوە و کوڕێکی هەیە. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ژیانی خۆی و کارە هونەرییەکانی دەکات.

هەڤپەیڤین: دڵخواز بەهلەوی
ڕووداو - هەولێر



بەهۆی درامای (بقعه الضوء) بەناوبانگ بووم

حەز لە ڕۆڵبینینی دوو لایەنە دەکەم

شاشە منی لە شانۆ دابڕی

**ڕووداو: میدیایەکی کوردی هەڤپەیڤینت لەگەڵ دەکات، ڕەنگە خوێنەرانی حەز بکەن شتێک دەربارەی خۆت یان کارە هونەرییەکانت بزانن، چۆن باسی خۆت و کارەکانت دەکەی؟**

**ڕانیا:** یەکەم ئەزموونی هونەریم لە درامای "رجال ئەلفورقان" بوو کە لە جەزائیر وێنەی گیرا. دواتر لە درامای "حارەت ئەلئەسیل" لەگەڵ دەرهێنەر محەممەد مەعروف. دواتر لە دراماکانی "الخان، عابر الزباب، بقعه الچوء، غبار الجوری و قناديل العشاق" کارم کرد کە بەشێکیان لە دەرهێنەری بەناوبانگ سەیفەددین سوبەیعین.

**ڕووداو: لە هەنگاوی یەکەمی کاری هونەریتدا، بەرچاوترین ئاستەنگ چی بوون هاتنە ڕێت؟**

**ڕانیا:** هەموو پیشەیەک پێوەری خۆی هەیە و کاری هونەریش پێوەری تایبەتی خۆی هەیە کە ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی داهێنانی ڕاستەقینە بکەیت. جگە لەم پێوەرانە کە بەردەوام کارم لەسەر کردوون، ڕێگەم نەداوە هیچ شتێک ببێتە ئاستەنگ لە بەردەم کارەکەمدا.

**ڕووداو: کام دراما بووە هۆی درەوشانەوە و ناساندنی تۆ بە بینەران؟**

**ڕانیا:** جیاوازیی کارەکان و ئەو ڕۆڵانەی بینیومن، کاریگەرییان لەسەر دەروونی هەوادارانم جێهێشت و بوونە هۆی ئەوەی ئەستێرەم بدرەوشێتەوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پێموایە درامای "بقعه الضوء" ڕێگای ناسراو بوون و بەناوبانگبوونی بۆ کردمەوە.

**ڕووداو: چ شتێک کاریگەری لەسەر تۆ هەبوو، بۆ ئەوەی بچیتە نێو جیهانی هونەری؟**

**ڕانیا:** شانۆ، ئەو سیحرە بوو کە وای لێکردم عاشقی هونەر ببم. بەردەوام بیرم لە کاری نواندن دەکردەوە بەشێوەیەکی زیندوو بەرامبەر خەڵک. بیرم لەوە دەکردەوە تواناکان و بەهرەکانم بەجوانترین شێوە نمایش دەکەم، بەڵام شاشە منی لە شانۆ دوورخستەوە. لە کاتێکدا بەردەوام وانەم وەردەگرت لەسەر چۆنیەتی نواندن لەسەر شانۆ. ئەمەش هۆکارێکی باش بوو بۆ ئەوەی لەسەر شاشە دەرکەوم.

**ڕووداو: حەز لە چ جۆرە ڕۆڵێک دەکەی؟**

**ڕانیا:** هەموو ڕۆڵێک پێگە و قورسایی خۆی هەیە. دەخوازم بەشداری لە درامایەک بکەم ڕۆڵی نواندنەکەم دوو لایەنە بێت.

**ڕووداو: وەک ئەکتەرێک هەموو ڕۆڵێک قبوڵ دەکەیت پێت بدرێت، بۆ نموونە ڕۆڵێک ماچ و ڕامووسانی تێدابێ؟**

**ڕانیا:** ڕامووسان وەک دەستەواژەیەکی زانستی لە فەرهەنگی ئەکادیمی هونەریدا بوونی نییە. هەندێک ڕۆڵ هەیە پێویستی بە هۆشیاری و زانین هەیە. من تەنیا حەز دەکەم بەشداری کارێکی سەنگین بکەم.

**ڕووداو: سنوورە هونەرییەکانی ڕانیا ڕیاز چین؟**

**ڕانیا:** هەموو بەهاکانی جوانی و خێر و خۆشی و حەقبێژی. هونەریش پەیامێکی پڕ بەهای مرۆییە بۆیە هونەر سنووری نییە بەڵکو داهێنانە و پێویستی بەخۆگونجاندن و ئاوێتەبوون هەیە لەگەڵ دەقەکان و لەگەڵ تیمەکانی کارکردن کە دەتوانن پەیامەکە بگەیێنن. بەمەش بیرۆکەی ڕوون ڕێگە خۆش دەکات بۆ فراوانبوونی ئاسۆکان.

**ڕووداو: بەدواداچوون بۆ هونەر و کولتووری کوردی دەکەیت؟**

**ڕانیا:** میدیای جیهانی دەرفەتمان پێدەدات ئاگاداری هەموو جۆرە ئەزموون و چالاکییەک بین و بیرۆکەیان لێ وەربگرین.

**ڕووداو: پێشەنگی تۆ بۆ هونەر کێیە؟**

**ڕانیا:** سوود لە هەموو جۆرە ئەزموونێک وەردەگرم، بەتایبەتی کارەکانی خانمە ئەکتەرەکانی ناوخۆی سووریا، هەروەها عەرەبی و جیهانیش.

**ڕووداو: تا چەند درامای سووری کەوتووەتە ژێر کاریگەریی قەیرانی سووریا، بەتایبەتی کە ژمارەیەکی زۆری ئەکتەرەکان ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کردووە؟**

**ڕانیا:** تا ڕادەیەک کاریگەری هەبووە، بەڵام توانای ئەکتەرە گەنجەکان و ڕوخسارە نوێیەکان، خەریکە بۆشاییەکە پڕ دەکاتەوە و شاکاری جوان پێشکەش دەکەن و ئەزموونی باشیان هەیە. هونەری سووری بەهۆی نەبوونی چەند ناوێکەوە پەکی ناکەوێ. ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت، چونکە وەکو کانیاو وایە و هیچ کاتێک بەبێ داهێنان نامێنێتەوە.

بەشداری هیچ درامایەکی بازرگانی ناکەم

**ڕووداو: هەندێک زنجیرە دراما وێڕای ئەوەی بازرگانین، بەڵام ناوبانگێکی زۆریان بەدەستهێنا. ئەگەر داوایان لێکردیت، تێیدا بەشدار دەبیت؟**

**ڕانیا:** بێگومان نەخێر.

**ڕووداو: دەکرێ باسی ژیانی تایبەتی خۆت بکەی؟**

**ڕانیا:** من کوڕێکم هەیە بەناوی عەلی، بەڵام لەگەڵ هاوژینەکەم نەگونجاین و جیابووینەوە. ئێستاش هیچ پیاوێک لە ژیانی مندا نییە.

رووداو
ژمارە ( 467 ) - دووشەممە 2017/7/31



## ئەمریکا بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی عێراقییەکان رادەگرێ

**رووداو- واشنتن**

لە مانگی حوزەیرانی رابردوو، لەهەڵمەتێکدا 199 پەنابەر لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆچی ئەمریکاوە دەستگیرکران، فەرمانیش درابوو 1444 هاووڵاتی عێراقی لە ئەمریکا دیپۆرتبکرێنەوە، بەڵام دادگا بڕیاری ناردنەوەی ئەو عێراقییانەی بۆ چەند مانگێک راگرت. بەپێی بڕیارەکە ناردنەوەی ئەو عێراقیانە لە وڵاتێکدا کە پڕە لە گرووپ و میلیشیای چەکدار، دەکرێت ژیانیان بخاتە مەترسییەوە. هۆکاری نەناردنەوەی عێراقییەکان تاوەکو ئێستا پەیوەندی بەوەوە هەبووە، عێراق ئامادەنەبووە دۆکیومێنتی گەشت یاخود پاسپۆرتیان بۆ دابین بکات، بەڵام مانگی سێ ئەوە گۆڕا، کاتێک واشنتن و بەغدا گەیشتنە رێککەوتنێک. کونسوڵی گشتی عێراق لە میشیگن رەتیدەکاتەوە حکومەتەکەی هۆکاربێت.

# سوێد ئەمساڵ دۆسیەی 80 هەزار کۆچبەر یەکلایی دەکاتەوە

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

"هەموو هیوام بەم چەند مانگەیە و لە لێواری مەرگ و ژیاندام". ئەمە قسەی سلێمان، تەمەن 27 ساڵە کە زیاتر لە پێنج ساڵی تەمەنی لە رێی قاچاخ لەم وڵات و ئەو وڵات و چاوەڕوانیی بڕیاری دامەزراوەی کۆچی سوێد بەسەر بردووە.

سلێمان شاکر کە خەڵکی باشووری کوردستانە، ژیانێکی پڕ لە دڵەڕاوکێی هەیە و شەڕ لەگەڵ کات دەکات، چونکە بەرپرسی دۆسیەکەی پێیگوتووە لەو ماوەیە دۆسیەکەی یەکلایی دەکرێتەوە. سلێمان دەڵێت "توانای چاوەڕوانیم نەماوە، یان ژیانێکی نوێ دەستپێدەکەم، یان دەگەڕێمەوە".

سلێمان شاکر یەکێکە لەو سەتان کۆچبەرە کوردەی سوێد کە چاوەڕێ دەکرێ ئەم هاوینە دۆسیەکەیان یەکلابکرێتەوە و بە نەخێر یان بەڵێ وەڵامیان بدرێتەوە.

هێمن عوزێر یەکێکی دیکەیە لەو کۆچبەرانەی ماوەی زیاتر لە ساڵ و نیوێکە چاوەڕێ دەکات، نە قبوڵیان کردووە و نە پێشیدەڵێن بڕۆ "هیچ شتێک لە چاوەڕوانی ناخۆشتر نییە، پێم بڵێن بڕۆ زۆر خۆشترە لەو چاوەڕوانییە".

لە دامەزراوەی کۆچی سوێد وەڵامدانەوەی دۆسیەکان زیاتر لە ساڵێکی دەوێ. لە دوو ساڵی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر کۆچبەری کورد و عێراقی بڕیاری رەتکردنەوەیان درا، بەڵام بۆ ئەمساڵ کوردی کۆچبەری تازەی ئەو وڵاتە بە هیواوە لە بڕیاری دەوڵەت لەبارەی چارەنووسیان دەڕوانن.

هێمن عوزێر، 28 ساڵ، دەڵێت "لەو باوەڕەدام ئەمجارە قبوڵ بکرێین". هێمن لەگەڵ هەشت گەنجی دیکەی کۆچبەر لە خانوویەکدا دەژین کە بە گوتەی خۆیان مانگانە کرێیەکی زۆر دەدەن.

بەپێی ئاماری دامەزراوەی کۆچی سوێد کە دراوەتە (رووداو)، 53 هەزار کەس چاوەڕێی یەکلابوونەوەی دۆسیەکانیان دەکەن کە ژمارەیەکی زۆر کۆچبەری کوردیان تێدایە.

سینا محەممەدی کە پارێزەرێکی کوردە و دۆسیەی چەندین کۆچبەری کوردی لەلایە، وەکو کۆچبەرەکان بە هیواوە لە ئایندە دەڕوانێ و لەو باوەڕەدایە زۆرینەیان قبوڵ بکرێن. چونکە بە گوتەی ئەو "کۆچبەرانی نوێ شارەزاییان پەیدا کردووە لە کار و خوێندن و پابەندبوون بە سیستەمی باج و پەیوەندییە کارگێڕییە دەوڵەتییەکان".

دامەزراوەی کۆچ بە فەرمی بڵاوی کردەوە پێشبینی دەکەن ژمارەی کۆچبەرانی تازە بۆ ئەمساڵ بگاتە 28 هەزار کەس، ئەو ژمارەیەش کەمی کردووە بەراورد بە ساڵی رابردوو کە 29 هەزار کەس داواکارییان بۆ مافی مانەوە پێشکەش کردبوو.

سەرەتای ئەمساڵ میدیاکانی سوێد بڵاویان کردەوە کە ئەمساڵ کار لە دۆسیەی 105 هەزار کۆچبەردا دەکرێ، بەڵام مانگی چواری ئەمساڵ ژمارەکە کەمبووەوە بۆ 95 هەزار دۆسیە. دوایین ژمارەش لەلایەن رۆژنامەی (داگنسنیهیتر) بڵاوکراوەتەوە کە دامەزراوەی کۆچی سوێد، ئەمساڵ توانای کارکردنیان لەسەر 80 هەزار دۆسیە هەیە.

زانیارییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆربەی ئەو دۆسیانەی رەتکراونەتەوە هی ئەو کۆچبەرانەن خۆیان بە منداڵ لەقەڵەمداوە، بەڵام دواتر تەمەنی راستەقینەیان ئاشکرا بووە و دەرکەوتووە لە 18 ساڵ گەورەترن.

مۆرگان یۆهانسۆن، وەزیری کۆچی سوێد رایگەیاند: "کار لەسەر کەمکردنەوەی کاتەکانی چاوەڕوانی دەکەین". هەر بەپێی راگەیاندنی دامەزراوەی کۆچ، لەسەرەتای مانگی ئابەوە کەیسی 13،500 کەس دەچێتە بواری کارکردن کە داوای تازەکردنەوەی ئیقامەکانیان دەکەن. زۆربەی دۆسیەکانیش بەپێی یاسای نوێی کۆچی سوێد مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ کە لە 20ی تەمووزی پار ساڵ چووە بواری جێبەجێکردنەوە. دیارترین رێکارەکانی ئەو یاسایەش بەخشینی مافی مانەوەی کاتییە، بەهۆکاری نائارامی شوێنی ژیانی پێشووی کۆچبەر. بەڵام لەگەڵ ئارامبوونەوەی وڵاتی خۆی، کۆچبەر دەبێت بگەڕێتەوە.

بۆیە دامەزراوەی کۆچی سوێد لە ماڵپەڕی خۆیدا داوای لەو کەسانە کردووە کە وەک یەکەمین وەجبەی ئەو کۆچبەرانەی بەپێی یاسا تازەکەی تەمووزی پار و 20ی مانگی داهاتوو ئیقامەکەیان تەواو دەبێت، بەمەبەستی نوێکردنەوە، یان داوای مافی پەنابەرێتی، کەیسەکانی خۆیان پێشکەش بکەن.

بەڵام زۆربەی ئەو کۆچبەرانەی مافی مانەوەی کاتییان دراوەتێ، هەست بە نائارامی دەکەن و ناتوانن خۆیان لە پڕۆژەی درێژخایەن بدەن. بخوێنن، یان دەست بە ژیانێکی تازە بکەن، چونکە ترسیان هەیە بەردەوام مافی مانەوەی کاتییان بۆ نوێ بکرێتەوە.

ئیڤان لە شام لەدایک بووە، بەڵام لە حەسەکە گەورە بووە، دەڵێت "هەموو بیرم لای مانگی ئابە، ئاخۆ مافی مانەوەی هەمیشەییمان دەدەنێ یان نا، چونکە ئیقامەی کاتی، هاوشێوەی چاوەڕوانی و ژیانی نێو کەمپە".

### چالاکڤانانیش نیگەرانن

چالاکڤانان بەو ئومێدەن ئاراستەی کارەکانی دەزگای کۆچ بگۆڕێ و مافی مانەوەی هەمیشەیی، یان دوو ساڵی بەو کۆچبەرانە بدرێت کە لە قۆناغی یەکەمی ئیقامە کاتیەکانیان سەرکەوتوو بوون.

یۆهانا لینگبێری لە رێکخراوێکی داکۆکی لە کۆچبەران دەڵێت: "یاساکەی پار هەنگاوێکی بوێرانە بەڵام هەڵە بوو، لەو باوەڕەدام راستی بکەنەوە". لینگبێری هەروەها گوتی "دەکرێت هەنگاوی یەکەمی دامەزراوەی کۆچ بۆ ئەو کۆچبەرانە بێت کە مافی مانەوەی کاتییان وەرگرت، بەڵام لە شیاندن سەرکەوتوو بوون، بۆ نموونە کاریان دەستکەوت و لە خوێندن بەردەوام بوون، دەشێت مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەوانە بکرێت و مافی مانەوەی دوو ساڵ یان هەمیشەییان بدرێتی".




### مووسڵاوییەکان لە مانەوەیان دڵنیانین

سەرمەند جەلال کە کوردە و لە مووسڵ لەدایکبووە، یەکێکە لەوانەی بەپێی یاسای نوێی کۆچ بووەتە خاوەن مافی مانەوە. بەڵام ترسی لەوە هەیە بۆی تازە نەکەنەوە. ئەو کۆچبەرە ئێستا کار دەکات و هەفتەی دوو رۆژیش دەخوێنێت، بەڵام ترسی ئەوەی هەیە داواکارییەکەی رەت بکرێتەوە و مافی مانەوەی بۆ درێژ نەکرێتەوە. سەرمەد بە (رووداو)ی گوت "بە فەرمی هیچ شتێکیان پێنەگوتووم، بەڵام پێیانگوتم کە شارەکەم ئازاد کراوە. کێشەم نەماوە و هەڕەشە لەسەر ژیانم نییە لەوێ، بۆیە دەترسم ئیقامەکەم بۆ نوێ نەکەنەوە".




پێشبینی دەکرێ ئەمساڵ 28 هەزار کۆچبەری دیکە روو لە سوێد بکەن

## بۆ ئیتالیا و کەنەدایە

# شەپۆلێکی تازەی کۆچی کورد دەستیپێکردووە

**رووداو- هەولێر**

شوان بەرزنجی هەموو سەروەتەکەی خۆی خستووەتە بەردەستی قاچاخچییەک، بەو مەرجەی ئەو کارتەی پێیدەدات بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەبێ کێشە لە ئیتاڵیا پێی بمێنێتەوە. شوان دەڵێت "هەموو خەونی من ئەوەیە لە فڕۆکەخانەیەک دابەزم کەس پێمنەڵێ لە کوێوە هاتووی".

شوان ناوی خوازراوی گەنجێکی باشووری کوردستانە، 50 هەزار یۆرۆی داوەتە قاچاخچییەک بۆ ئەوەی مافی مانەوە بۆ خۆی و هاوژینەکەی لە ئیتاڵیا وەربگرێ. ئەو دەڵێت "قاچاخچییەکە بەڵێنی پێداوم مافی مانەوەی هەمیشەیی لە ئیتاڵیا وەردەگرم".

شەپۆلێکی نوێی کۆچی گەنجانی کورد بەرەو ئەوروپا و ئەمریکا دەستی پێکردووە، بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز لە رابردوو. ئەمجارە وێستگەکە وڵاتە دیارەکانی ئەوروپا وەک ئەڵمانیا و سوێد و فینلاند نییە کە پێشتر کۆچبەری کورد خەونیان پێوە دەبینی، بەڵکو بەشێوەیەکی رێکخراوتر، بۆ رۆما و ئۆتاوایە.

شوان مامەڵەی رۆیشتنەکەی لەلایەن قاچاخچییەکەوە بۆ کراوە بەناوی (س.جەمال) کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام لە هەولێر دادەنیشێ. ئەو ئێستا بووەتە ناوێکی ناسراو لەلای ئەوانەی دەیانەوێ کۆچ بکەن، بەڵام زۆرتر جێگەی خەونی ئەو کەسانەیە کە پارەیەکی زۆریان هەیە، چونکە پارەیەکی زۆری دەوێ.

گەیشتن بە (س.جەمال) ئاسان نەبوو، تا لە رێگەی یەکێک لەو کەسانەوە پێی گەیشتین کە هەموو شتێکی لەگەڵ بڕاندبووەوە و تەنیا کڕینی تکتەکەی مابوو.

دواجار (س.جەمال) بۆ (رووداو) دوا و گوتی: "ئەوەی من دەیکەم کارێکی نایاسایی نییە، بگرە بۆ خەڵک و بۆ کوردستان سوودی زۆری هەیە". ئەو هیچ وردەکارییەکی بابەتەکەی باس ناکات، بەڵام دەڵێت "بە گەرەنتی دەتگەیێنمە ئیتالیا و ئەمریکا و کەنەدا".

چیرۆکی جیاجیا لە بارەی (س) باس دەکرێت کە گوایە لەگەڵ ئاسایش و چەندین دامەزراوەی فەرمی و بگرە بازگە و فڕۆکەخانەکان دەستی هەبێت. بەڵام (س) ئەو قسانەی رەتکردەوە و گوتی "من حیلەیەکی شەرعیم دۆزیوەتەوە و کارێکی نایاسایی ناکەم". گوتیشی "هەر کەس پەیوەندی هەبێت دەتوانێت ئەو کارە بکات، نهێنیی کارەکە تەنیا پەیوەندی و کۆنتاکتە".

هەر کەسێک بەم رێیەدا بڕوات، دەبێ 25 هەزار یۆرۆ بداتە (س). بەڵام بەپێی زانیاریی (رووداو) ئەو پارەیە تەنیا مافی مانەوەی کاتی لە ئیتاڵیا پێ وەردەگیرێ، هیچ خزمەتگوزارییەکی وەک سۆسیال و شوێنی نیشتەجێبوونیشت ناداتێ، واتە ئەوەی هەیە تەنیا وەک ڤیزایەکی درێژخایەنە. بەڵام (س) و زۆر لەوانەش کە ئەم مامەڵەیەیان کردووە، دەڵێن "شتێکی زۆر باشە و وەکوو هاووڵاتییەکی ئەورووپی وایت".

دەرهێنانی ئیقامەی ئیتاڵیا لە کوردستان و عێراق، وەک رێگەیەکی تازەی کۆچکردن چاوی لێدەکرێ. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە زاری چەند بازرگانێکی بواری گواستنەوە دەست (رووداو) کەوتووە، لە دوو مانگی رابردوودا چەندین کەس بەو رێگەیە کۆچیان کردووە.

رەهەند ناوی خوازراوی خاوەن کۆمپانیایەکی بواری گواستنەوەیە. دەڵێت "تکتێکی زۆرم فرۆشتووە و کەسیان خاوەنی ڤیزا نەبوون. زۆربەیان بۆ ئیتاڵیا بوو. ترانزێتەکەشی کەمتر تورکیا داوا دەکەن، چونکە دەزانن زۆر دەپێچنەوە، بۆیە روو لە ترانزێتەکانی دۆحە، عەممان و بەیروت و قاهیرە دەکەن". رەهەند گوتیشی "تکتم بۆ کەسایەتی زۆر ناسراو بۆ ئیتاڵیا و کەنەدا بڕیوە".

بەر لە چەند مانگێک، چەند بەرپرسێکی باڵیۆزخانەی ئیتاڵیا لە عێراق بە تۆمەتی فرۆشتنی ڤیزا و کاری نایاسایی دەستگیر کران، بەڵام دیاردەی کڕینی ئیقامەی ئەو وڵاتە بەردەوامە. رەهەند گوتی "ئەو کارە لە دەرەوەی عێراق دەکرێت".

رەهەند دەڵێت: "دەرچوون لە فڕۆکەخانەکانی کوردستان زۆر ئاسان نییە، بۆیە ئەو کەسانە هەوڵ دەدەن لە رێگەی سنوورە وشکانییەکانەوە بڕۆن". گوتیشی "دابەزینی ئەو کەسانەی ئیقامەی ئیتاڵیایان وەرگرتووە، لە رۆما، یان فڕۆکەخانەی شارەکانی باکوور و ناوەڕاست ئاسان نییە، چونکە ئەوان مۆری دەرچوونیان نییە، بۆیە زۆربەیان دەچنە وڵاتانی دیکە، یان شارەکانی باشووری ئیتالیا".

### بەرپرس لەنێو کۆچبەراندا هەن

ئەگەرچی هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی باس لەوە ناکەن هیچ کەسێکی خاوەن پۆست کۆچی کردبێ و دەستی لەکارەکەی هەڵگرتبێ، بەڵام ماوەیەک لەمەوپێش داوای وەرگرتنی مافی پەنابەری لەلایەن پارلەمانتارێک و راوێژکارێکی ئەنجوومەنی وەزیرانەو لە مێدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبوونەوە.

(ە.ر) کۆچبەرێکی کوردی دانیشتووی کەنەدایە و لەوێ کاری وەرگێڕان دەکات، دەڵێت "بەچاوی خۆم ئەو کەسانە و چەندین کەسی دیکەی خاوەن پۆستی باڵام لە کەنەدا بینیوە. ئەگەر ئەوانە بە پۆستی راستەقینەی خۆیان و بەو ناوە خۆیان تەسلیم بکەن ئەوە کارەساتە".

بەپێی ئەو چیرۆکانەی لەبارەی کۆچی نایاسایی بڵاون، ئێستا سێ رێگە هەن بۆ کۆچکردن بۆ کەنەدا.

رێگەی یەکەمیان سپۆنسەری پێدەگوترێت کە خەڵکێکی زۆر رووی تێکردووە. بە گوتەی (ە)، سێ کەس، یان سێ خێزانی خاوەنکاری هەمیشەیی دەتوانن ژیانی سێ ساڵی کەسێک، یان خێزانێکی چەند کەسە لەئەستۆ بگرن.

کەسەکەش لە رێگەی باڵیۆزخانەی کەنەداوە لە تورکیا، زانیارییەکانی خۆی تەسلیم دەکات و لە ئۆتاواش لەلایەن وەزارەتی کۆچ بەدواداچوونی بۆ دەکرێت. ئەو کەسە، یان خێزانە دەبێت زیاتر لە دوو ساڵ لە تورکیا بمێننەوە، مانەوەی ژیانی ئەو کاتە و سێ ساڵی یەکەمی ژیانیشیان لە کەنەدا لە ئەستۆی خۆیان دەبێت. بۆیە کەسێک توانایەکی باشی نەبێ، ناتوانێت ئەوە بکات.

رێگەی دووەم وەرگرتن و بەدەستهێنانی ڤیزای ئەمریکایە کە لەوێوە بە سانایی دەچنە کەنەدا و خۆیان تەسلیم دەکەن. بەپێی گوتەی (ە) ئەمەیان دیارترین رێگەیە و زۆربەی ئەوانەش کە هاتوونەتە کەنەدا، لە هەولێر یان بەغدا ڤیزایان وەرگرتووە.

رێگەی سێیەم گەشتکردنە بۆ مەغریب، پاشان لە رێگەی کەشتییەوە بە قاچاخ دەچنە کوبا، لەوێشەوە هەر بە قاچاخ روو لە ئەمریکا و کەنەدا دەکەن. ئەم رێگەیە تازە لەلایەن کۆچبەرانی کوردەوە ئاشکرا کراوە.



قاچاخچییەک:

**من حیلەی شەرعیم دۆزیوەتەوە و کاری نایاسایی ناکەم**

ڕووداو ژنان
ژمارە ( 467 ) - دووشەممە 2017/7/31

## سەرمایەی ئافرەتێکی سواڵکەر 72 ملیۆن دینار بووە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

پۆلیسی شاری نەجەف ڕایگەیاند ڕۆژی 2017/7/30 تەرمی ئافرەتێکی بەتەمەنیان لە نێو ماڵەکەی خۆیدا لە ناوچەی میشراق دۆزیوەتەوە کە پارەیەکی زۆری هەیە، دوای پشکنین بڕێکی زۆر دراوی عێراقی و بیانی لە ماڵی ژنە سواڵکەرەکەدا دۆزرایەوە. پۆلیس هەروەها دەڵێت "دوای بژاردنی پارەکە دەرکەوت بڕی پارەکە 72 ملیۆن دینار و 322 هەزار دیناری عیراقی، 562 دۆلار، 90 ریاڵی سعودی، 119 لیرەی لوبنانی، 10 یۆرۆ، 300 دیناری کوێتی، 440 تمەنی ئێرانی، 70 روپیەی ئەفغانی و 320 روپیەی پاکستانی بوو، لەگەڵ هەندێک دراوی هیندی، هەروەها بڕێک خشڵ و زێڕ".

### مێردەکەی خۆی حەشارداوە و گومان لە کەسوکاری ژنەکە دەکرێ

# ئافرەتێک دەکوژرێ و منداڵەکەشی بێسەروشوێنە



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- کۆیە**

ئێوارەی ڕۆژی 2017/7/24 لە نێوان هەردوو گوندی جەلی و گوندی هیزۆپی بچووک لە نزیک کۆیە، تەرمی ئافرەتێک لەنێو زەویی جووتیارێکدا دۆزرایەوە کە بە دوو گوللە کوژرابوو. هێشتا ناسنامەی ئافرەتەکە و بکوژەکان بە تەواوی دیار نییە، بەڵام پیاوێکی دانیشتووی شاری هەولێر کە سێ ڕۆژ بەر لەو ڕووداوە، هاوژینەکەی ونبووە، گومان دەکات ئافرەتە کوژراوەکە خێزانی ئەو بێ، سکاڵاشی لەسەر دوو کەس تۆمار کردووە.

ئەحمەد ناوی خوازراوی خاوەنی ئەو زەوییەی تەرمی ئافرەتەکەی تێدا دۆزرایەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای عەسر بوو، چەند کەسێک هاتبوون قەسەڵی پەرێزەکەم کۆبکەنەوە و بیکوتن بۆ ئالیکی ئاژەڵ، منیش چووبووم سنووری پەرێزەکەیان بۆ دەستنیشان بکەم و لەوێ تەرمەکەمان دۆزییەوە".

ئەحمەد وەسفی تەرمەکە دەکات و دەڵێت: "ماکسییەکی گوڵداری لەبەر بوو، بەتانییەکی بەسەردا درابوو. ئێمە دەستمان لێ نەدا و یەکسەر پۆلیسی کۆیەمان لێ ئاگادار کردەوە، ئەوان هاتن تەرمەکەیان برد".

ئەحمەد گومانی هەیە لەوەی ئەو ژنە لەوێ کوژرابێ و دەڵێت: "ئەو شوێنەی تەرمەکەی لێ فڕێدرابوو تەنیا کیلۆمەترێک لە ئاوایی دوورە، ئەگەر لەوێ کوژرابا خەڵک گوێی لە دەنگی تەقە دەبوو". گوتیشی "ڕەنگە تاوانەکە بە شەو کرابێ و خەڵک ئەوکاتە نووستبن، چونکە لەوێ پاشماوەی نانخواردن هەبوو، پێدەچێ نانیان خواردبێ ئینجا تاوانەکەیان ئەنجام دابێ، ئەو شوێنە گەرمە کەس بە ڕۆژ لێی ناحەوێتەوە".

بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیس، ئەو ژنە بەدوو گوللەی دەمانچە کوژراوە، پێش کوژرانیشی دەستدرێژیی کراوەتە سەر.

عەقید شۆڕش کاکە فەتحوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو ئافرەتە بە دوو گوللەی دەمانچە کوژراوە، گوللەیەک لە پشتەوە لە کەللەی سەری دراوە، گوللەی دووەمیشیان لە پشتی دراوە، فیشەکێکی نەتەقیویش لەوێ دۆزراوەتەوە".



عەقید شۆڕش زانیاریی زیاتری درکاند و گوتی "بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئەو ئافرەتە کە تەمەنی نزیکەی 20 ساڵ دەبێ، منداڵێکی تەمەن نزیکەی دوو ساڵان و دوو کەسی دیکەی لەگەڵ بووە، پانتۆڵێکی منداڵەکە لە شوێنی تاوانەکە بەجێماوە، هەروەها کەرەستەی خواردنی سێ کەس لە شوێنەکە هەبووە. دوو بەتانیش لە شوێنەکە ڕاخرابوون".

بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەو ئافرەتە سێ ڕۆژ بەر لە دۆزینەوەی تەرمەکەی کوژراوە، تەرمەکەشی بەهۆی گەرماوە ڕەشهەڵاتووە و ئاوساوە، دوای دۆزینەوەی یەکسەر ڕەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێر کرا.

سەبارەت بە ناسنامەی ژنەکە و بکوژانی، عەقید شۆڕش گوتی "بەپێی زانیارییەکان ئێستا پیاوێک خۆی کردووە بە خاوەنی ئەو ژنە، پێش کوژرانی ژنەکەش بە سێ ڕۆژ لەلای پۆلیس سکاڵای تۆمار کردووە کە هاوسەرەکەی دیار نییە".

عەقید شۆڕش هەروەها گوتی: "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان ئەو تاوانبارانە لە سنووری پارێزگای هەولێرەوە هاتوون و لەو شوێنە تاوانەکەیان کردووە، ژنەکە بە ئارەزووی خۆی لەگەڵیان هاتووە یان هەڵخەڵەتێنراوە، ئەوە دیار نییە، بەڵام تاوانەکە لەسەر شەرەف نەبووە".

پۆلیس دۆسیەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە و بۆی دەرکەوتووە ئەو ئافرەتە دانیشتووی گەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێرە. بە بڕیاری دادوەر و بەپێی مادەدە 406 لە یاسای سزادانی عێراقی، فەرمانی گرتن بۆ دوو کەس دەرچووە، بەڵام تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراون.

سەنگەر عوسمان ئەحمەد، لێپرسراوی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە قەزای کۆیە بە (ڕووداو)ی گوت: "دەستمان کردووە بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تاوانەکە، چونکە جگە لەوەی تاوانێک دەرهەق بەو ژنە کراوە، منداڵەکەشی دیار نییە، دەبێ هەرچی زووە چارەنووسی ئەو منداڵە دیاری بکرێ".

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) ناسنامەی ژنە کوژراوەکە دەرکەوتووە و پێشتر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەبووە، کەسوکاری مێردەکەی لەو باوەڕەدان کوژرانی ژنەکە پەیوەندی بەو کێشەیەوە هەبێ.

سەرچاوەیەک لە بنەماڵەی ئەو پیاوەی خۆی بە هاوژینی ئافرەتە کوژراوەکە دەزانێ، بە (ڕووداو)ی گوت "ژنەکە ناوی (ە.م.ع) ە و لە دایکبووی ساڵی 2000ە، مێردەکەی پێشمەرگەیە و حەوت ساڵ لە خۆی گەورەترە، دوای ڕووداوەکە لە ترسی ئەوەی ئەویش بکوژن، ماڵەکەی جێهێشتووە و خۆی حەشارداوە".

ئەو سەرچاوەیە باسی کێشەیەکی کۆنی نێوان ئەو خێزانەی کرد و گوتی "ئەو ژن و پیاوە یەکدییان خۆشدەویست، سێ ساڵ لەمەوبەر هاوسەرگیرییان کردووە، ئافرەتەکە بەبێ ڕەزامەندی ماڵی باوکی لەگەڵ ئەو پیاوە ڕۆیشتووە و شووی پێکردووە. پێشتر ماڵی کوڕەکە داوای سوڵحیان کردبوو، بەڵام ماڵی کچەکە داوای 45 هەزار دۆلار و دوو کچیان لە ماڵی کوڕەکە کردبوو، بۆیە سوڵحەکە نەکرا".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، پێشتریش هەوڵی کوشتنی ئەو ژن و پیاوە دراوە "جارێک هەوڵی کوشتنیان درا و تەقەیان لێکرا، بەڵام بەرنەکەوتن و ڕزگاریان بوو".

ئەو سەرچاوەیە دڵنیایە لەوەی ئافرەتە کوژراوەکە هاوژینی (ر)یە و دەڵێت "ئێمە 80% لەوە دڵنیابووینەتەوە کە ئەو ژنەی کوژراوە هاوژینی (ر)یە، تەنیا یەک نیشانە ماوە بۆ ئەوەی 100% دڵنیابین، ئەویش ئەوەیە کە تیشک بۆ دەستی ئافرەتە کوژراوەکە بگیرێ، چونکە پێشتر دەستی شکاوە و پلاتینی تێدایە".

ئەو ژن و پیاوە خاوەنی کچێکی تەمەن 18 مانگین، بەڵام لە دوای کوژرانی ئافرەتەکەوە چارەنووسی کچەکەش دیار نییە. ئەو سەرچاوەیە گوتی "(ر) هەر دوای دیارنەمانی هاوژینەکەی، پۆلیسی ئاگادار کردەوە کە ئەگەر فریای نەکەون دەکوژرێ، منداڵەکەش هەر لەگەڵ دایکیدا بووە، بەڵام تاوەکو ئێستا چارەنووسی دیار نییە. (ر) داوای لەسەر دوو کەسی نزیکی خۆی تۆمار کردووە، چونکە دیارە ئەوان بردوویانە بۆ کوشتن".

### "کۆیی ژنان ناکوژن"

لایەنێکی دیکە کە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ دۆسیەکە دەکات، نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنانە لە کۆیە. دانا حاجی عەبدوڵڵا، لێپرسراوی ئەو نووسینگەیە بە (ڕووداو)ی گوت "لە شەش ساڵی ڕابردوودا ئەوە یەکەم حاڵەتی کوشتنی ژنانە لە سنوورەکەمان تۆمار دەکرێ، تاوانەکەش لەلایەن خەڵکی سنوورەکەمانەوە نەکراوە، بەڵکو لە دەرەوەی کۆیە هاتوون و لێرە تاوانەکەیان کردووە".

بە گوتەی دانا کە دەڵێت "کۆیی ژنان ناکوژن"، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا تەنیا سێ ژن بوونەتە قوربانی، دوو ژن بە قەزاوقەدەر سووتاون و گیانیان لەدەستداوە، کچێکی تەمەن 13 ساڵانیش بە پەت خۆی خنکاندووە.

# دوای خۆسووتاندنی، ئەندامانی جەستەی دەبەخشێ



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- کۆیە**

وەسیەتەکەی مامۆستا ئاواز زۆر جیاواز بوو لە وەسیەتی ئەوانەی لەسەرەمەرگدان، ئەو سەروەتەکەی ئەوەندە نەبوو داوای بەخشینی بکات، سەروەتی ئەو ئەندامانی جەستەی بوو، وەسیەتی کرد بەو کەسانەی بدەن کە پێویستیان پێیەتی، بەڵام پزیشک وەسیەتەکەی ڕەتدەکاتەوە.

مامۆستا (ئاواز.م.ح) تەمەن 36 ساڵ، دایکی دوو منداڵ و دانیشتووی قەزای کۆیە، ڕۆژی 2017/7/9 لە نێو ماڵەکەی خۆیدا نەوتی بەخۆیدا کرد و ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. مامۆستا ئاواز نزیکەی 80%ی جەستەی سووتابوو، 18 ڕۆژ لە نەخۆشانە مایەوە و بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی گیانی سپارد. مامۆستا ئاواز لە سەرەمەرگدا وەسیەتی کرد ئەندامانی جەستەی ببەخشن.

ئەو مامۆستایە کە لەگەڵ هاوژینەکەی خاڵۆزا و پوورزای یەکدین، هەرچەندە سکاڵای لەسەر هاوژینەکەی نەبووە، بەڵام پۆلیس بڕیاری دەستگیرکردنی داوە و تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراوە.

حوسێن، برا گەورەی مامۆستا ئاواز بە (ڕووداو)ی گوت: "خوشکەکەم بە خواستی خۆی شووی کردووە، دوو منداڵی هەیە، هاوژینەکەی پێشمەرگەیە، لە هەمانکاتدا وەستای بۆریی ئاو و ئاوەڕۆیە، بۆیە باری ئابوورییان باش بوو".

حوسێن دەڵێت ئەو ژن و مێردە زۆر تەبابوون، بۆیە سەری سوڕماوە لەوەی کە خوشکەکەی لە ئیفادەی پۆلیسدا گوتوویەتی خۆی لە داخی مێردەکەی سووتاندووە. حوسێن گوتی: "خوشکم لە ئیفادەی پۆلیسدا گوتبووی لە داخی مێردەکەم خۆم سووتاندووە، بەڵام داوای لەسەر تۆمار نەکرد، چونکە گوتی تازە منداڵەکانم بێ دایک بوون، حەز ناکەم بێ باوکیش بن".

حوسێن چاوەڕێی ئەوە بووە خوشکەکەی چاک ببێتەوە، بەڵام کاتێک گوێی لە وەسیەتەکانی بووە، لێی بێ ئومێد بووە. حوسێن گوتی "ئاواز لە نەخۆشخانە وەسیەتی کرد کە خانووەکەیان بەناوی خۆیەتی و لەسەر منداڵەکانی تاپۆ بکەین، هەروەها وەسیەتی دووەمیشی ئەوەبوو کە دوای مردنی، هەموو ئەندامانی جەستەی ببەخشن بەو کەسانەی پێویستیان پێیەتی".

حوسێن زیاتر لەبارەی وەسیەتی دووەمی خوشکەکەی قسەی کرد و گوتی "خوشکەکەم ڕۆژی 2017/7/27 لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو، ڕۆژێک پێشتر بانگی زۆربەی کەسە نزیکەکانی و پزیشکێکی پسپۆڕی کرد، وەسیەتی کرد دوای مردنی هەر ئەندامێکی جەستەی بە کەڵک بێ بیبەخشن بە کەسانی نەخۆش و خاوەن پێداویستی، بەڵام پزیشکەکە گوتی ناتوانین وەسیەتەکەت جێبەجێ بکەین، چونکە زۆربەی ئەندامەکانی جەستەت بەهۆی نەوت و دووکەڵ و ئاگر ژەهراوی بوون و بە کەڵکی بەخشین نایەن، بۆیە وەسیەتەکەی جێبەجێ نەکرا".

سەبارەت بە جێبەجێکردنی وەسیەتەکەش، حوسێن گوتی "بەدڵنیاییەوە جێبەجێمان دەکرد، چونکە دەبووە مایەی سەربەرزی بۆ ئەو و جێی شانازیش بۆ ئێمە".

لەدوای ڕووداوەکەوە، هاوژینی مامۆستا ئاواز خۆی شاردوەتەوە و مۆبایلەکەشی داخستووە. حوسێن لەبارەی زاواکەیان دەڵێت: "زاواکەمان تەنیا نامەیەکی بۆ ناردووم و لە نامەکەدا دەڵێت کاکە تکایە گەردنم ئازاد بکەن، کە بەهۆی هاوسەرەکەمەوە تووشی ناڕەحەتی بووبن، بڕوا بکەن من ئەوم زۆر خۆشدەویست و هیچ کات دڵپیسی و کێشەی گەورەمان لەنێواندا نەبووە، سوێند بە خودا کە ئەو کارە ڕوویداوە من لەماڵ نەبووم و لەدەوام بووم، تکایە بمبەخشن، هەروەکو جاران بە کوڕی خۆتانم بزانن".

حوسێن قسەکانی زاواکەی پشتڕاست کردەوە و گوتی لەکاتی ڕووداوەکەدا خوشکەکەم بەتەنیا لەگەڵ منداڵەکانی لە ماڵ بووە، هاتووەتە حەوشەی ماڵەکەی و خۆی سوتاندووە، کە ئاگری گرتووە ڕایکردووە بۆ کۆڵان.

ڕێواس کە خوشکی گەورەی مامۆستا ئاوازە، ئێستاش باوەڕ ناکات خوشکەکەی، خۆی سوتاندووە و لە ژیاندا نەماوە. ئەو دەڵێت "مامۆستا ئاواز هیچ کێشەی لەگەڵ مێردەکەی نەبوو، ئەگەر کێشەشی هەبووایە، هەمیشە پشتی بەخۆی دەبەست و خۆی کێشەکانی خۆی چارەسەر دەکرد".

ڕێواس باسی هەڵسوکەوتی خوشکەکەی دەکات لە ماوەی ئەو 18 ڕۆژەی لە نەخۆشخانە بووە و دەڵێت مامۆستا ئاواز لە نەخۆشخانە بەردەوام ئامۆژگاریی خوشکەکانی و ئەو ژن و کچانەی دەکرد کە سەردانیان دەکرد "بەردەوام دەیگوت لەبەر کێشە ڕامەکەن و کارەسات بەسەر خۆتان مەهێنن، چونکە هیچ کێشەیەک نییە چارەسەری نەبێ".

### دۆسیەکەیان لە دادگا بووە

ڕائیدی پۆلیس دانا حاجی، لێپرسراوی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە قەزای کۆیە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)، باسی خۆسووتاندنی ئەو ژنەی کرد و گوتی "هەر دوای ڕووداوەکە پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد. ئەو ئافرەتە لە داخی هاوژینەکەی، خۆی سووتاندووە. پێشتر کێشە لە نێوانیاندا هەبووە. کێشەکەشیان گەیشتووەتە دادگا و پۆلیس. بەڵام داوای لەسەر کەس نەبووە. دادوەر بڕیاری دەستگیرکردنی هاوژینەکەی بەپێی ماددە 408 لە یاسای سزادانی عێراقی داوە. بەڵام تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراوە و شوێنەکەی نادیارە".



## دوو کوردی ئێزدی له‌ به‌غدا ده‌کوژرێن

**رووداو- هه‌ولێر**

دوو گه‌نجی کوردی ئێزدی له‌ به‌غدا له‌لایه‌ن چه‌ند چه‌كدارێكه‌وه‌ كوژران. شوان محه‌ممه‌د ته‌ها، به‌رپرسی لقی پێنجی پارتی دیموكراتی كوردستان له‌ به‌غدا به‌ (رووداو)ی راگه‌یاند، رۆژی شه‌ممه‌ 2017/7/29، دوو گه‌نجی كوردی ئێزدی له‌ ناوچه‌ی ئه‌لغه‌زالی شاری به‌غدا له‌لایه‌ن چه‌ند چه‌كدارێكی نه‌ناسراوه‌وه‌ كوژراون، تاوه‌كو ئێستاش هۆكاری كوشتنه‌كه‌یان روون نییه‌. گه‌نجه‌كان خه‌ڵكی سنووری شنگالن و له‌ دووكانێكی مه‌یفرۆشیدا كاریان كردووه‌، یه‌كێكیان ناوی فه‌رمان حه‌جی و ئه‌وی دیكه‌شیان ناوی داود باپیره‌. زۆربه‌ی باڕ و یانه‌كانی خواردنه‌وه‌ له‌ عێراق و هه‌رێمی كوردستان له‌لایه‌ن كوردی ئێزدییه‌وه‌ به‌ڕێوه‌ده‌برێن.



كۆمه‌ڵایه‌تی
رووداو
ژماره‌ ( 467 ) - دووشه‌ممه‌ 2017/7/31

### چوار مانگه‌ هاوسه‌رگیری كردووه

# گه‌نجێک "له‌ داخی باوكی" خۆی ده‌كوژێ



**دیمه‌ن بورهان**
**رووداو – هه‌ولێر**

گه‌نجێكی رۆژهه‌ڵاتی كوردستان له‌ شاری هه‌ولێر كۆتایی به‌ ژیانی خۆی هێنا و هاوژینه‌كه‌شی ده‌ڵێت له‌ داخی باوكی، خۆی كوشتووه‌.

كاژێر شه‌شی ئێواره‌ی رۆژی 2017/7/29 پۆلیس له‌ رووداوێكی كوشتن له‌ گه‌ڕه‌كی سێتاقانی شاری هه‌ولێر ئاگادار كرانه‌وه‌، كاتێك گه‌یشتنه‌ شوێنی رووداوه‌كه‌، ده‌ركه‌وت گه‌نجێكی ته‌مه‌ن 22 ساڵانی خه‌ڵكی رۆژهه‌ڵاتی كوردستانه‌ به‌ناوی سه‌عید جه‌مال كه‌ به‌ گولله‌یه‌ك كۆتایی به‌ ژیانی خۆی هێناوه‌.

سه‌عید ماوه‌ی چوار مانگه‌ هاوسه‌رگیریی له‌گه‌ڵ كچێكی رۆژهه‌ڵاتی كوردستان كردووه‌، سه‌ره‌تا هه‌ندێك ده‌زگای راگه‌یاندن بڵاویان كردووه‌ كه‌ سه‌عید له‌لایه‌ن فاتیمه‌ی هاوژینییه‌وه‌ كوژراوه‌، به‌ڵام هه‌ر زوو پۆلیس ئه‌و هه‌واڵه‌ی ره‌تكرده‌وه‌ و رایگه‌یاند كه‌ به‌هۆی ده‌مه‌قاڵه‌یه‌ك له‌گه‌ڵ باوكی، به‌ گولله‌یه‌ك كۆتایی به‌ ژیانی خۆی هێناوه‌.

ئه‌و گه‌نجه‌ ماوه‌ی چه‌ند ساڵێك بوو له‌گه‌ڵ ماڵی باوكی هاتبوونه‌ هه‌ولێر. له‌گه‌ڵ باوكی ناته‌واخانه‌یان هه‌بوو، باوكی سه‌عید داوا له‌ كوڕه‌كه‌ی ده‌كات هاوسه‌رگیری بكات و خۆی كچێكی له‌ رۆژهه‌ڵاتی كوردستان بۆ دیاری ده‌كات، ئه‌و گه‌نجه‌ كه‌ ته‌نیا چوار مانگ بوو له‌گه‌ڵ فاتیمه‌ هاوسه‌رگیرییان كردبوو، به‌هۆی زانینی چه‌ند نهێنییه‌كی باوكی و دروستبونی ده‌مه‌قاڵێ له‌نێوانیان، خۆی كوشت.

### "خه‌زوورم بۆ مه‌رامی خۆی منی خواست"

فاتیمه‌ی 18 ساڵان كه‌ هاوژینی سه‌عیده‌، هۆكاری خۆكوشتنی هاوژینه‌كه‌ی بۆ (رووداو) ئاشكرا كرد و گوتی: "چوار مانگ له‌مه‌وبه‌ر باوكی سه‌عید داوای منی كرد بۆ كوڕه‌كه‌ی، دوای رازیبوونی خۆم و كه‌سوكارم هاوسه‌رگیریمان كرد".

به‌ڵام فاتیمه‌ ده‌ڵێت باوكی سه‌عید مه‌به‌ستی خۆی له‌و خزمایه‌تییه‌ هه‌بووه‌ "نه‌مزانی هۆكاری هاوسه‌رگیرییه‌كه‌مان پلانێكی له‌پشت بووه‌. من و سه‌عید ته‌نیا ئامرازێك بووین بۆ جێبه‌جێكردنی مه‌رامه‌كانی خه‌زوورم".

به‌ گوته‌ی فاتیمه‌، باوكی سه‌عید په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ خوشكێكی ئه‌ودا هه‌بووه‌ و به‌و هاوسه‌رگیرییه‌ ویستوویه‌تی زیاتر له‌ خێزانه‌كه‌یان نزیك ببێته‌وه‌.

فاتیمه‌ گوتی: "خوشكێكم هه‌یه‌ له‌ رۆژهه‌ڵاتی كوردستان نیشته‌جێیه‌ و له‌ هاوژینه‌كه‌ی جیابووه‌ته‌وه‌، به‌بێ ئاگاداری ئێمه‌ په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ خه‌زوورم هه‌بووه‌، سه‌عید هه‌ندێك نهێنیی باوكی زانیبووه‌وه‌ كه‌ په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ ژنی هاوڕێیه‌كی هه‌یه‌، دواتر به‌ په‌یوه‌ندیی نێوان باوكی و خوشكه‌كه‌ی منیشی زانی و به‌وه‌ زۆر دڵگران بوو".

فاتیمه‌ ده‌ڵێت: "ئێواره‌ی رۆژی 2017/7/29 له‌گه‌ڵ باوكی بووه‌ ده‌مه‌قاڵێ و شه‌ڕیان، دواتر له‌ داخی باوكی به‌ گولله‌یه‌ك كۆتایی به‌ ژیانی خۆی هێنا".

فاتیمه‌ ره‌تیكرده‌وه‌ هیچ كێشه‌یه‌كی له‌گه‌ڵ سه‌عید هه‌بووبێ، به‌ڵكو ده‌ڵێت له‌گه‌ڵ سه‌عید یه‌كدییان زۆر خۆشده‌ویست.

فاتیمه‌ گوتی: "پێش هاوسه‌رگیریی من و سه‌عید، خه‌زوورم ده‌ستی له‌گه‌ڵ خوشكم تێكه‌ڵ كردبوو، من به‌و نهێنییه‌م نه‌زانیبوو، خه‌زوورم خاوه‌نی ژن و ماڵ و منداڵه‌، هاوسه‌ره‌كه‌شم نه‌یتوانی به‌رگه‌ی ره‌فتاره‌كانی باوكی بگرێت، بۆیه‌ خۆی كوشت".

له‌باره‌ی ئه‌و كه‌یسه‌وه‌، رائید هۆگر عه‌زیز، گوته‌بێژی پۆلیسی پارێزگای هه‌ولێر به‌ (رووداو)ی گوت " ئێواره‌ی رۆژی 2017/7/29 ئاگادارکراینه‌وه‌ له‌ حاڵه‌تێكی خۆكوشتن له‌ گه‌ڕه‌كی سێتاقانی شاری هه‌ولێر، ده‌ركه‌وت به‌هۆی كێشه‌ی نێوان باوك و كوڕێك له‌سه‌ر كێشه‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تی، كوڕه‌كه‌ به‌ناوی سه‌عید جه‌مال خۆی كوشتووه‌".

گوته‌بێژی پۆلیسی پارێزگای هه‌ولێر گوتیشی: "دوای لێكۆڵینه‌وه‌ له‌ رووداوه‌كه‌، باوكی كوڕه‌كه‌ ده‌ستگیركرا و ده‌ركه‌وت كوڕه‌كه‌ی به‌هۆی چه‌ند كارێكی نه‌شیاوی ئه‌و، خۆی كوشتووه‌. جگه‌ له‌ باوكی، هاوژینی سه‌عیدیش لێكۆڵینه‌وه‌ی له‌گه‌ڵدا كرا و ئه‌ویش هه‌مان ئه‌و زانیارییانه‌ی دووپات كرده‌وه‌".

گوته‌بێژی پۆلیسی هه‌ولێر هه‌موو ئه‌و ده‌نگۆیانه‌ی ره‌تكرده‌وه‌ كه‌ وا بڵاوكرابوونه‌وه‌ ئه‌و پیاوه‌ له‌لایه‌ن هاوژینه‌كه‌یه‌وه‌ كوژرابێ و گوتی "له‌چه‌ند ده‌زگایه‌كی ڕاگه‌یاندن ئه‌م رووداوه‌ وا بڵاوكرایه‌وه‌ كه‌ ئه‌و پیاوه‌ له‌لایه‌ن هاوژینه‌یه‌كه‌وه‌ كوژراوه‌، به‌ڵام دوای لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی ورد ده‌ركه‌وت كه‌وا خۆی كۆتایی به‌ ژیانی خۆی هێناوه‌".



موقه‌ده‌می مافپه‌روه‌ر
ژیله‌مۆ عه‌بدولقادر

## كچێك خێزانێكی هه‌ڵوه‌شانده‌وه‌

به‌ناوی سه‌ردانی ده‌سته‌ خوشكه‌كه‌یه‌وه‌ چووه‌ ده‌ره‌وه‌، به‌ڵام نه‌ك نه‌چووه‌ لای ده‌سته‌خوشكه‌كه‌ی، به‌ڵكو خێزانێكی لێكهه‌ڵوه‌شانده‌وه‌، زۆریشی نه‌مابوو خۆی تووشی به‌ڵایه‌كی گه‌وره‌ بكات.

ئافره‌تێك ده‌یویست له‌ مێرده‌كه‌ی جیاببێته‌وه‌، چونكه‌ مێرده‌كه‌ی ناپاكیی له‌گه‌ڵ كردبوو. ئه‌و ئافره‌ته‌ گوتی، كچێك كه‌ دواتر ده‌ركه‌وت په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ مێرده‌كه‌م هه‌یه‌، به‌ناوی ئه‌وه‌ی ده‌چێته‌ لای ده‌سته‌خوشكه‌كه‌ی و شه‌و له‌لای ده‌مێنێته‌وه‌، روخسه‌ت له‌ دایكی وه‌رده‌گرێ، به‌ڵام نه‌چووه‌ته‌ لای ده‌سته‌خوشكی، به‌ڵكو ئه‌و شه‌وه‌ له‌لای مێرده‌كه‌ی من بووه‌.

### چۆن ئاشكرا بوو؟

ئه‌و ژنه‌ ده‌ڵێت مێرده‌كه‌ی پێیگوتووه‌ بۆ شه‌و و رۆژێك سه‌فه‌ر ده‌كات، بۆیه‌ ئه‌ویش چووه‌ته‌وه‌ ماڵی باوكی و به‌ دراوسێكانی گوتووه‌ ئاگایان له‌ ماڵه‌كه‌ی بێ، ئه‌و ده‌ڵێت: "شه‌و یه‌كێك له‌ دراوسێكان ته‌له‌فۆنی كرد و گوتی له‌ ماڵن؟ منیش گوتم من له‌ ماڵی باوكم و مێرده‌كه‌شم له‌ سه‌فه‌ره‌، به‌ڵام ئه‌و گوتی: ئۆتۆمبێلی مێرده‌كه‌ت له‌به‌رده‌رگایه‌. ئیدی گومانم بۆ دروستبوو، له‌گه‌ڵ برایه‌كم یه‌كسه‌ر گه‌ڕامه‌وه‌ ماڵه‌وه‌، بینیم مێرده‌كه‌م له‌گه‌ڵ كچێك خه‌ریكی ئاماده‌كردنی خواردن و خواردنه‌وه‌ن، منیش یه‌كسه‌ر په‌یوه‌ندیم به‌ پۆلیسه‌وه‌ كرد و پۆلیس هه‌ردووكیانی ده‌ستگیركرد".

دوای پشكنین ده‌رده‌كه‌وێ سێكسیان له‌گه‌ڵ یه‌ك نه‌كردووه‌، به‌ڵام ژنه‌كه‌ سوور بوو له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ له‌ مێرده‌كه‌ی جیاببێته‌وه‌، چونكه‌ درۆی له‌گه‌ڵ كردووه‌ و خیانه‌تیشی لێ كردووه‌. دۆسیه‌كه‌یان ره‌وانه‌ی به‌رده‌م دادوه‌ر ده‌كرێ، ژنه‌كه‌ له‌به‌رده‌م دادوه‌ر گوتی من هه‌رچه‌نده‌ منداڵم له‌و پیاوه‌ هه‌یه‌، په‌یوه‌ندییه‌كه‌شی له‌گه‌ڵ ئه‌و كچه‌ سنووری نه‌به‌زاندووه‌، به‌ڵام سوورم له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی لێی جیاببمه‌وه‌. له‌به‌ر دوارۆژی منداڵه‌كانم سكاڵای له‌سه‌ر تۆمار ناكه‌م، ناشمه‌وێ كه‌سێكی وا منداڵه‌كانم بۆ په‌روه‌رده‌ بكات. دادوه‌ر گوتبووی له‌ ده‌ره‌وه‌ی دادگا بۆ خۆتان رێكبكه‌ون، ئه‌وانیش له‌ ده‌ره‌وه‌ی دادگا رێككه‌وتن و جیابوونه‌وه‌.

### چاره‌نووسی كچه‌كه‌

ره‌نگه‌ بپرسن ئه‌ی چاره‌نووسی كچه‌كه‌؟ هه‌ر دوای ده‌ستگیركردنی، كچه‌كه‌ یه‌كسه‌ر ره‌وانه‌ی ماڵی داڵده‌دان كرا بۆ ئه‌وه‌ی گیانی پارێزراو بێ. دایكی كچه‌كه‌ سه‌ردانی كردین و گوتی كچه‌كه‌م ده‌سته‌خوشكێكی هه‌یه‌، زوو زوو ده‌یگوت ده‌چمه‌ لای ده‌سته‌ خوشكه‌كه‌م، منیش له‌به‌ر ئه‌وه‌ی زۆر متمانه‌م به‌ ده‌سته‌خوشكه‌كه‌ی بوو، بۆیه‌ رێگه‌م پێده‌دا، چه‌ند جارێك شه‌وان له‌لای ئه‌و ماوه‌ته‌وه‌. ئه‌و شه‌وه‌ ته‌له‌فۆنی بۆ كردم و گوتی دایكه‌ فریام بكه‌وه‌، من درۆم له‌گه‌ڵ كردووی له‌لای ده‌سته‌ خوشكه‌كه‌م نه‌بووم، من په‌یوه‌ندیم له‌گه‌ڵ پیاوێك هه‌یه‌ و له‌لای ئه‌و بووم، به‌ڵام پۆلیس ده‌ستگیری كردووم.

باوك و دایكی كچه‌كه‌ كاتێك زانییان پشكنین بۆ كچه‌كه‌یان كراوه‌ و سێكسی له‌گه‌ڵ ئه‌و پیاوه‌ نه‌كردووه‌، رازی بوون كچه‌كه‌یان ببه‌نه‌وه‌، ته‌نانه‌ت ئاماده‌نه‌بوون پیاوه‌كه‌ش ببینن. به‌ڵام به‌ڵێننامه‌یان پێ پڕكرایه‌وه‌ كه‌ توندوتیژی به‌رامبه‌ر كچه‌كه‌یان نه‌كه‌ن، ئینجا كچه‌یان راده‌ست كرایه‌وه‌. ئێستاش تیمه‌كانمان زوو زوو به‌دواداچوون بۆ بارودۆخی كچه‌كه‌ ده‌كه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی دڵنیا ببنه‌وه‌ له‌وه‌ی هیچ توندوتیژییه‌كی به‌رامبه‌ر ناكرێ.

لایه‌نی یاسایی دۆسیه‌كه‌

ئه‌گه‌ر بگه‌ڕێینه‌وه‌ بۆ دۆسیه‌ی ئافره‌ته‌كه‌، ئه‌و ئافره‌ته‌ ده‌یتوانی دوو سكاڵا تۆمار بكات، یه‌كه‌میان داوای سزایی له‌سه‌ر كچه‌كه‌ و هاوژینه‌كه‌ی، ئه‌ویش به‌پێی مادده‌ 377 له‌ یاسای سزادانی عێراقی. له‌ مادده‌كه‌دا هاتووه‌ "سزاده‌درێ به‌ حه‌پسكردن ئه‌و ژنه‌ی زینای كردووه‌، ئه‌وه‌شی كه‌ زینای له‌گه‌ڵ كردووه‌". هه‌روه‌ها ده‌یتوانی دوای جیابوونه‌وه‌ له‌ هاوژینه‌كه‌ی بكات و له‌ دادگای باری كه‌سی سكاڵا له‌سه‌ر مێرده‌كه‌ی تۆمار بكات و داوای نه‌فه‌قه‌ی منداڵه‌كانی لێ بكات. به‌ڵام ئه‌وان له‌ ده‌ره‌وه‌ی دادگا بۆ خۆیان رێككه‌وتن. ناتوانرێ هیچ رێوشوێنێكی یاسایی به‌رامبه‌ر كچه‌كه‌ و پیاوه‌كه‌ بگیرێته‌به‌ر، چونكه‌ دۆسیه‌كه‌یان مافی گشتیی تێدا نه‌بوو.

*** به‌ڕێوه‌به‌ری به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی توندوتیژی دژی ئافره‌تان/ هه‌ولێر**

# هاوڕێكه‌ی خۆی بۆ ماتۆڕسكیلێك كوشت

**هه‌ڵكه‌وت عه‌زیز**
**رووداو- كه‌ركووك**

هه‌فته‌یه‌ك بوو كه‌سوكاره‌كه‌ی شوێن نه‌ما به‌دوایدا نه‌گه‌ڕێن، نه‌خۆشخانه‌، بنكه‌كانی پۆلیس و هه‌ر شوێنێك كه‌ بیریان بۆی چووبێ، به‌ڵام دواجار ته‌رمی محه‌ممه‌د له‌نێو ئاوی زێی بچووك له‌ نزیك شارۆچكه‌ی پردێ دۆزرایه‌وه‌. هه‌رزوو پۆلیس بكوژه‌كه‌ی ئاشكرا كرد و ده‌ركه‌وت هاوڕێیه‌كی نزیكی خۆی بووه‌.

محه‌ممه‌د مسته‌فا، ته‌مه‌ن 17 ساڵ، تاقه‌ كوڕی خێزانه‌كه‌یان بوو، له‌ پۆلی سێی ناوه‌ندی بوو، باوكی محه‌ممه‌د پێشتر فه‌رمانبه‌ر بووه‌ له‌ قه‌زای ته‌لعه‌فه‌ر، به‌ڵام دوای هاتنی داعش بۆ ناوچه‌كه‌، گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌ شارۆچكه‌ی پردێ.

محه‌ممه‌د رۆژی 2017/7/19 له‌ ماڵ ده‌رده‌چێ و ناگه‌ڕێته‌وه‌، دوای هه‌فته‌یه‌ك ته‌رمه‌كه‌ی به‌ ده‌ستبه‌ستراوی له‌ نێو زێی بچووكدا ده‌دۆزرێته‌وه‌. مسته‌فا موحسین، باوكی محه‌ممه‌د به‌ (رووداو)ی گوت: "محه‌ممه‌د تاقانه‌ بوو، سێ خوشكی هه‌یه‌، ماوه‌ی هه‌فته‌یه‌ك دیار نه‌ما و پۆلیس و ده‌زگا ئه‌منییه‌كانمان لێ ئاگادار كرده‌وه‌، دواتر به‌ كوژراوی و ده‌ستبه‌ستراوی له‌ ئاوی زێی بچووكدا دۆزیمانه‌وه‌".

هه‌ر دوای ئاگاداركردنه‌وه‌ی پۆلیس له‌ رووداوه‌كه‌، پۆلیس ده‌ستی به‌ لێكۆڵینه‌وه‌ كرد و هه‌ر ئه‌و رۆژه‌ سێ كه‌سی به‌ تۆمه‌تی كوشتنی محه‌ممه‌د ده‌ستبه‌سه‌ركرد كه‌ هاوڕێی محه‌ممه‌د بوون.

عه‌مید سه‌رحه‌د قادر، به‌ڕێوه‌به‌ری پۆلیسی قه‌زا و ناحیه‌كانی پارێزگای كه‌ركووك كه‌ خۆی سه‌رپه‌رشتی لێكۆڵینه‌وه‌ له‌ كوژرانی ئه‌و مێرمنداڵه‌ی كردووه‌، به‌ (رووداو)ی گوت "دوای ئه‌وه‌ی باوكی محه‌ممه‌د ئێمه‌ی له‌ ونبوونی كوڕه‌كه‌ی ئاگادار كرده‌وه‌، هه‌ر ئه‌و رۆژه‌ سێ كه‌سمان ده‌ستگیر كرد، خۆم تاوه‌كو دره‌نگی شه‌و لێكۆڵینه‌وه‌م له‌گه‌ڵ كردن، یه‌كێكیان كه‌ ناوی فه‌رهاده‌ و هاوڕێی محه‌ممه‌د بوو، دانی به‌وه‌دا نا كه‌ ئه‌و محه‌ممه‌دی كوشتووه‌".

فه‌رهاد سه‌ره‌تا له‌لای پۆلیس گوتبووی محه‌ممه‌د جنێوی به‌ كه‌سوكاره‌كه‌ی داوه‌، بۆیه‌ كوشتوویه‌تی، به‌ڵام پۆلیس باوه‌ڕی به‌ قسه‌كانی نه‌كرد، دواتر له‌لای پۆلیس گوتبووی به‌ هه‌ڵه‌ كوشتوویه‌تی.

فه‌رهاد باسی چۆنیه‌تی كوشتنی هاوڕێكه‌ی بۆ پۆلیس كردووه‌. وه‌ك عه‌مید سه‌رحه‌د باسی كرد، فه‌رهاد گوتبووی "به‌یانییه‌ك له‌گه‌ڵ محه‌ممه‌د چووینه‌ كه‌ركووك له‌وێ ده‌مانچه‌یه‌كی توركیمان كڕی، پاشان گه‌ڕاینه‌وه‌ پردێ، كاژێر 11ی شه‌و ته‌له‌فۆنم بۆ محه‌ممه‌د كرد و گوتم با بچینه‌ ده‌م زێی بچووك له‌وێ ده‌مانچه‌كه‌ تاقی بكه‌ینه‌وه‌، پێكه‌وه‌ رۆیشتین له‌ نزیك ئاوه‌كه‌ دانیشتبووین، ده‌مانچه‌كه‌ دوو فیشه‌كی له‌سه‌ر بوو به‌ده‌ستی منه‌وه‌ بوو، ده‌ستكاریم ده‌كرد له‌ناكاو ده‌ستم به‌ریكه‌وت و گولله‌یه‌ك به‌ر محه‌ممه‌د كه‌وت".

به‌ گوته‌ی فه‌رهاد، هاوڕێكه‌ی ده‌ستبه‌جێ گیانی ده‌رچووه‌، ئه‌ویش بۆ ئه‌وه‌ی تووشی كێشه‌ نه‌بێ، بیری له‌وه‌ كردووه‌ته‌وه‌ تاوانه‌كه‌ په‌رده‌پۆش بكات، فه‌رهاد له‌لای پۆلیس گوتوویه‌تی: "بۆ ئه‌وه‌ی گومان نه‌كرێ من كوشتوومه‌، به‌ په‌تێك ده‌ستم به‌سته‌وه‌ و فڕێمدایه‌ نێو ئاو، مۆبایله‌كه‌شم هه‌ر فڕێدایه‌ ئاوه‌كه‌وه‌".

### چۆن ئاشكرا بوو؟

محه‌ممه‌د خاوه‌نی ماتۆڕسكیلێك بووه‌، هاوڕێیه‌كه‌ی كه‌ تۆمه‌تباره‌ به‌ كوشتنی، بۆ به‌یانی ماتۆڕسكیله‌كه‌ ده‌باته‌ كه‌ركووك و به‌ 125 هه‌زار دینار ده‌یفرۆشێ، دواجار هه‌ر به‌هۆی ئه‌و ماتۆڕسكیله‌وه‌ تاوانه‌كه‌ ئاشكرا ده‌بێ.

عه‌مید سه‌رحه‌د قادر ده‌ڵێت "زانیمان محه‌ممه‌د ماتۆڕسكیلی هه‌بووه‌ و دوای كوژرانی ماتۆڕسكیله‌كه‌ی دیار نه‌ماوه‌، بۆیه‌ چووینه‌ بازاڕی ماتۆڕسكیلفرۆشان، له‌وێ ماتۆڕسكیله‌كه‌مان دۆزییه‌وه‌، ئه‌مه‌ش بووه‌ سه‌ره‌داوێكی باش بۆ دۆزینه‌وه‌ی بكوژی محه‌ممه‌د كه‌ هاوڕێیه‌كی خۆی بوو".

مسته‌فا موحسین داوا له‌ حكومه‌ت و ده‌زگا ئه‌منییه‌كان ده‌كات مافی كوڕه‌كه‌ی له‌ بكوژه‌كه‌ وه‌ربگرنه‌وه‌، ئه‌و پێیوایه‌ فه‌رهاد به‌ ته‌نیا ئه‌و كاره‌ی نه‌كردووه‌ و كه‌سی دیكه‌شی له‌گه‌ڵه‌. مسته‌فا موحسین به‌ دووری ده‌زانێ كوڕه‌كه‌ی به‌ هه‌ڵه‌ كوژرابێ، وه‌كو بكوژه‌كه‌ باسی كردووه‌. ئه‌و ده‌ڵێت "كوڕه‌كه‌م تاوانی چیبوو كوشتیان، بۆ پاره‌ و مۆبایل و ماتۆڕ كوشتیان، ئاخر كه‌س هه‌یه‌ مرۆڤ بكوژێ بۆ ئه‌م شتانه‌!".



### دۆزینه‌وه‌ی حه‌وت ته‌رم له‌ دوو مانگدا

به‌پێی ئاماره‌كانی پۆلیسی قه‌زاو ناحیه‌كان ته‌رمی محه‌ممه‌د ده‌بێته‌ حه‌وته‌مین ته‌رم كه‌ له‌ ماوه‌ی دوو مانگی رابردوودا له‌ سنووری پۆلیسی قه‌زاو ناحیه‌كانی كه‌ركووك دۆزراونه‌ته‌وه‌. هه‌ر له‌و دوو مانگه‌دا سێ حاڵه‌تی رفاندنیش تۆماركراون. سه‌رباری هه‌ڵمه‌تی گه‌ڕان و پشكنین و پێكهێنانی هێزی هاوبه‌ش و قه‌ده‌غه‌كردنی هه‌ڵگرتنی چه‌كی بێ مۆڵه‌ت، به‌ڵام نه‌توانراوه‌ ئه‌و حاڵه‌تانه‌ بنبڕ بكرێن.

## پارێزەر داوای 50 هەزار دۆلار دەكات

# ڕێبوار تاڵەبانی پارەی نییە بیداتە پارێزەر

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەرۆكی ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووك پێیوایە دادگاییكردنی خۆی و ئەندامانی ئەنجوومەنەكەی سەبارەت بە هەڵكردنی ئاڵای كوردستان لە كەركووك، ڕووكارێكی سیاسی وەرگرتووە و دڵنیایە لەوەش كە نزیكبوونەوە لە وادەی ئەنجامدانی گشتپرسی، بەغدا هاندەدات بۆ ئەوەی زۆرتر ئەو پرسە بە سیاسی بكات. بەڵام بەرپرسانی پارێزگاكە پێیانوایە دادگای فیدراڵی عێراق خۆی بە پرسێكی بێسوودەوە سەرقاڵ كردووە، چونكە هەر بڕیارێك بدات، ئاڵاكە داناگرن.

ڕۆژی 2017/3/28 بڕیاری هەڵكردنی ئاڵای كوردستان لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووكەوە درا. ئەمەش كاردانەوەی بەشێك لە توركمانەكان و عەرەبی كەركووكی لێكەوتەوە و كار گەیشتە ئەوەی لە دادگای فیدراڵیی عێراق سكاڵا تۆمار بكەن.

ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆكی ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووك دەڵێ هەموو لایەنەكانی كەركووك و دانیشتووانەكەشی پشتیوانیمان دەكەن و هەموو هەوڵێكمان بۆ ئەوەیە لە دادگا بتوانین بیبەینەوە، بەڵام ئەوە پرسێكی دەستووری و یاساییە و هەم سیاسیشە "دەبوو لە پەرلەمانی عێراق و لەلایەن فراكسیۆنە كوردستانییەكانەوە ئەنجوومەنێكی شارەزا و پسپۆڕ پێكبهێنرایە بۆ ئەوەی پشتیوانیمان بكەن". هەروەها گلەیی لە سەرۆكایەتییەكانی دیكەش كرد كاتێك نووسراویان ئاراستەی سەرۆكایەتی كۆماری عێراق و سەرۆكایەتی هەرێم كردووە "چونكە ئێمە دەمانویست ئەوانیش چاودێریی پرۆسەكە بكەن و بزانن بەكوێ دەگات و بەردەوام ئاگایان لە وردەكارییەكانی دۆسیەكە بێت".

ڕۆژی دادگاییكردنەكە دواخرا بۆ دووی مانگی ئاب. سەرۆكی ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووك و ئەندامانی ئەنجوومەنەكە سوورن لەسەر ئەوەی بچن بەدەم دادگاوە. سكاڵاكە لەلایەن پێنج ئەندامی فراكسیۆنی بەرەی توركمانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووك تۆمار كراوە.

ڕێبوار تاڵەبانی دەڵێت: "ئەگەر ئێمە لەو دۆسییەدا سەركەوتوو بین، خەڵك باشتر هاندەدات لە شاری كەركووك بەشداریی گشتپرسی بكەن و جۆش و خرۆشێكی زۆرتریان دەداتێ".

بەڵام ئەی ئەگەر دادگا بەدڵی سكاڵاكارەكان بڕیاری دا؟ ڕێبوار تاڵەبانی ڕەتیدەكاتەوە بڕیاری داگرتنی ئاڵای كوردستان لە كەركووك لەسەر زمانی هیچ كەسێكەوە بدرێ "كێ دەوێرێ كاری وا بكات؟".

بەپێی قسەی بەرپرسانی كەركووك، نەك عەرەب و توركمانەكان، بگرە لە نێو لایەنە كوردستانییەكانیشدا، كەس ناوێرێ بیر لە داگرتنی ئاڵاكە بكاتەوە.

ڕیاز ساری كەهیە، سەرۆكی پارتی توركمان ئیلی دەڵێت: "لە كەركووك لە دوای پارێزگار گلەیی زۆرمان لە سەرۆكی ئەنجوومەنی پارێزگایە، ئەمە كارتێكی گوشاری سەرەتایی بوو، پێمان خۆشە لەپاڵ ئاڵای كوردستان ئاڵای ئێمەش هەڵبكرێت، چونكە فەرامۆشكردنی توركمان سوود بە كورد و كەركووك ناگەیەنێ".

فراكسیۆنی توركمانەكان كە لە شەش حیزب و نوێنەرێكی سەربەخۆ پێكهاتووە، نۆ ئەندامی لە ئەنجوومەنی پارێزگاری كەركووك هەیە، پێنج ئەندامی ئەو فراكسیۆنە كە سەر بە حیزبەكانی بەرەی توركمانی و پارتی گەلن، سكاڵایان تۆمار كردووە، بەڵام چوار ئەندامەكەی دیكە ئامادە نەبوون واژۆ لەسەر سكاڵاكە بكەن.

مەسعود حەیدەر، ئەندامی فراكسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ "هەموو فراكسیۆنە كوردستانییەكان پشتگیری لە ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووك دەكەن. چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەكەین و وەك ڕێز بۆ دادگا نامانەوێ دەستوەربدەینە نێو كاروباری یاسایی و دادگاوە"، بەڵام ئەویش گلەیی لە سەرۆكی ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووك هەیە و دەڵێت "پەیوەندی بە ئێمەوە نەكردووە تاوەكو پارێزەری بۆ بگرین".

ڕێبوار تاڵەبانی، باسی بەرامبەرەكانی دەكات كە چەند ئەندامێكی توركمانی ئەنجوومەنەكەن "هەر یەكێكیان سێ پارێزەری گرتووە و بڕی 150 هەزار دۆلاریان داوە بە پارێزەر بۆ ئەوەی بتوانن لە دادگا بیبەنەوە، بەڵام ئێمە پارێزەرەكانمان خۆبەخشن". گوتیشی "پارێزەرێكی زۆر زیرەك هەبوو داوامان لێكرد كارمان بۆ بكات، كەچی داوای 50 هەزار دۆلاری دەكرد. گوتی ئەو پارەیەم بدەنێ ئەو كێشەیە بە سوودی ئێوە كۆتایی پێدێنم، بەڵام ئەو پارەیەمان پێ هەڵنەسوڕا".

كێشەی كورد لە كەركووك بەلای بەرپرسانی ئەو ناوچەیەوە، لەوە تێپەڕیوە لە هەڵكردنی ئاڵای كوردستان و هەندێك پرسی لەوجۆرەدا مابێتەوە. چونكە وەك خۆیان باسی دەكەن، ئێستا كورد خۆی بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی ئامادە دەكات.

محەممەد كەمال، ئەندامی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووك، دەڵێ سكاڵا لەسەر ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووك تۆمار كراوە نەك تەنیا كاك ڕێبوار "چونكە ئێمە وەك ئەنجوومەن پێكەوە ئەو بڕیارەمان داوە، بەڵام ئەو دادگایە هەرچی بڵێ و هەر بڕیارێك دەربكات، هێز نییە بتوانێ ئەو ئاڵایە دابگرێ".



توركمانەكان 150 هەزار دۆلاریان داوە بە پارێزەر بۆ دۆسیەكەی ڕێبوار تاڵەبانی

# داعش لە مووسڵ زیاتر ئامادەكاری بۆ شەڕی تەلعەفەر كردووە



**هەڵۆ كاكەوەیس**
**ڕووداو- هەولێر**

پاش مووسڵ، فۆكوسی میدیاكان بە ئاراستەی تەلعەفەر، دوا پێگەی داعشە لە باكووری عێراق و نەینەوا، شەڕی تەلعەفەر كێشەی زۆر بە دوای خۆیدا دەهێنێ، چونكە هەندێك وڵاتی هەرێمی دژی بەشداریی حەشدی شەعبی و گرووپەكانی سەر بە ئێرانن.

قەزای تەلعەفەر 65 كیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای مووسڵ دوورە، ژمارەی دانیشتووانەكەی 250 هەزار كەس دەبێ كە زۆربەیان توركمانن، ئەوانیش لەنێوان شیعە و سوننەدا دابەشبوون، بەڵام بەهۆی شەڕەوە 60%یان قەزاكەیان جێهێشتووە.

تەلعەفەر ناوچەیەكی ستراتیژی و سەربازی و سیاسی و مێژوویی گرنگە كە مووسڵ بە سووریاوە دەبەستێتەوە، داعش دوو هەفتە دوای گرتنی، پەلاماری تەلعەفەری دا، پاش ئەوەی ئەبو وەلید، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەكانی نەینەوا كە بە (شێرەكەی مالیكی) ناسرابوو ڕێڕەوێكی بۆ هێزەكانی لە تەلعەفەر كردەوە و لە 2014/6/22 لەگەڵ لیوای 10ی فیرقەی سێی سوپای عێراق خۆیان گەیاندە سەنگەرەكانی پێشمەرگە لە شنگال.

حەشدی شەعبی پێش دەستپێكردنی ئۆپەراسیۆنی كۆنترۆڵكردنەوەی بەری ڕاستی مووسڵ، ڕێگەی تەلعەفەر-شنگالی لە ڕۆژئاواوە كۆنترۆڵ كرد و هاتوچۆی چەكدارانی داعشی لە نێوان سووریا و عێراق پەكخست.

كێشەی گەورەی حەیدەر عەبادی، فەرماندەی گشتیی هێزە چەكدارەكان، حەشدی شەعبی بوو لە شەڕی تەلعەفەر، چونكە گوشاری ئێرانی لەسەربوو بۆ بەشداری و لە هەمانكاتدا سوننە و توركمان و توركیا بەشداریكردنی حەشد لەو شەڕەیان بە هێڵی سوور دەزانی.

عەبادی پێشتر چەند جارێك ڕایگەیاندبوو كە سوپا و پۆلیس تەلعەفەر كۆنترۆڵ دەكەنەوە. ئەمەش وەك پێدانی دڵنیایی بە سوننەكان بوو كە حەشد بەشداریی ئەو شەڕە ناكات. دوای مشتومڕێكی زۆر، ڕۆژی 29ی تەممووز حەیدەر عەبادی، سەرۆكوەزیرانی عێراق ڕایگەیاند: "هێزەكانی حەشدی شەعبی و حەشدی عەشائیری بەشداریی لە كۆنترۆڵكردنەوەی تەلعەفەردا دەكەن".

بەڵام پێناچێ بەشداریی حەشدی شەعبی لەو شەڕە بەبێ باج تێپەڕێ، چونكە توركیا چەندینجار ڕایگەیاندووە ئەگەر حەشدی شەعبی بەشداربن، هەموو ڕێگەیەك بۆ پاراستنی توركمانەكانی تەلعەفەر دەگرنەبەر.

داعش بە درێژایی 60 كیلۆمەتر و پانایی 40 كیلۆمەتر سنووری شەڕكردنی لەگەڵ هێزە عێراقییەكان هەیە، جگە لە ناوەندی قەزاكە، داعش ناحیەكانی عەیازییە و محەلەبیە و 47 گوندی بەدەستەوەیە، بەشێكیان لەناوچەی دەشتایی و بیاباندان و بەشەكەی دیكەش لەنێوان گردۆڵكە و هەندێ بەرزایین لە دامێنی ڕۆژهەڵاتی چیای شنگال.

حەیدەر وائیلی، ئەفسەر لە هەواڵگری سەربازیی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "داعش لەنێوان بەشی زۆری گوندەكاندا تونێلی لێداوە و خۆی ئامادە كردووە، بگرە لە مووسڵ زیاتر خۆی بۆ ئەو شەڕە ئامادە كردووە، لەبەر ئەوەی تەنیا ڕێگەی شەڕكردنیان لەبەردەمە".

ڕائید شاكر جەودەت، فەرماندەی پۆلیسی فیدراڵی دەڵێت "مەشق و ڕاهێنان لەسەر شەڕی كۆڵان و هێرشی لەناكاو دەكەین و پلانێكمان هەیە بۆ ڕێگەگرتن لە تەقاندنەوەی قوتابخانە و شوێنە حكومییەكان".

ئەو هێزانەشی ئاشكرا كرد كە بەشداریی شەڕەكە دەكەن. هێزەكان بریتین لە مغاویری پۆلیس و فەوجێك بۆ شەڕی شەو، لیوایەكی قەناس، تیمەكانی پووچەڵكردنەوەی بۆمب. سوپا و دژەتیرۆر و پۆلیسی فیدراڵی و حەشدی عەشائیری و حەشدی شەعبی.

ئەحمەد ئەسەدی، گوتەبێژی فەرمی حەشدی شەعبی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پلانی كۆنترۆڵكردنەوەی تەلعەفەر فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەكان دایدەڕێژن، تەواوی هێز و لیوا و كەتیبەكانی حەشد بەشداری لە پرۆسەكە دەكەن". بە گوتەی حەشدی شەعبی دوو هەزار چەكداری داعش لەنێو تەلعەفەر سەنگەریان لە هێزە عێراقییەكان گرتووەو ئەستەمە كەسیان خۆیان ڕادەست بكەن.

پاش ئەوەی حەیدەر عەبادی بەشدارپێكردنی حەشدی شەعبی و عەشائیری لە شەڕی تەلعەفەر ڕاگەیاند بە فەرمی كۆمەڵی هێز و لیوای دیكە لە شەڕكردن لە مووسڵ دوورخرانەوە لەوانە: لیوا 29 لە فیرقە 15ی سوپای عێراق. لیواكانی 9 و 10 فیرقەی سێی پۆلیسی فیدراڵی، لیوا حوسین لە حەشدی شەعبی، هێزەكانی پۆلیس ئامادەی تەلعەفەر.

زوهیر حازم الجبوری، گوتەبێژی پاسەوانی نەینەوا بە (ڕووداو)ی گوت "هیچ فەرمانێكمان پێ نەگەیشتووە بۆ بەشداریكردن لە شەڕی تەلعەفەر، ئەگەر شەڕێك نزیك ببێتەوە، ئەوە چەندین مانگ ئێمە خۆمانی بۆ ئامادە دەكەین، بەڵام پێناچێت حكومەت ڕێگە بە پاسەوانی نەینەوا بدات بەشداریی لەو شەڕەدا بكەن".

### 350 كوردی ئێزدی لە تەلعەفەرن

خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری كاروباری ئێزدییەكان لە وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی كوردستان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نزیكەی 350 كوردی ئێزدی ڕفێندراو لە تەلعەفەر لەلایەن داعشەوە دەستبەسەركراون، بەشی زۆریان منداڵن، هاوكات داعش بەشێكیانی بەرەو سووریا بردووە".

هەر لەوبارەوە ئەحمەد ئەسەدی، گوتەبێژی حەشدی شەعبی دەڵێت "زانیاریمان لەسەر ئێزدییە ڕفێنراوەكان كۆكردووەتەوە و ئەگەر داعش نەیانكوژێت ئەوە بە دڵنیاییەوە ڕزگاریان دەكەین".

# ئاسمان تاكە كارتە بەهێزەكەی دەستی بەغدایە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەری فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی دەڵێ نووسراوی ناردووە بۆ تەواوی لایەنە پەیوەندیدارەكان و داوای كردووە بە وردی بیر لە چارەسەرێك بكەنەوە بۆ ئەگەری داخستنی ئاسمان لەلایەن بەغداوە پاش ئەوەی گشتپرسی بەڕێوەدەچێ. پەرلەمانتارێكی یەكێتیش دەڵێ هەردوولا كارتمان بەدەستەوەیە "بەڵام بەهۆی ئەوەی عێراق دەوڵەتە، كارتەكانی بەهێزترن".

ڕۆژانە لەلایەن بەغداوە ئەو گشتپرسییە ڕەتدەكرێتەوە كە بڕیارە لە 25ی ئەیلوولی داهاتوو لە باشووری كوردستان بەڕێوەبچێ.

فەرهاد قادر، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراكسیۆنی یەكێتی، پێشبینی دەكات گشتپرسی دوابخرێت. هەرچەندە دەڵێ هیوادارم بەزووترین كات "بە هاوئاهەنگی لەگەڵ بەغدا ئەنجامی بدەین، چونكە ئەگەر بەهاوئاهەنگی لەگەڵ بەغدا بێ، بیر لە سزادانی كورد ناكاتەوە".

بەڵام بەغدا هەرزوو بەهێزترین كارتی خۆی لە دژی هەرێمی كوردستان بەرز كردەوە و نزیكەی سێ ساڵ لەمەوبەر بودجەی هەرێمی كوردستانی بڕی. ئەوە لە كاتێكدا كورد باسی ئەنجامدانی گشتپرسی نەهێنابووە ئاراوە. ئایا دوای بودجە، ئەو كارتە بەهێزانەی دیكە چین كە هێشتا بەدەست بەغداوە ماون؟

فەرهاد قادر، پێیوایە مادام عێراق دەوڵەتە و خاوەن سەروەرییە "كارتەكانی لە كارتی كورد بەهێزتر و زۆرترن". گرنگترین كارتیش لەدوای بودجە، بەلای ئەو پەرلەمانتارەوە، ئاسمانە. فەرهاد قادر دەڵێ "بەپێی دەستوور دەتوانێ ڕێگا ئاسمانییەكانی كوردستان بەڕووی دەرەوەدا دابخات. هەروەها بەغدا كارتی پاسپۆرت، ڕەگەزنامە، دەرمان و بەشەخۆراكی مانگانە و دراوی بەدەستەوەیە".

بەڵام ئەو سێ ساڵەی هەرێمی كوردستان بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی داراییەوە ماندوو بوو، بەغداش بەدەست ئەو قەرزە زۆرەوە دەناڵێنێ كە بەردەوام لە بانكی نێودەوڵەتی ڕایدەكێشێ. ئەوە جگە لەوەی شەڕ، ڕووبەرێكی بەرین لە وێرانەی بەجێهێشتووە و دەبێ بچێتە ژێرباری قورسی هەستاندنەوەی شار و شارۆچكە و گوندە ڕووخاوەكان لەپێناوی ئەوەی هەرنەبێ بڕێك متمانەی ناوچەی سوننەنشین بەدەستبهێنێتەوە. هەموو ئەوانەش وای لێدەكەن بواری ئەوەی نەبێ بە چڕوپڕی شەڕی سیاسی و دیبلۆماسی و ئابووری لەگەڵ هەرێمی كوردستان بكات.

> **بەڕێوەبەری فڕۆكەخانەی سلێمانی:**
> **لایەنە پەیوەندیدارەكانم ئاگادار كردووە كە بیر لەو ئەگەرە بكەنەوە**

زانا ڕووستایی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراكسیۆنی كۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە كارتی هەرە بەهێزی بەغدا ئەوەیە كە "خاوەنی سەروەریی نێودەوڵەتییە و دەتوانێ جگە لە قوفڵدانی بەشی كورد لە بودجەی حاكیمە، گەشتە دیبلۆماسییەكانی كورد پەكبخات".

بەڵام عەرەفات كەرەم، سەرۆكی فراكسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق پێیوایە سەروەریی عێراق و نێوبانگە سیاسی و دیبلۆماسییەكەی بەهۆی بوونی چەندین میلیشیای گەورەتر لە حكومەت و سوپاوە، خەریكە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لاواز دەبێ.

ئایا كورد هیچ كارتێكی بەدەستەوە نییە لە بەرامبەر گوشارەكانی بەغدا نیشانی بدات؟ زانا ڕووستایی دەڵێ "كورد كارتێكی وای بەدەستەوە نییە بۆ ئەوە بشێ بەكاری بهێنێ". بەڵام فەرهاد قادر، پێیوایە یەكڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییەكانی كوردستان بەهێزترین كارتە "چونكە لە ساڵی 1992 عێراق و وڵاتانی دراوسێ و بەشێكی زۆر لە جیهانیش دژی فیدراڵی وەستانەوە، كورد لەبەر ئەوەی یەكدەنگ بوون، ئەو بڕیارەیان دا". كارتە بەهێزەكانی دیكە بەلای فەرهاد قادرەوە، سەرچاوەكانی ئاو و ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستانە، كە ئێستا بەدەست كوردەوەیە.

بەڵام ئەی دەرگای ئاسمان؟ ئەمە بەلای بەڕێوەبەری فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانییەوە مەترسیدارە. تاهیر عەبدوڵڵا، دەڵێ بە نووسراو حكومەت و لایەنەكانی ئاگادار كردووە لەوەی بە وردی بیر لەو پرسە بكەنەوە لە ئەگەری بەكارهێنانی ئەو كارتە لەلایەن بەغداوە "حكومەتی هەرێمی كوردستان هیچ دەسەڵاتێكی بەسەر ئاسماندا نییە، بەڵام دەتوانێ لەگەڵ كۆمپانیاكانی فڕۆكەوانی گفتوگۆ بكات، چونكە فڕۆكەخانەكان تاكە دەروازەی ئاسمانیی كوردستانن بەڕووی دەرەوەدا و دوو پایەی گرنگی دەوڵەت و دەوڵەتدارین".

# کوردستان دەبێتە بەشێک لە پرۆگرامی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییە سێکسییەکان


بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، یەک ملیار کەس بەدەست نەخۆشییە سێکسییەکانەوە گرفتارن

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەرێمی کوردستان بووەتە بەشێک لە پرۆگرامێکی جیهانیی تایبەت بە وڵاتانی ئیسلامی بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک بەگشتی و گەنجان بە تایبەتی لە نەخۆشییە گوازراوەکان لە رێگەی سێکسەوە، لە قۆناغی یەکەمدا هەزاران کەس لە سلێمانی خولیان بینیوە و پرۆژەی داهاتوو بۆ هەولێر و دهۆکە.

نەخۆشییە گوازراوەکان لە رێگەی سێکس بوونەتە بەڵایەکی گەورەی جیهانی، بەجۆرێک راپۆرتی ساڵی 2015ی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی گوتوویەتی لەسەر ئاستی جیهان ملیارێک کەس بە یەکێک لەو نەخۆشییانەوە گرفتارن.

ئەوەی ئێستا پێشنیاز کراوە لەلایەن تەندروستیی جیهانییەوە، پراکتیزەکردنی "سێکسی سەلامەت"ە ئەویش بە بەکارهێنانی کۆندۆم و رێوشوێنە هاوشێوەکان، بەڵام هەر ئەو رێکخراوە ئاشکرای کردووە کە سێکسی سەلامەت ئەو نەخۆشییانە بنبڕ ناکات، بەڵکو کەمیان دەکاتەوە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک سێکس لەگەڵ کەسێکی تووشبوو بەو نەخۆشییانە بکات بەبێ کۆندۆم، ئەوە ئەگەری وەرگرتنی نەخۆشییەکە 4-5 هێندەی ئەوەیە کە بە کۆندۆمەوە بیکات، واتە بەکارهێنانی کۆندۆم رێگریی تەواو ناکات لە گواستنەوەی ئەو نەخۆشییانە.

بۆیە فیدراسیۆنی کۆمەڵە پزیشکییە ئیسلامییەکان کە بارەگا سەرەکییەکەی لە ئەمریکایە، لەژێر چاودێریی پرۆفیسۆرێکدا پرۆگرامێک پێڕەو دەکات کە پشت بە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی دەبەستێ سەبارەت بە نەخۆشییەکان، رێگاکانی گواستنەوە، مەترسییەکان و چۆنێتی خۆپارێزی لێیان.

هەرێمی کوردستانیش ماوەی دوو ساڵە لە رێگەی رێکخراوی هۆشیاریی تەندروستییەوە بووەتە ئەندام و دەیان راهێنەری کوردزمان لەو بوارەدا پێگەیێندراون و هەزاران هاووڵاتیی کوردستان خولی هۆشیارییان بینیوە.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، یەکێکە لە ئەندازیارانی دروستکردنی پەیوەندیی رێکخراوە جیهانییەکە و کوردستان، دەڵێ سرووشتی کۆمەڵگەی کوردستان وەهایە ئاسان پرۆگرامێکی لەو جۆرەی تێدا جێبەجێ دەکرێ "رێبەری ئەم پرۆگرامە پرۆفیسۆر عەبدولحەمید قودات تێبینی کرد سەرەڕای پێڕەوکردنی سێکسی سەلامەت، نەخۆشییە گوازراوەکان لە جیهاندا هەر بە بەربڵاوی ماونەتەوە، بۆیە پرۆگرامێکی تەواو زانستیی دانا، کە خەڵکی شارەزا دەکات لە نەخۆشییەکان و خۆپاراستن لێیان، پرۆگرامەکە بۆ کۆمەڵگە موسوڵمانەکان گونجاوە و دەکرێ تێیاندا جێبەجێ بکرێ".

عەبدولحەمید قودات پرۆفیسۆرێکی ئوردنییە و ساڵی 1982 لە زانکۆی مانچستەر لە بەریتانیا دکتۆرای وەرگرتووە/ پسپۆڕیی وردی هەیە لە نەخۆشییە گوازراوەکان لە رێگای سێکس.

قودات دەڵێ ناکرێ بە خەڵکی بڵێین کۆندۆم بەکاربهێنن و بە ئارەزووی خۆتان سێکس بکەن، چونکە کۆندۆم تەنیا ئەگەری تووشبوون کەمدەکاتەوە و بنبڕی ناکات، بە واتایەکی دیکە کۆندۆم رێگە لە هەموو نەخۆشییەکانی پەیوەست بە سێکس ناگرێ.

بە گوتەی ئەو، سەرەتا دەبێ خەڵکی شارەزایی تەواو لەبارەی نەخۆشییەکان و مەترسییەکانیان و رێگاکانی گواستنەوەیان وەربگرن، ئەوسا ئۆتۆماتیکی لەو سێکسە بەدوور دەبن کە مەترسیی بۆ سەر تەندروستییان دروستدەکات، هەرکاتێکیش نیشانەیەکیان تێدا دەرکەوت، زوو داوای دەستنیشان و چارەسەری حاڵەتەکەیان دەکەن و پشتگوێی ناخەن.

تاوەکوو ئێستا ئەو پرۆفیسۆرە دوو جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە. لە سلێمانی بەشداری پێگەیاندنی راهێنەرانی ئەو بوارەی کردووە. بە گوتەی د.عەبدولفەتاح جاری سێیەم کە دێتە کوردستان، لە دهۆک سەرپەرشتی پێگەیاندنی راهێنەری لۆکاڵیی دەکات بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی.

رێکخراوی خاوێن بۆ پەرەپێدانی تەندروستی ئەرکی دابینکردنی کادیری پزیشکیی لەخۆگرتووە تا ببنە راهێنەر و سەرپەرشتیی گوتنەوەی وانەکان دەکات لەلایەن راهێنەرانەوە.

خاوێن بۆ پەرەپێدانی تەندروستی، رێکخراوێکی ناحکومی قازانجنەویستە و ساڵی 2013 دامەزراوە. ئێستا رێکخراوەکە نزیکەی 30 راهێنەری هەن و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی خولی هۆشیاری بۆ چینە جیاوازەکان دەکاتەوە لە بارەی ئایدز و نەخۆشییە گوازراوەکان لەڕێگەی سێکس.

بیلال محەممەد، سەرۆکی رێکخراوەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "ساڵی یەکەم راهێنەرانمان پێگەیەندران و ساڵی دووەمیش دەستیان بە گوتنەوەی خولەکان کرد و تاوەکو ئێستا هەزاران کەس لە خولەکانمان سوودمەند بوونە، هەر رێکخراو و کۆمەڵەیەکیش خوازیار بێ، دەتوانین خول بۆ ئەندامەکانیان بکەینەوە".

بیلال دەڵێ گرفتی گەورەی کۆمەڵگەی کوردستان لە پرسی نەخۆشییە سێکسی و زایەندییەکاندا، نەبوونی هۆشیارییە. "زۆرکات کەسێک نیشانەیەکی نامۆی هەیە و گومانی هەیە کۆئەندامی زاووزێی تووشی گرفت بووبێ، بەڵام شەرم دەکات راوێژ بە پزیشک بکات و داوای دەستنیشان و چارەسەری حاڵەتەکەی بکات، یان نازانێ کامانەن ئەو نەخۆشییانەی لە رێگەی سێکسەوە دەگوازرێنەوە و دەبێ چۆن بیاننناسێتەوە و خۆیان لێ بپارێزێ. کاری ئێمە ئەوەیە ئەو گومان و دوودڵییە لای هاووڵاتیان بڕەوێنینەوە".

ئەوەی کاری رێکخراوەکەی سەخت کردووە، نەبوونی پرۆگرامی هۆشیاریی سێکسییە لە نێوەندەکانی خوێندندا کە بەهۆیەوە خەڵک زانیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەی نەخۆشی و گرفتە سێکسییەکان نییە.



**هونەر ڕێبوار**

## "منداڵەکەمیان بە موغەزی کوشت"

دوای زیاتر لە 12 کاژێری بەردەوام گەڕان و سووڕان لەنێو نەخۆشەکان و چاودێریکردنی تەندروستیی ئەو منداڵانەی تەمەنی هیچ کامیان لە مانگێک تێپەڕی نەکردووە لە بەشی منداڵە ناکامەکان، ویستم لە ژوورەکەی خۆم پشوویەک بدەم، دەرگاکەم داخست، بەڵام هێشتا پاڵنەکەوتبووم بەتوندی لە دەرگا درا: دکتۆر خێراکە بگە منداڵەکەم، کوشتیان.

پزیشکانی ئێشکگری نیشتەجێی خولاو لەکاتی ئێشکگرتنی 24 کاژێری لە زۆربەی قاوش و یەکەکانی چاودێریکردنی نەخۆش، دوای دڵنیابوونەوە لە حاڵەتی نەخۆشەکان و تۆمارکردنی جێگیریی نیشانە زیندەگییەکانی نەخۆش، لەدوای ئەنجامدانی کارەکانی خۆی، مافی خۆیەتی لە ژوورەکەی خۆی پشوو بدات، لەکاتی پێویست لەلایەن پەرستاری ئێشکگرەوە یان هاوەڵی نەخۆش بانگ دەکرێت.

زۆربەی ئەوانەی لە قاوشەکان دەخەوێنرێن، ئەوانەن کە دوای سەردانکردنی نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن و جێگیرکردنی باری تەندروستییان، بەمەبەستی پشوودان و تەواوکردنی کۆرسی دەرمانەکان لە قاوشەکان دەخەوێنرێن و بەپێی پێویستی لەوێ دەمێننەوە.

کە دەرگام کردەوە ژنێک هاواری دەکرد دکتۆر خێرا بگە منداڵەکەم، بەردەوام دەیگوت: "پەرستارەکە کوشتی، هەر موغەزییەکەی دانا و منداڵەکەم وای لێهات، خێراکە کارێکی بۆ بکە".

گەیشتمە لای کۆرپە تازە لەدایکبووەکەیان کە تەمەنی تەنیا دوو رۆژ بوو، هەروەک دواتر کە سەیری پەروەندە (فایل)ی نەخۆشەکەم کرد، زانیم کۆرپەکەیان پێش کاتی خۆی و لە 24ەمین هەفتەی دووگیانی لەدایکبووە.

بەپێی داتا جیهانییەکان ئەگەری ژیانی ئەو منداڵانەی لە 23یەمین هەفتەی دووگیانی لەدایک دەبن، تەنیا 19%یە، ئەوانەشی بە 24 هەفتەیی لەدایکدەبن 39% زیاتر نییە.

من لە گەڕانی پێشووترم بەنێو نەخۆشەکاندا ئەو کۆرپەیەی ئەوانم بینیبوو، دەمزانی کە هەناسەی رێک نییە و هەناسەتەنگیی هەیە، گرفتی هەناسەدانیش یەکێکە لەو گرفتانەی تووشی 94%ی ئەو منداڵانە دەبێت کە لە ئەمریکا لەدایک دەبن و پێویستیان بە ئامێری هەناسەدانی دەستکرد دەبێت.

کۆرپە ناکامەکەی ئەو دایکەی کە رۆشنبیرییەکەی هێندە ناکام بوو، پێشتر هەناسەتەنگیی هەبوو، لەکاتی دانانی کانیولا و دەستپێکردنی موغەزیش هێندە هیلاک بووبوو، کە هەناسەدانی تێکچووبوو، بۆیە دایکەکە هاواری دەکرد: لەگەڵ دانانی موغەزییەکە منداڵەکەم خنکا.

خێرا داوام کرد منداڵەکە بهێننە شوێنی بووژانەوە و هەناسەی دەستکردم بە منداڵەکە دا، بەڵام ئەوەی سەیرتر بوو زیاتر لە 10 کەس هاتبوونە ژوورەوە و هەریەکەیان لەلای خۆیەوە شتێکی دەگوت، یەکێک دەیگوت: "دکتۆر لەوە زیاتر هیلاکی مەکەن، ئێمە دەزانین مردووە". یەکێکی دیکە لەولاوە دەهات و دەیگوت: "تکایە کە کوشتووتانە وازی لێبێنن و ناوی پەرستارەکەمان پێبڵێن خۆمان دەزانین چی دەکەین".

بەبێ گوێدانە قسەکانی ئەوان، بۆ ماوەی نزیکەی 15 خولەک کارکردنی بەردەوام و پێدانی هەناسەی دەستکرد، هەناسەدانی منداڵەکە رێکبووەوە و گەڕایەوە دۆخی پێشووتر. بەمەش جگە لەوەی ژیانی منداڵەکە رزگاربوو، هاوکات پەرستارەکەش لەدەست تۆمەتی بێ بنەمای خێزانەکە دەربازی بوو.

# چەند راستییەک لەبارەی شیردانی سروشتی

## "ئەو خانمانەی شیری خۆیان دەدەنە منداڵەکانیان، کەمتر تووشی جەڵتەی دڵ و مێشک دەبن"



ئەرکی شیری دایک تەنیا تێرکردنی منداڵ نییە، بەڵکو یاریدەدەرێکی کارایە لە گەشەی منداڵ و پاراستنی لە نەخۆشی. شیری هیچ بوونەوەرێک هێندەی شیری مرۆڤ ئاڵۆز نییە لە پێکهاتەکەیدا، کە بەپێی قۆناغەکانی گەشەی منداڵ بەردەوام لە گۆڕاندایە. گرنگیی شیردانی سروشتی وای کردووە کە رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، هەفتەی یەکەمی مانگی ئاب تەرخان بکات بۆ هاندانی دایکان بۆ ئەوەی شیری خۆیان بدەنە کۆرپەکانیان. ئەگەر دایکان سوودەکانی شیردانی سروشتی بزانن، قەت دەستبەرداری نابن. ئەویش لەبەر ئەو هۆکارانە:

- شیری دایک تەنیا ژەمە خۆراکی نموونەیی و هەمیشە ئامادە نییە بۆ منداڵ، بەڵکو بەرگریی منداڵیش بەهێز دەکا و لە چەندین پەتا دەیپارێزێ.
- شیری دایک رۆڵێکی کارای هەیە لە پاراستنی باڵانسی بەکتریا سوودبەخشەکانی نێو ریخۆڵە کە بۆ پاراستنی منداڵ لە نەخۆشییەکان و رێکخستنی پرۆسەی گەشەی گرنگن و ئەگەری تووشبوونی بە قەڵەوی و رەبۆ کەمدەکەنەوە.
- مەمکی دایک لە سەرەتای تەمەنی کۆرپەکەیدا رۆژانە 450 گرام شیر دروست دەکات، پاش ساڵ و نیوێک ئەو بڕە کەمدەکات بۆ 200 گرام لە رۆژێکدا.
- شیری دایک جگە لە شەکر و پرۆتین و چەوریی سروشتی، بە چەندین دژەتەن دەوڵەمەندە کە ئەرکیان لەنێوبردنی ئەو زیندەوەرە زیانبەخشانەیە دەگەنە نێو جەستەی منداڵ.
- شیری دایک رێگری لە تووشبوونی کۆرپە بە سکچوون و هەوکردنی توندی سییەکان دەکات کە دوو هۆکاری سەرەکیی مردنی منداڵانی جیهانن.
- کاتێک منداڵ گەورەتر دەبێت و بەرگری پەیدا دەکات، ئیدی پێکهاتەی چەوریی ئەو شیرە زیاد دەکات، تاوەکوو گەشەی منداڵەکە خێرابکات و وزەیەکی زۆری پێ ببەخشێ.
- توێژینەوەیەکی نوێی بەریتانی دەڵێ ئەو خانمانەی شیری خۆیان دەدەنە منداڵەکانیان، کەمتر تووشی جەڵتەی دڵ و مێشک دەبن.
- لە کاتی دووگیانیدا جەستەی خانمان بڕێکی بەرچاو لە چەوری لە جەستەدا کۆدەکاتەوە بۆ فەراهەمکردنی وزەی پێویست بۆ کۆرپەکەی، شیردانی سروشتی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو چەورییە زیادەیەی جەستەی خانمەکە.
- شیردانی سروشتی لە دایکدا رێگری لە شێرپەنجەی هێلکەدان، جۆری دووەمی شەکرە و خەمۆکیی دوای منداڵبوون دەکات.



# 9 رێگا بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری خەڵەفان

**ڕووداو- BBC**

توێژینەوەیەکی نێودەوڵەتی کە لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆمەڵەی ئەلزهایمەر لە لەندەن پێشکەشکرا، دەریخستووە یەک لەسەر سێی حاڵەتەکانی خەڵەفان دەکرێ رێگە لە روودانیان بگیرێ، ئەگەر خەڵکی لە نۆ هۆکاری رێخۆشکەر بەدووربن. ئێستا لە جیهاندا 47 ملیۆن کەس خەڵەفانیان هەیە و ساڵی 2050 ژمارەکە دەگاتە 131 ملیۆن.

نۆ هۆکارە رێخۆشکەرەکە ئەمانەن:

- گوێگرانبوون (کەڕی) لە تەمەنی ناوەندیدا
- تەواونەکردنی خوێندنی دواناوەندی
- جگەرەکێشان
- زوو چارەسەرنەکردنی خەمۆکی
- تەمبەڵی و سستیی جەستە
- گۆشەگیری و دابڕانی کۆمەڵایەتی
- بەرزەپەستانی خوێن
- قەڵەوی
- شەکرەی جۆری دوو

ئەم نۆ هۆکارە 35%ی هۆکارەکانی خەڵەفان پێکدێنن و وەها پێناسە دەکرێن کە دەکرێ رێگە لە روودانیان بگیرێ یان کۆنترۆڵ بکرێن، ئەو 65%ەی دەمێنێتەوە، ناکرێ کۆنترۆڵ بکرێن و هەرچی بکەین هەر روودەدەن.



سەرۆکی سلۆڤینیا بانگهێشتنامەی بۆ مێلانیا و ترەمپ ناردووە بۆ ئەوەی سەردانی وڵاتەکەی بکەن

## سوێندی خواردووە قەت نەگەڕێتەوە شارۆچکەکەی خۆی

# کتێبێک هەموو نهێنییەکانی مێلانیا ترامپ دەخاتە سەر بەڕە

رووداو- هەولێر

سلۆڤینیا بە وڵاتی شتە بەتامەکان ناسراوە، خەڵکی وڵاتەکە دەستەواژەی "سندوقی چوکلێت" بۆ وەسفی وڵاتەکەی خۆیان بەکاردەبەن. ئێستا لەناو ئەم سندوقەدا هیچ شوێنێک هێندەی شارۆچکەیەکی بچووک لە دیوی رۆژهەڵات شانازیی بە خۆیەوە ناکات. سێڤنیتسا تەنیا 5000 دانیشتووی هەیە و هەموو خەڵکەکەی یەکدی دەناسن، بەڵام هەر ئەوەندەش بەس بووە بۆ ئەوەی هاوژینی سێیەمی دۆناڵد ترەمپ و خانمی یەکەمی ئەمریکا لەوان بێت.

سێڤنیتسا شارێکە لەدەم رووباری ساڤایە و قەڵایەکی سەدەکانی نێوەڕاست بەسەریدا دەڕوانێت. ئەمە رێک ئەو شوێنەیە کە مێلانیا ترەمپ 20 ساڵی یەکەمی ژیانی تێدا بەسەر بردووە. خەڵکی شارۆچکەکە بە مێلانیا کناڤس ناوی دەبەن، واتە ناوی دووەمی ئەو خێزانەی لە 26ی نیسانی 1970دا تێیدا لەدایکبووە.

بۆیان پۆزار یەکێکە لەو کەسانەی ژیاننامەی مێلانیا ترەمپ دەنووسێتەوە. لە بەشی یەکەمی کتێبی "مێلانیا ترەمپ: دیوی ناوەوەی چیرۆکی ژیانی"، باس لەوە دەکات کە خانمی یەکەمی ئەمریکا لە ماوەی 20 ساڵی رابردوودا تەنانەت لەگەڵ سلۆڤینییەکانیش بە زمانی دایکی قسەی نەکردووە، هەرچەندە هەتا ئێستاش زمانە سلۆڤینییەکە بە تەواوەتی بە ئینگلیزییەکەیەوە دیارە. مێلانیا زیاتر لە 10 ساڵیشە چاوی بە شارۆچکەکەی خۆی نەکەوتووە.

پۆزار بێ ئەوەی بچێتە ناو وردەکارییەکانەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "یان ئەوەتا بەڵگەکانی کۆچبەری دیوێکی رەشی تێدایە، یان دەبێ شتێک لە سلۆڤێنیا هەبێت کە نیگەرانی بکات". لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا خێزانی ترەمپ بە سەردانێک لە ڤاتیکان بوون کە بە فڕۆکە تەنیا یەک کاژێر لە شوێنی گەورەبوونی مێلانیاوە دوورە، سەرەڕای هەوڵێکی زۆر، کەچی هیچ میدیایەکی سلۆڤێنی لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا نەیتوانیوە هەڤپەیڤینی لەگەڵ بکات.

مێلانیا لە 1992 سلۆڤێنیا جێدەهێڵێ و بۆ کاری نمایشی جلوبەرگ روو لە نەمسا، ئیتاڵیا و فەرەنسا دەکات. وەکوو لە کتێبەکەی پۆزاردا دەردەکەوێت، خانمی یەکەمی ئەمریکا، هەر لەو رۆژەوە بڕیاری داوە دیوارێک لە نێوان رابردوو و داهاتوویدا دروستبکات. یورێ زورچیچ لە ساڵی 1991 بۆ چەند مانگێک پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ مێلانیا هەبووە و باس لەوە دەکات مێلانیا لە سەردەمی گەنجێتییەوە دڵی لە ئیتاڵیا و فەرەنسا بووە. مێلانیا و کۆنەیارەکەی جارێک لە نیویۆرکیش یەکدییان بینیوە، ئەو کات مێلانیا دەستگیرانی ترەمپ بووە و بە ئینگلیزی سوێندی بۆ زورچیچ خواردووە کە هەرگیز ناگەڕێتەوە سێڤنیتسا.

> مێلانیا ترەمپ گوتوویەتی و نووسیویەتی کە باوکی بەڕێوەبەر بووە، بەڵام باوکی مێلانیا لە شارۆچکەی لیوبلیانا دووکاندار بوو

سلۆڤینییەکان بە گشتی بەوە ناسراون کە شانازییەکی زۆر بە زمان و کولتووری خۆیانەوە دەکەن. مێژوونووسە سلۆڤێنییەکان هۆکاری مانەوەی زمان و نەریتی سلۆڤینی بۆ ئەو شانازییە دەگەڕێننەوە کە خەڵکی ناوچەکە بە زمان و کولتووری خۆیانەوەی دەکەن.

بەگوێرەی ستۆرییەکی ماڵپەڕی (دەیلی بیست)، خەڵکی سێڤنیتسا گوێیان لەو ساردوسڕییەی کچە بەناوبانگەکەی شارۆچکەکەی خۆیان نییە. ژمارەیەکی زۆر خواردن، کێک، قاوە و چایی تایبەت بە ناوی "مێلانیا" یان "خانمی یەکەم" کراون.

مێژوونووسانی سلۆڤینیا رەخنە لە خانمی یەکەمی ئەمریکا دەگرن کە بەشێک لە راستییەکانی لەبارەی ژیانی خۆی لە سلۆڤینیا گۆڕیوە. ئیگۆر ئۆمێرزا کە بە هاوبەشی لەگەڵ پۆزار ژیاننامەی مێلانیایان نووسیوە و ئەندامی پەرلەمانیشە، دەڵێت: "مێلانیا ترەمپ گوتوویەتی و نووسیویەتی کە باوکی بەڕێوەبەر بووە، بەڵام باوکی مێلانیا لە شارۆچکەی لیوبلیانا دووکاندار بوو، هەروەها گوتوویەتی دایکی دیزاینەر بووە و ئەمەش راست نییە. باسی لەوەش کردووە کە دەرچووی بەشی بیناسازییە، ئەمەشی راست نییە، نە خۆی و نە دایک و باوکی زانکۆیان تەواو نەکردووە".

خانمی یەکەمی ئەمریکا بەوە ناوی دەرکردووە کە بێدەنگە و زۆر خۆی لە سیاسەت هەڵناقورتێنێ و بە پێچەوانەی میشێل ئۆباما، خانمی یەکەمی پێشووی ئەمریکاوە، دەستپێشخەری لە هەڵمەت و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا ناکات. لای خەڵکی شارۆچکەکە ئەمە شتێکی نامۆ نییە، لەبەر ئەوەی ئامالیا کناڤس، دایکی مێلانیا، هەمیشە هاوژینێکی بێدەنگی ڤیکتۆری مێردی بووە. ڤیکتۆر و ئامالیا چەند مانگ جارێک لە بەشە کۆنەکەی سێڤنیتسا دەبینرێن، بێ ئەوەی مێلانیایان لەگەڵ بێت.

ئۆرسولا فالەر، ئەنترۆپۆلۆجیست و توێژەر لە ژیانی مێلانیا، لەبارەی ئامالیاوە نووسیویەتی: "هەموو بەیانییەک خەڵک ئامالیایان دەبینی کە بە جلێکی جوان و پێڵاوی بەرزەوە لە ئاپارتمانەکەی خۆیانەوە بەرەو پردەکەی سەر رووباری ساڤاوە دەچوو بۆ ئەوەی لەوێوە بەرەو کارگە بچێت، گڵۆپی ژوورەکەی ئامالیاش تاوەکوو درەنگانی شەو نەدەکوژایەوە - چونکە خەریکی رێکخستنی جلەکانی مێلانیا و ئینەسی خوشکی بوو - ئەو دایکێک بوو دەیویست کچەکانی بە کەشخەیی دەرکەون".

بەپێی راپۆرتەکەی (دەیلی بیست)، دایک و باوکی مێلانیا ئێستا خانوویەکی سپی دوو نهۆمییان لە ناوەندی بەشە نوێیەکەی سێڤنیتسا هەیە. هەرچەندە خانووەکە یەکجار گەورە نییە، بەڵام دیسانیش زۆر لەو خانووە بچکۆلانەیە گەورەتر و باشترە کە مێلانیا و ئینەسی خوشکی تێیدا گەورە بوون.

زورچیچ تاکە هاوشاریی مێلانیا نییە کە بانگەشەی پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ خانمی یەکەمی ئەمریکا بکات. پۆزار لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێت خەڵکانێکی زۆر باس لەوە دەکەن کە لە سەردەمی لاوێتی و مێرمنداڵێتیدا پەیوەندییان لەگەڵ هاوژینە 47 ساڵییەکەی ترەمپدا هەبووە، زۆربەشیان بە ئافرەتێکی ساردوسڕ وەسفی دەکەن. یەکێک لەوان پیتەرە کە بانگەشەی ئەوە دەکات یەکەم خۆشەویستی مێلانیا بووە، بەڵام دوای ئەوەی ناوی بۆ خزمەتی سەربازیی هاتەوە، مێلانیا وازی لێ هێناوە. مێلانیا رەتیکردووەتەوە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ هیچکام لەو کەسانەدا هەبووبێت کە ناویان لە کتێبەکەدا هاتووە.

چاوەڕێ دەکرێ درەنگ یان زوو سوێندەکەی مێلانیا بۆ نەگەڕانەوە بۆ سێڤنیتسا بشکێت. بۆروت پاهۆر، سەرۆکی سلۆڤینیا، بانگهێشتنامەی بۆ سەرۆکی ئەمریکا و هاوژینەکەی ناردووە. ئەوە ئەو رۆژەیە کە خەڵکی سێڤنیتسا، لە داوێنی چیای ئەڵپ، چاوەڕێی دەکەن.



## برێت مەکگۆرگ: 40 هەزار چەکداری بیانی لە سووریا بوون

رووداو- هەولێر

لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی رابردوودا هیچ دیپلۆماتێکی رۆژئاوایی هێندەی برێت مەکگۆرک رۆڵی هەڵسوڕاندن و هەماهەنگی لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی دژی داعشدا نەبینیوە. لە ماوەی سەرۆکایەتی سێ سەرۆکی ئەمریکیدا لە سێ وڵاتی جیاواز بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندئاژۆیی ئایینی کاری کردووە.

مەکگۆرک لە هەرێمی کوردستان بوو کاتێک داعش دەستی بەسەر مووسڵ و ناوچەکانی دەوروبەریدا گرت. ساڵی 2015 وەکوو نوێنەری تایبەتی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، بۆ پۆستی نوێنەری تایبەتی سەرۆک لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی دژی داعش دەستنیشانکرا. دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئێستای ئەمریکاش، مەکگۆرکی لە پۆستەکەی هێشتەوە. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری (نیویۆرکەر)ی ئەمریکی باسی دوایین پێشکەوتنەکان لە شەڕی دژی داعش و ژمارەی چەکدارە کوژراوەکان و مەترسییەکانی گەڕانەوەی ئەو چەکدارانە بۆ وڵاتانی خۆیان دەکات.

### 40 هەزار چەکداری بیانی لە سووریا

لە بەشێکی هەڤپەیڤینەکەدا، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا ئاشکرای دەکات کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا "40 هەزار چەکداری بیانی لە 110 وڵاتی جیهانەوە هاتوونەتە سووریا". هۆکاری قورسبوونی شەڕی مووسڵیشی لە سێ هەفتەی کۆتاییدا بۆ ئەو سەدان چەکدارە بیانییە گەڕاندەوە کە "لەناو شوێنە مەدەنییەکاندا سەنگەریان لێدابوو. ستافی ئێمە لەسەر بێتەلەکان گوێیان لێ بیوو کە ئەو چەکدارانە بە چینی، رووسی، هۆڵەندی و فەرەنسی قسەیان دەکرد".

مەکگۆرک نایشارێتەوە ژمارەیەک چەکداری بیانی بەر لە گرتنەوەی سنوورەکانی نێوان سووریا و عێراق لە مووسڵ رایانکردووە "ئەمەش وایکردووە دۆخەکە زۆر قورس بێت"، واتە ئەگەری هەیە لە عێراق و سووریا نەمابن، جەختی لەوەش کردەوە "ئەو چەکدارە بیانیانەی لە عێراق و سووریا ماونەتەوە هەر لە عێراق و سووریا دەکوژرێن. ئۆپەراسیۆنی مووسڵ تەواو بووە، رەققەش گەمارۆ دراوە".

یەکێک لەو پرسیارانەی مێشکی بەشێکی زۆر لە بەرپرسان و شارەزایانی ئەمنیی داگیرکردووە، ئەوەیە کە داعش چەند چەکداری بەدەستەوە ماوە، مەکگۆرک لەوبارەیەوە بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی گوت "شارەزایانی ئێمە مەزندە دەکەن کادرە چالاکەکانی داعش بۆ 12 هەزار چەکدار دابەزیبێت بە چەکداری لۆکاڵی و بیانییەوە".

ماوەی دوو مانگە قۆناغی پێنجەم و کۆتایی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە دەستیپێکردووە، مەکگۆرک ستایشی ئازایەتی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)ی کرد کە "دەچنە نێو باڵەخانە بەرزەکان و ژوور بە ژوور و نهۆم بە نهۆم بەدوای چەکدارانی داعشدا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی ریشەکێشیان بکەن".

### رۆڵی داهاتووی ئەمریکا لە عێراق

مەکگۆرک لە دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێنەوە لەگەڵ رووداو و گۆڕانکارییەکانی عێراقدا ژیاوە. جۆرج بوشی کوڕ لە کتێبی (خاڵەکانی بڕیاردان) دەڵێت مەکگۆرک دەستی هەبووە لە داڕشتنی سیاسەتی نوێی ئەمریکا بۆ عێراق و شەڕی گروپە توندڕەوەکان لەو وڵاتەدا. ئەو ستراتیژە نوێیە کە بە ستراتیژی "لێدان" ناوی دەرکردووە، لە ساڵی 2007ەوە پەیڕەو کرا. ئەو لە نزیکەوە ئاگاداری داڕشتنی دەستووری نوێی عێراق بووە و لە رێککەوتنە ئەمنییە ستراتیژییەکەی ئەمریکا و عێراقدا دانوستانکاری باڵای ئەمریکا بووە.

> رەققە لە مووسڵ ئاڵۆزترە

مەکگۆرک پێیوانییە کاری ئەمریکا لە عێراق تەواو بووبێت، بۆیەش دەڵێت: "ئێمە خەریکی گفتوگۆین لەگەڵ حکومەتی عێراق، تاوەکو بزانین رۆڵی داهاتوومان لە راهێنان و پێدانی راوێژی سەربازی چی دەبێت". مەکگۆرک نایشارێتەوە کە حکومەتی ئەمریکا حەز دەکات گوشارەکان لەسەر داعش بەردەوام بن بۆ ئەوەی نەتوانن سەرهەڵدەنەوە.

> 12 هەزار چەکداری داعش ماوە

بە گوتەی مەکگۆرک، لە سەرەتای هەڵمەتی نێودەوڵەتیی دژی داعشەوە هەتا ئێستا 60 هەزار کلیۆمەتر چوارگۆشە رزگارکراوە کە پێنج ملیۆن کەسی تێدا دەژیا. نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا پێشبینی کرد داعش لە شێوەی شانەی بچووکدا بمێنێتەوە، بەڵام بە دووری دەزانێت "هیچکات توانای ئەوەی هەبێت ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکات کە لە 2014 کۆنترۆڵی کرد".

### لە حەشدی شەعبی رازییە

لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵدا حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، جەختی لەوە کردەوە کە حەشدی شەعبی نایەنە نێو مووسڵ. بەڵام وەکوو لە راپۆرتەکاندا دەردەکەوێت حەشدی شەعبی لەناو مووسڵە. مەکگۆرک بە پێچەوانەی فەرماندە و بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا هەوڵدەدات لە قەبارەی مەترسییەکانی حەشد لە مووسڵ کەم بکاتەوە، بە بۆچوونی مەکگۆرک "80%ی حەشد بە فتوای ئایەتوڵڵا سیستانی (مەرجەعی شیعەکانی عێراق) کۆبوونەتەوە و خاوەن دیسیپلینن و لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدان".

دەشڵێت، بەوپێیەی سوپای عێراق دەبووایە رووماڵی ناوچەیەکی زۆری جوگرافی بکات، بوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی ئاسایی بوو "ئەمە کێشەیەکە کە حکومەتی عێراق خۆی دەبێت شانی بداتە بەر"، رەتیشی دەکاتەوە ئێران بە تەواوەتی دەستی بەسەر عێراقدا گرتبێ، بەڵام دان بەوەدا دەنێت کۆنترۆڵ و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر عێراق هەیە.

سەبارەت بە ئیدارەی داهاتووی رەققە، مەکگۆرک گوتی "رەققە لە مووسڵ ئاڵۆزترە، بەڵام ئێستا لە عەین عیسا لەگەڵ ئەنجومەنی مەدەنی رەققە کار دەکەین. ئەو ئەنجومەنە بڕیاریان داوە هەتا ئایاری داهاتوو هەڵبژاردنێک لە رەققە رێکبخەن، پرۆسەکەش زۆر بە باشی رێکخراوە". نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا ئەوەشی خستەڕوو کە "خەڵکی ناوچەکە نایانەوێت هەتا یەکلابوونەوەی شەڕی نێوخۆ، حکومەتی سووریا بگەڕێتەوە". ئەگەریش حکومەتی سووریا بەنیازی گەڕانەوە بۆ ئەو ناوچەیە بێت "خەڵک بەرگری دەکەن".

### 19 هەزار کەس دەیانەوێ ببنە داعش

سەبارەت بە لایەنگرانی داعش و ئەوانەی هەوڵی هاتنە نێو داعشیان داوە، مەکگۆرک گوتی "ئێمە ئێستا داتابەیسێکمان دروستکردووە، 19 هەزار ناوی ئەو کەسانەی تێدایە کە هەوڵیان داوە وەکوو چەکداری بیانی روو لە داعش بکەن یان لایەنگری داعشن. ئەم زانیارییەمان رادەستی ئەو وڵاتانە کردووە کە ئەو خەڵکانەیان تێدان و ئەوانیش زانیارییەکانیان رادەستی ئینتەرپۆڵ کردووە". خاڵی جێی نیگەرانیش ئەوەیە "زۆرینەی ئەو 19 هەزار لایەنگرە بیانییانەی داعش هەتا ئێستا زیندوون".



برێت مەکگۆرک ناوی 19 هەزار کەسی لەلایە کە دەیانەوێ ببنە چەکداری داعش یان لایەنگری داعشن

## ئەگەری ئەوە هەیە کە پێکدابدەن

# دەشتی نەینەوا پڕ بووە لە هێزی هەمەجۆر

**ڕووداو- هەولێر**

ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ لە دەشتی نەینەواوە دەستیپێکرد کە پشتێنەیەکی فرە ئێتنیکی و فرەتایفییە و بەلای باکوور و ڕۆژهەڵاتی مووسڵدا درێژ دەبێتەوە. ناوچەی وەکوو قەرەقوش، تلسقوف، تلکێف، باشیک و بەرتللە بۆ ماوەی 27 مانگ لەژێر کۆنتڕۆڵی داعشدا بوون. حەوت مانگ بەسەر ئازادکردنی ئەو ناوچانەدا تێدەپەڕێ و هەتا ئێستاش بەشێوەیەکی بەرچاو چۆڵن و ناوچەکەش لە نێوان هێزەکانی سەر بە حکومەتی عێراق، پێشمەرگە و گرووپە چەکدارەکانی شەبەک و مەسیحیدا دابەشبووە.

مایکڵ نایتس، توێژەر لە پەیمانگای واشنتن کە لەوبارەوە لێکۆڵینەوەیەکی کردووە، دەڵێت پێویستە هاوپەیمانان هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆئەوەی کۆمەڵێک ڕێوشوێن بۆ گەڕاندنەوەی متمانە و ئاسایش لەو ناوچانە بگرنەبەر. بەبۆچوونی نایتس، ئەو هەوڵانە "مەترسیی شەڕ لەنێوان هێزە جیاوازەکان کەمدەکاتەوە، هاوئاهەنگیی ئەمنی باشتر دەکات، پشتگیری لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە دەکات و بەم جۆرەش ڕێگە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەو ناوچانە خۆشدەکات".

نایتس جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئێستا پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگا جۆراجۆرەکانی ئەو ناوچەیە باشە، بۆیەش ئەگەر هەوڵەکان پێش هاتنی میلیشیاکان بکەون "چانسی سەرکەوتنی دەبێت".

جیاکردنەوەی دەشتی نەینەوا و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کارێکی ئاسان نییە. لەو ناوچانە کوردی ئێزدی، کوردی شەبەک، کاکەیی و عەرەب دەژین. هەرچەندە ڕەوشی دەشتی نەینەوا بۆ خەڵکانی دەرەوە ئارام دیارە، بەڵام ئاماژەکانی ترس و دڵەڕاوکێش دەبینی، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە حەشدی شەعبی وەکو میلیشیایەکی مەزهەبی لە زۆربەی ناوچەکان شوێنی داعشی گرتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی توێژەرەکەی پەیمانگای واشنتن "دۆخی ئەمنیی ئێستای دەشتی نەینەوا هەمان دۆخی پێش 2014 یە بە گەورەکراوەیی و بە هەندێک گۆڕانکاریی ناخۆشەوە". ژمارەیەکی زۆر هێزی چەکداری جۆراوجۆر چاودێریی ئەو ناوچە چۆڵە و شارۆچکە چۆڵەکانی دەشتی نەینەوایان بەدەستە.

### هێزەکان و شوێنی جێگیربوونیان

– پێشمەرگە و زێرەڤانی کۆنترۆڵی هێڵێکیان بەدەستە کە شارۆچکەکانی تلکێف، باشیک و بەرتللە لەخۆدەگرێ.

– خاڵی پشکنینەکانی سەر ڕێگای مووسڵ و هەولێر، لەژێر دەسەڵاتی فیرقەی 16ی سوپای عێراقدایە.

– پۆلیسی عێراق بەناو بەرپرسیارێتی پاراستنی ئاسایشی دەشتی نەینەوای لەئەستۆیە.

– 1000 چەکداری کەتیبەی بابلیون کە سەر بە حەشدی شەعبین، لە ناوچەکانی باکووری تلکێف جێگیرن. ئەو هێزە لەلایەن ڕایان کلدانی فەرماندەیی دەکرێت و هێزەکە لە بنەڕەتدا لۆکاڵی نییە، بەڵکو لە کوردی شەبەک و عەرەبی شیعەش پێکدێت کە ڕێکخراوی بەدر لە دەرەوەی دەشتی نەینەواوە بۆ ئەو ناوچەیەی گواستوونەتەوە.

– 500 چەکداری مەسیحی سەر بە (یەکەی پاراستنی دەشتی نەینەوا) لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەشتی نەینەوا، لەوانەش قەرەقوش و بەرتللە، خاڵی پشکنینیان داناوە. ئەو هێزانە بەناو سەر بە حەشدی شەعبین، بەڵام بە کردەوە سەربەخۆن.

– 1500 چەکداری هێزی (پاسەوانانی دەشتی نەینەوا) لە ناوچەکانی باکووری دەشتی نەینەوا جێگیرن کە لە باشیکەوە هەتا ئەلقوش لە نزیک دەریاچەی مووسڵ درێژ دەبێتەوە. ئەو هێزانە سەر بە (ئەنجوومەنی شەعبیی کلدانی سریانی ئاشووری)ن کە لە پارتی دیموکراتی کوردستان نزیکن.

– 500 چەکداری (هێزەکانی دەشتی نەینەوا) لە ناوچەکانی باکووری دەشتی نەینەوا جێگیرن. ئەم هێزە سەر بە پارتی دیموکراتی بەیت نەهرەینە.

– هێزی (قوربانییەکان) سەر بە (پارتی نەتەوەپەرستی ئاشووری) کە لە باکووری دەشتی نەینەوا جێگیرن.

مایکڵ نایتس جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەتا ئێستا هیچ میکانیزمێکی هاوئاهەنگی لە نێوان ئەو هێزانەدا نییە، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە لە چەند مانگی داهاتوودا ململانێی نێوان ئەو هێزانە سەرهەڵبدات، بە دووریشی نازانێت ململانێکە بگاتە شەڕ و پێکدادان، یان هەر هیچ نەبێت کێشە بۆ ئەو هەوڵانە دروست بکات کە بۆ ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی چەکدارانی داعش لەو دەشتە دەدرێن.

### ئاوەدانکردنەوە و گەڕانەوەی ئاوارەکان

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی نایتس، ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان چاوەڕێی تاقیکردنەوەی قوتابخانەی منداڵەکانیان بوون لە مانگی حوزەیران بۆ ئەوەی بتوانن بیر لە گەڕانەوە بۆ دەشتی نەینەوا بکەنەوە. بەر لە هێرشەکانی داعش لە 2014 ، ژمارەی دانیشتووانی دەشتی نەینەوا 120 هەزار کەس بووە، ئێستاش 75%ی ئەو ژمارەیە ئاوارەن. ڕاپرسی لە نێو ئاوارە مەسیحییەکان دەریدەخات 41%ی ئاوارەکان

**پۆلیسی عێراق بەناو بەرپرسیارێتی پاراستنی ئاسایشی دەشتی نەینەوای لەئەستۆیە.**

دەیانەوێ بگەڕێنەوە دەشتی نەینەوا، بەڵام هەتا ئێستا تەنیا 3365 ئاوارەی مەسیحیی ئەو ناوچەیە گەڕاونەتەوە ناوچەکەی خۆیان.

گرووپی (یارمەتیدانی کڵێسەکان لە کاتی پێویستدا) مەزەندەی ئەوە دەکەن کە نزیکەی 13 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە دەشتی نەینەوا پێویستیان بە بنیاتنانەوە هەبێت، ئەوەش 200 ملیۆن دۆلاری پێویستە. هەتا ئێستاش تەنیا 232 خانوو چاککراونەتەوە.

هەرچەندە یەکێک لە هۆکارەکانی نەگەڕانەوەی ئاوارەکان وێرانبوونی ناوچەکانیانە، بەڵام لێکۆڵەرەکەی پەیمانگای واشنتن پێیوایە دەبێ متمانە بۆ خەڵک بگەڕێنرێتەوە کە ئەو هێزە چەکدارانە دەیانپارێزن و شەڕی یەکدی ناکەن.

نایتس جەخت لەوە دەکاتەوە کە هێزی هاوپەیمانان هەتا ئێستاش دەتوانن سەقامگیری و متمانە لە دەشتی نەینەوا بچەسپێنن، چونکە پەیوەندییەکانی نێوان هێزە ئەمنی و چەکدارییەکانی ئەو ناوچەیە هێشتا "لەڕادەبەدەر" خراپ نەبووە. نایتس پێشنیاز دەکات هێزە لۆکاڵەکانی ناوچەکە بەهێز بکرێن، بۆ ئەوەی هێزە دەرەکییەکان دەشتی نەینەوا نەکەن بە مەیدانی شەڕ و ململانێ.

بەبۆچوونی نایتس باشترین سیستەم بۆ پاراستنی ئاسایشی دەشتی نەینەوا ئەوەیە میکانیزمێکی هاوشێوەی "میکانیزمی ئەمنیی هاوبەش"ی ساڵانی 2009 بۆ 2011 دابنرێ کە تێیدا هێزەکانی ئەمریکا، پێشمەرگە و سوپای عێراق پێکەوە چاودێریی ناوچەکەیان دەکرد. بۆ دوورخستنەوەی کوردی شەبەک لە سوپای بەدریش، مایکڵ نایتس پێشنیاز دەکات پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە ڕادەستی ئاسایشی کوردستان، حەشدی لۆکاڵی، سوپا یان پۆلیسی عێراق بکرێ.




دانیشتووانی دەشتی نەینەوا لە گەڕانەوەی داعش دەترسێن و متمانەیان بە پەرگری ئەو هێزانە نییە

# لەمەودوا شارەکان دەبنە مەیدانی شەڕ

**ڕووداو – هەولێر**

درێژبوونەوەی شەڕی مووسڵ و ڕەققە ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ ئەوەی شەڕی داهاتووی وڵاتان لە بیابان و دارستان و شاخەکان نابن، بەڵکو لە نێو شاران دەبن کە تێیدا سەدان هەزار خەڵکی مەدەنی دەژین و دەکرێت وەکوو قەڵغان بەکاربهێنرێن و بەمەش خێرایی پێشڕەوی کەم بکەنەوە، خانووبەرەکان و ژێرزەمینەکان دەتوانن وەکوو سەنگەر و ئامرازی تەکتیکیی زۆر ئاڵۆز بەکاربهێنرێن و دواجاریش قەبارەی زیانە مادی و مرۆییەکانی جەنگ لەسەر حکومەتەکان قورس بکەن.

### بۆچی شەڕەکان بەرەو شارەکان دێن؟

یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەم دیاردەیە بۆ گەشەکردنی خێرای "شارنشینی" لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا دەگەڕێتەوە، زۆربەی گەشەکەش لە 50 ساڵی دواییدا چڕ بووەتەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی (ELSEVIER) ، 200 ساڵ لەمەوبەر تەنیا 3%ی دانیشتووانی جیهان لە شارەکان بوون، بەڵام ئێستا نیوەی دانیشتووانی گۆی زەوی "شارنشین"ن، ئەگەر شارنشینی بەم خێراییەی ئێستای گەشە بکات، چاوەڕێ دەکرێ لە 2050دا نزیکەی 70%ی دانیشتووانی زەوی لە شارەکان نیشتەجێ بن.

گەورەبوونەوەی قەبارەی شارنشینی لەلایەکەوە بایەخی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی شارەکان زۆرتر دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە شارەکان دەکاتە ناوەندی نوێی دروستبوونی ناسەقامگیریی نێوخۆیی لە وڵاتەکاندا. هۆکاری ئەمەش بۆ کێشەی دابینکردنی خزمەتگوزاری و ژێرخان، گەشەکردنی بێ چاودێریی شارەکان و گواستنەوەی ململانێی تایفی و قەومی بۆ ناو شارەکان دەگەڕێتەوە.

وەکوو ژەنەراڵ مارک میلی، سوپاسالاری هێزەکانی ئەمریکا، ئاماژەی بۆ دەکات "شەڕ ئامرازێکی سیاسییە و لەو شوێنە دەکرێت کە خەڵکی تێدایە، بۆیەش چاوەڕێ دەکرێ شەڕی داهاتوو شەڕی شار بێت".

شۆن کاستیلا، بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، پێیوایە یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی گواستنەوەی شەڕ بۆ شارەکان پەیوەندی بە ململانێی توانای سەربازیی نێوان زلهێزەکانیشەوە هەیە. شارەکان توانای بەرگرییەکی زۆر بەو هێزانە دەدەن کە کۆنترۆڵی شارەکەیان لەدەستە، بۆیەش ئەو وڵاتانەی دەیانەوێت تەحەدای ئەمریکا بکەن (لەوانەش ڕووسیا)، بیرلەوە دەکەنەوە بە گواستنەوەی شەڕ بۆ شارەکانی جیهان تەحەدای نوێ بۆ ئەو باڵادەستییە ڕەهایە دروستبکەن کە هێزەکانی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وڵاتاندا هەیەتی، وەکوو ڕۆزا بروکس، ڕاوێژکاری سیاسی و توێژەر لە زانکۆی جۆرج تاونی ئەمریکی دەڵێت "وڵاتە زلهێزەکان دەزانن ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی سەربازی لەگەڵ ئەمریکا خۆکوژییە".

هەر بۆیە وڵاتانی دژی هەژموونی ئەمریکا دەیانەوێت شەڕەکان بگوازنەوە بۆ شارەکانی ئەو وڵاتانەی کە ئەمریکا یان هاوپەیمانەکانی بەرژەوەندیی گەورەیان تێیاندا هەیە، بۆ سەرخستنی ئەو پلانەش پشت بە هێزە نادەوڵەتی و میلیشیاکان دەبەستن.

> وڵاتانی دژی ئەمریکا شەڕ دەگوازنەوە ناو شارەکانی ئەو وڵاتانەی لە بەرەی ئەون، بۆ ئەوەش پشت بە هێزی نادەوڵەتی و میلیشیایی دەبەستن

### تەحەداکانی شەڕی نێو شار

لە ماوەی 17 ساڵی یەکەمی هەزارەی نوێدا ژمارەیەکی زۆر شەڕی نێوشارمان بینین، لەوانەش شەڕی گرۆزنی لە چیچان، شەڕەکانی بەغدا و فەللوجە و مووسڵ لە عێراق، شەڕی غەزە لە فەڵەستین، شەڕی دۆنێسک لە ئۆکراینا. شەڕی حەلەب و ڕەققە لە سووریا. وەکوو کاستیلا دەڵێت "پێناچێت ئەم ڕەوتە کاڵ ببێتەوە".

وەکوو لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵدا دەردەکەوێت، پلانی کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکان چوار تەحەدای سەرەکییان لەبەردەمە:

یەکەم- کەمکردنەوەی ژمارەی کوژراوانی مەدەنی، ئۆپەراسیۆنی مووسڵ لەم ڕووەوە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ژمارەیەک سەرچاوە باسی کوژرانی 40 هەزار هاووڵاتی مەدەنی لەو شەڕەدا دەکەن.

دووەم- کەمکردنەوەی کوژراوانی سوپا و پۆلیس، بۆ نموونە لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا 40%ی هێزی تایبەتی عێراق کوژراون.

سێیەم- کەمکردنەوەی زیانەکانی ژێرخانی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزارییەکانی شار، نموونەی ڕۆژئاوای مووسڵ کە زۆربەی وێران بووە و دەریدەخات بەدیهێنانی ئەم ئامانجە کارێکی ئاسان نییە.

چوارەم تەحەدا کە کاریگەری لەسەر قورستربوون یان سووکتربوونی سێ تەحەداکەی دیکە هەیە، کورتکردنەوەی ماوەی جەنگەکەیە. ئۆپەراسیۆنی مووسڵ نزیکەی نۆ مانگی خایاند. درێژبوونەوەی ماوەی جەنگەکە بەدەر لەوەی ژمارەی کوژراوانی مەدەنی و سوپا و زیانەکانی ژێرخان بەرز دەکاتەوە، بیانوویەکیش بە داعش دەدات بۆ ئەوەی شەڕەکە وەکوو شەڕێکی مێژوویی بۆ خۆی هەژمار بکات و دەستکەوتێکی سیمبۆلیک بۆ دروستکردنی مێژوو بۆ خۆی بقۆزێتەوە. سەرکەوتن لەو چوار تەحەدایە پلانەکانی گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ شارەکەش ئاسان دەکەن.

### گەورەترین بەربەستی بەردەم شەڕی شار

جۆن سپێنسەر، جێگری بەڕێوەبەری ئەکادیمیای سەربازیی ئەمریکا، لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی جەخت لەوە دەکاتەوە کە "بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە شارە گەورەکان، پێویستە کەرەستە، ڕێکخستن و بیرۆکەی جیاواز هەبێت". کە جیاوازن لەو کەرەستە و ڕێکخستن و بیرۆکانەی بۆ شەڕی باو هەن.

شارەزا سەربازییەکەی ئەمریکا پێیوایە گەورەترین کێشە بۆ ڕاهێنانی هێزەکان بۆ ئەو جۆرە ئۆپەراسیۆنانە ئەوەیە "دروستکردنی شوێنێک کە کۆپی شارێکی گەورە بێت" کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی لەو مۆدێلە شارەدا دەبێ بیر لە شێوازی جیاوازی گەڕەکەکان، کۆڵانەکان، ڕێگەوبانەکان و تونێلەکان بکرێتەوە، چونکە بەپێی تەسکبوونەوەی کۆڵانەکان هەم پێشڕەویی هێزی پیادە قورس دەبێت، هەم بەکارهێنانی وردی هێرشی ئاسمانی و تۆپخانە ئەستەم دەبێت، هەمیش ئەگەری گیرخواردنی هاووڵاتییە مەدەنییەکان زیاتر دەبێت.

سپێنسەر دەڵێت تەنانەت ئەمریکاش هیچ پرۆگرامێکی تایبەت بە ڕاهێنانی هێزی بۆ ئەو جۆرە ئۆپەراسیۆنانە نییە کە لە شارە گەورەکانی وەکوو مووسڵدا دەکرێن.

شار مەیدانی شەڕەکانی داهاتوو دەبێت. بۆیەش سپێنسەر جەخت دەکاتەوە لەوەی ئەگەر حکومەتەکان وەبەرهێنان لە پێگەیاندنی هێزی تایبەت بۆ ئەو شەڕە نەکەن، ئەوە سەربازەکانیان ڕەوانەی بارودۆخێک دەکەن کە هیچکات ئەزموونیان نەکردووە.



چاوەڕێ دەکرێ لە 2050دا نزیکەی 70%ی دانیشتووانی گۆی زەوی لە شارەکاندا بژین



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کورد لە عێراقی داهاتوودا

ئەم هەلومەرجەی ئێستا هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێت، هاوشێوەیە لەگەڵ ساڵی 2003، ئەو کاتەی کە ڕژێمەکەی سەدام رووخا و کۆتایی بە سیستەمی حوکمڕانیی هەشتا ساڵەی عەرەبی سوننە هات. ئەوکات هەرێمی کوردستان کەوتبووە بەردەم دوو بژارەوە، ئایا رووبکاتە عێراق، یاخود بەدوای دەروازەکانی سەربەخۆییدا بگەڕێت؟ وەک چۆن ئێستاش لەگەڵ کۆتایی دەوڵەتەکەی داعش هاوکێشەکان بەو ئاقارەدا ڕۆیشتوون کە جارێکی تر کوردستان مەحکومی ئەوەبێ بڕیارێکی چارەنووسساز بدات، ئاخۆ روو بکاتەوە بەغدا یان ڕێگەی سەربەخۆیی بگرێتەبەر؟

ساڵی 2003 کوردستان پێگەی بە بەراورد بەوکاتی لایەنە عەرەبییەکانی عێراق زۆر بەهێز بوو، هەرچەندە بەهۆی دەرئەنجامەکانی شەڕی ناوخۆ و ناتەبایی یەکێتی و پارتییەوە کوردستان یەک دەست نەبوو، بەڵام ئەو دوو حکومەتی و دوو ئیدارەیی و دوو هێزە چەکدارەی هەبوون، لە پێگەی کوردستانیان کەم نەکردبووەوە. مام جەلال و کاک مەسعود وەک دوو سەرکردەی گوێلێگیراو لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیانەوە ئیعتیباری گەورەیان هەبوو، یەکێتی و پارتی دوو هێزی چەکداری بەهێز و دوو حیزبی ڕێکخراوی تۆکمە و کەڵەکەبووی ئەزموونێکی حوکمڕانی و خاوەن کارەکتەری ئیداری بوون. لە بەرامبەردا لایەنە عێراقییەکان شێواو و شپرزە و لاواز بوون.

دەوڵەتی عێراق دامودەزگاکانی وێران کرابوون بەسەر یەکدا، سوپای عێراق هەڵوەشێندرابووەوە، حیزبەکان کە پێشتر ئۆپۆزسیۆن بوون و گەڕابوونەوە، لە پەراوێزدابوون و هێشتا بەرچاویان روون نەبوو ئەمریکا چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، لەکاتێکدا ئەمریکا وەک هاوپەیمان تەماشای کوردی دەکرد. ئەوکات ئەو بۆچوونانە زاڵ بوون کە گرتنەبەری ڕێگەی بەغدا و بەشداربوون لە بنیاتنانەوەی عێراق بۆ کورد باشترە لەوەی پشت بکاتە بەغدا و لێگەڕێ لایەنە عێراقییەکان بێ بەشداری و ڕۆڵی کورد خۆیان دەوڵەت دروست بکەنەوە. ئەوە بوو سەرکردایەتی سیاسی ئەوکاتی کوردستان بە قورساییەکی زۆرەوە چوونە بەغدا و لە یەکەم بناغەی حوکمڕانی لە ئەنجوومەنی حوکم و ئەنجوومەنی کاتیی نوێنەران بەشدار بوون و ڕۆڵیان هەبوو لە نووسینەوەی یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا کە ئەوکات وەک چوارچێوەیەک بۆ ناسنامەی دەوڵەتەکە، سیستەم و شێوازی بەڕێوەبردنی عێراقی نوێ پەسەند کرا.

لە قۆناغی دواتریشدا و لە نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی و لە وەرگرتنی پۆستە باڵاکان و پشکی وزاری و دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکانیشدا بە پێگەیەکی بەهێزەوە بەشدار بوو. ئەوەی کورد لەو قۆناغەدا بەدەستی هێنا لە چەسپاندنی بەشێک لە خواستەکانی لەناو دەستوور و لە پەسەندکردنی نەخشەڕێگەی چارەسەری کێشەکانی خاک و سنوور و سامانی سروشتیی ژێرزەوی، هەروەها لە قبوڵکردنی پرەنسیپی سازان و شەراکەت لە بەڕێوەبردنی وڵات شتی گرنگ بوون. بەڵام دوای ئەوەی لایەنە عەرەبییەکان، بە تایبەتی لایەنی شیعی، خۆیان کۆکردەوە و بەهێز بوون لەناو جومگە و دامەزراوە دەوڵەتی و سەربازییەکان، بە تایبەتیش دوای کشانەوەی ئەمریکا و جێهێشتنی عێراق بێ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی، دوای 14 ساڵ ئێستا ئەنجامەکانی دیارن کە هیچ کام لەو شتانە هیچ بەها و بایەخێکیان نەماوە. نە دەستوور کاری پێدەکرێت و نە پرەنسیپی سازان و هاوبەشی و نە پۆست و پشکی نوێنەرایەتی، ئەوەی ئێستا هەیە عێراقێکە لە دەرەوەی هەموو چاوەڕوانییەکان و پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتن و ناسنامە و چوارچێوەیەی لە دوای 2003 بۆی دیاریکرا.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کورد لە دوای رووخانی سەدام بە پێگەیەکی بەهێزەوە گەڕایەوە بۆ بەغدایەکی لاواز، ئەنجامەکەی هیچی لێی دەستنەکەوت، ئەی ئەگەر ئێستا بگەڕێتەوە بۆ بەغدا کە هاوکێشەکان تەواو پێچەوانەن، چی دەست دەکەوێت؟ بە تایبەتی کە بەرچاومان روونە لەوەی عێراقی دوای داعش لە رووی سیاسی و سەربازییەوە عێراقێکی زۆر بەهێزتر دەبێت. ساڵی 2003 نەک رک و کینەیان بەرانبەر بە کورد نەبوو، بەڵکوو زۆر هاوسۆز بوون بۆ کورد و مافەکانی. بەڵام ئێستا بەچاوێکی دوژمنکارانە لە کورد دەڕوانن و بۆ ئایندەش وەک هەڕەشەو مەترسی لەسەر ستراتیجیەتی شیعە وێنامان دەکەن. بۆیە چاوەڕوانیکردن لەوەی کورد لە ئایندەی عێراقدا شوێنی دەبێتەوە چاوەڕوانییەکی خۆهەڵخەڵەتێنەرانەیە.

ئەوەی لە سەرهەڵدانی داعش و شەڕی سێ ساڵەی تێکشکاندنی داعشدا لە عێراق روویدا، لێکەوتەکانی ئەو جەنگە عێراق بەرەو دۆخێکی ناوخۆیی پڕ لە توندوتیژیی زیاتر دەبات، ئەم وڵاتە دەبێتە شوێنی ململانێ و گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی شەڕی تائیفیی نێوان سوننە و شیعە و پەلکێشکردنی زیاتری هێزە هەرێمایەتییەکان بۆ ناو ئەم هاوکێشەیە. کورد لە عێراقێکی لەو شێوەیەدا نەک هیچی دەستناکەوێ، بەڵکوو پەلکێشی ناو ڕووداوەکانیش دەکرێت. لە حاڵێکدا ئەگەر هەموو ئەو چاوەڕوانیانە بۆ داهاتووی عێراق هەڵەش بن و عێراق دۆخێکی ئارام و سەقامگیری بێ کێشەشی هەبێت، کورد لە عێراقێکی لەو شێوەیەشدا هەر دەکەوێتە بەردەم مەترسیی پەراوێزخستنەوە.

گەورەترین مەترسییەک کە کورد هێشتا هەستی پێنەکردووە، پەیوەندی بە ژمارەی دانیشتووانەوە هەیە لە داهاتووی عێراقدا. ساڵ لە دوای ساڵ ڕێژەی کورد لە عێراقدا بچووکتر دەبێتەوە. ئەوەش لەلایەک پەیوەستە بە جیاوازیی بونیادی کۆمەڵگەی کوردی و عەرەبییەوە و بەشێکیشی پەیوەندی بە ستراتیژیەتی شیعەوە هەیە. تا هۆکارەکانی خۆشبژێوی زیاتر بن خێزانی کورد بەرەو شاریبوون دەچێت و بچووکتر دەبێتەوە، بەڵام ئەمە لە خێزانی عەرەبدا بە پێچەوانەوەیە، پێشکەوتن و هۆکارەکانی شارستانیەت یارمەتیدەری زیاترە بۆ گەورەبوونەوەی خێزانەکانیان، لای عەرەب کولتووری کۆمەڵایەتی و ئاینیش هاندەرە بۆ خستنەوەی نەوەی زیاتر، دەوڵەتیش بە مەبەست زیاتر پەرەی بەم نەریتە داوە، دین و یاسا ڕێگەیان دەدات تا چوار ژن بهێنن، لای عەرەب ژن وەک کارگەی بەرهەمهێنانی ژمارەی بەشەر تەماشا دەکرێت، بۆیە بەردەوام لە زیادبووندان. ئەوەی لە عێراق دەبینرێت لە رووی زیادبوونی ژمارەی مرۆییەوە پێچەوانەی هەموو بنەمایەکی زانستییە. هەروەها بەشێکی ئەو گەشەکردنە ناسروشتییە پەیوەندی بە ستراتیجی تەشەیوعەوە هەیە لە عێراقدا.

ساڵی 2003 ژمارەی دانیشتووانی عێراق 24 ملیۆن کەس بوو، ئێستا و دوای 14 ساڵ گەیشتووەتە 38 ملیۆن کەس. بە درێژایی ئەم 14 ساڵە چەندین ملیۆن کچ و کوڕی شیعەی ئێران هاتوونەتە ناوچە شیعییەکانی عێراق و خێزانیان دروستکردووە و ڕێکارە یاساییەکانی عێراق رەگەزنامەی کردوون بە عێراقی. لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان لە 2003 وە بۆ ئێستا بەپێی خەمڵاندنی وەزارەتی پلاندانانی عێراق، نزیک بە یەک ملیۆن ژمارەی بەرز بووەتەوە. واتا ساڵانە ژمارەی عەرەب 13 پلە سەردەکەوێت بەسەر ژمارەی کورددا، ئەمەش بۆ دوو دەیەی دیکە، کورد لە عێراقدا دەکات بە کەمینەیەکی هەرە بچووک. بۆیە ئەگەر کورد لە عێراقدا هیچ کێشەیەکیشی لەگەڵ عەرەب نەبێت، نە کێشەی خاک، نە کێشەی دەسەڵات، نە کێشەی بەڕێوەبردنی وڵات، تەنها ئەم حاڵەتە ناسروشتییەی گەشەکردنی عەرەب دەبێت کورد ناچاری ئەوە بکات لە عێراق جیاببێتەوە، چجای ئەو هەموو مەترسی و هەڕەشانەی کە لەسەر ئەرزی واقیع هەن.



بەختیار کەریم

# گەڕانەوەی پاسەوانە پیرەکان

## لە پەراوێزی هەڵبژاردنەکانی (بزووتنەوەی گۆڕان)دا

ئێستا گۆڕان سەرکردایەتیەکی نوێی هەڵبژاردووە کە لەڕاستیدا هەمان سەرکردایەتییەکەی جارانە. ئەوەی لەم گۆڕانکارییانەدا بەدی ناکرێت، گۆڕانکارییە! ئەم ئەنجامە جۆرێکە لە تازەکردنەوەی بەڵێن بۆ یەکتر لەناو کەسایەتییە باڵادەست و نزیکەکانی نەوشیروان مستەفادا. ئەم قۆناغە جێگەی سەرنجە و پێدەچێت ئەم سەرکردایەتییەی ئێستا سەرکردایەتییەکی کاتی (قیادە موەقەتە) بێت و ئەرکی تەنها خۆئامادەکردنە بۆ رادەستکردنی ئەمانەتەکە بۆ خاوەنە راستەقینەکانی! شەڕی دوو ساڵی داهاتووی نەوەی نوێی گۆڕان کە زۆرینە ئیسلامیین، لەگەڵ "پاسەوانە پیرەکان"ی سەرکردایەتی ئێستای گۆڕاندا، هەوڵدان دەبێت بۆ شکستهێنان بەم پرۆژەی بە بنەماڵەییکردنە. بەڵام ئەگەرەکان لەبەرژەوەندیی ئەم گەنجە ئیسلامییانە و هەندێک گەنجی رادیکاڵی تر نین، چونکە سەرەڕای سەرکردایەتی ئێستا، هەموو هێزەکانی دەرەوەی گۆڕان (بەتایبەتی پارتی و یەکێتی) پاڵپشتیی ئەم ئاراستەیە دەکەن. لەوەش مەترسیدارتر بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی ناو گۆڕان (بەوانەشەوە کە گۆڕان نین بەڵام هەمیشە پاڵپشتی گۆڕان بوون)، ئێستا سەرقاڵی پۆزشهێنانەوەن بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێ و هەوڵی کوشتنی ڕۆحی رەخنەیی دەدەن لەناو گەنجانی گۆڕاندا.

هەڵبژاردنەکانی گۆڕان شکستی پرۆژەیەکی رادیکاڵی گەنجانە بوو کە لەوانەیە ئاکامەکانی تا چەند ساڵێکی تر لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا هەستی پێبکرێت. بەڵام لەسەر ئاستی کوردستاندا، جۆرێک لە تەبایی دەگێڕێتەوە بۆ ناو هێزە سیاسییەکان. ئەو هێزانەی لەیەکدەچن توانای پێکەوەهەڵکردنیان زیاترە، ئێستا کە سەرکردایەتی هێزە کاریگەرەکان (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) نەوەی هەمان ڕۆژگار و پەروەردەی هەمان کولتووری سیاسین و تارادەیەکی زۆریش جیهانیان لێک نزیکە، توانای گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنیان زیاترە. لەوانەیە لەنێوان ئەم سەرکردانەدا، جیاوازیی گەورە هەبێت لەسەر ئاستی تاکەکەسیدا، بەڵام هەرگیز ناگاتە ئاستی جیهانبینی و بیرکردنەوەی سیاسییان لەیەک فەزای بچووکدا کە ناوی هەرێمی کوردستانە. لێرەوە ئەگەری سەقامگیری و ئاشتییەکی درێژخایەن لەنێوان ئەم هێزانەدا زۆر زیاترە لە ئەگەری پێکدادان و ناکۆکیی قورس. ئەمە بەو واتایە نییە کە جیاوازی و کێبەرکێی سیاسی لەنێوان ئەم حیزبانەدا نامێنێت، بەڵکو بەواتای ئەوەیە کە دامەزراوە و کەسایەتییە لێکچووەکان ئاسانتر دەتوانن پێکەوە قسە بکەن!

بنەما فەلسەفییەکەی تێزی "ئاشتی هەمیشەیی" فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئیمانوئێل کانت) ئەوەیە کە لێکچوون و هاوشێوەیی، توانای پێکەوەهەڵکردن و لێکتێگەیشتن زیاتر دەکات. کانت دەڵێت ئەگەر هەموو دەوڵەتەکان کۆماریی دەستووری بن، ئەوا بەدیهێنانی ئاشتییەکی هەمیشەیی واقیعی دەبێت و چیتر خەیاڵ نابێت. لەسەر بنەمای ئەم تێزەی کانت، لە سەردەمی ئێستادا "تیۆری ئاشتی دیموکراسی" (Democratic Peace Theory) بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەوڵەتە دیموکراسییەکان ئاسانتر لەیەک تێدەگەن و گفتوگۆ دەکەن و کێشەکانیان چارەسەر دەکەن. بۆ نموونە بەراوردی لێکتێگەیشتن و تەبایی نێوان ئەمریکا و کەنەدا بکە لەگەڵ لێکتێنەگەیشتن و ناتەبایی نێوان ئەمریکا و کوبا.

مەبەست لە باسکردنی ئەم تێزانە، روونکردنەوەی ئەوەیە کە سەرکردایەتی ئێستای گۆڕان لە زۆر رووەوە نزیکن لە سەرکردایەتی یەکێتی و تارادەیەک پارتیش، ئەگەرچی سەر بە حیزبی جیاوازیشن، بەڵام سەر بە نەوەی کۆنی سیاسەتی کوردستانن. ئەم نەوەیە بە کۆمەڵێک ئەزموونی جیاوازدا تێپەڕیون و ئەمڕۆ بەپێچەوانەی گەنجە رادیکاڵەکانی حیزبەکانی خۆیانەوە، نەرمتر و کۆنسێرڤەتیڤتر دەردەکەون. لەڕاستیدا لەپاش دروستبوونی گۆڕانەوە، هەوڵی بەردەوامی یەکێتی و پارتی بە ئاراستەی سەرخستنی پاسەوانە پیرەکانی ناو بزووتنەوەی گۆڕان بووە، بە ئامانجی ئەوەی خاوەن بەرژەوەندی و جیهانبینییە هاوبەشەکان بتوانن بگەنە ڕێککەوتن و ڕێکخستنێکی سیاسیی نوێ لەنێوان ئەم هێزانەدا. پەراوێزخستنی گەنجان، جگە لە گەنجە دەستەمۆکراوەکان، جێگەی تێڕامانە، چونکە بە ئاراستەیەکدا ئەم پەراوێزخستنە جەختکردنەوەیە لە شەرعیەتی شاخ و بە ئاراستەیەکی تردا ئاماژەیە بۆ شکستخواردنی روانگەی گەنجەکانی ناو گۆڕان، هاوشێوەی شکستخواردنی گەنجەکانی ناو یەکێتی و پێش ئەویش پارتی!

پاسەوانە پیرەکان (the old guards) لە ئەدەبیاتی سیاسیدا، ئاماژەیە بۆ ئەو دەستەبژێرە سیاسییەی لەهەناوی هەموو ڕێکخراوێکی سیاسیدا، پارێزەری نەریت و بەها چەسپیوەکانن. بەگشتی، ئەمانە لەڕووی تەمەن و جیهانبینییەوە پیرن، کۆنسێرڤەتیڤن و دژی گۆڕانی رادیکاڵ و خێران، زیاتر دۆستی گۆڕانی هێواشن. پاسەوانە پیرەکان، لە زۆربەی وڵاتان ڕووبەڕووی کێشەی گەورە بوونەتەوە، چونکە لەسەردەمی تەکنەلۆجیا و خێرایی سەرسوڕهێنەردا، ئەوان هێشتا دەستبازی لەگەڵ جووڵەی کیسەڵیدا دەکەن! بەپێچەوانەی رەوتی حیزبایەتی لە بەشە پێشکەوتووەکەی جیهان کە گەنجان تەنگیان بە پاسەوانە پیرەکان هەڵچنیوە، لە کوردستان و وڵاتە دواکەوتووەکانی تر، پاسەوانە پیرەکان هێشتا هەموو دەروازەکانی سیاسەت و هزری سیاسییان بە قفڵێکی ژەنگاوی بەستووە و تەنها ڕێگەی چوونە ژوورەوە بەو گەنجانە دەدەن کە قبوڵی هەژموونی ئەوان دەکەن.

هەڵبژاردنی سەرکردایەتی ئێستای گۆڕان جەختکردنەوە بوو لەوەی ئەم پاسەوانە پیرانە، هاوشان لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان لەناو یەکێتی و پارتی، کە زۆربەیان زیاتر لە چارەکە سەدەیەک لە شاخ و چارەکە سەدەیەک لە شار، حوکمڕانی رەهای کوردستان بوون، لێرەن بۆ مانەوە تا مردن. ئەم هەڵبژاردنە خوێن بەبەرداکردنەوەیەکی رەمزیی بوو بە جەستەی شەکەتی ئەم پاسەوانە پیرانەدا، جۆرێک بوو لە تازەکردنەوەی پەیمان لەنێوان ئەم پاسەوانە پیرانە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکانیان لەناو یەکێتی (بگرە پارتیش).

بەکورتی پێداگری ئەم پاسەوانە پیرانە لەسەر مانەوە لە حوکمڕانی و پشتکردنە بانگەشەی بێناوەڕۆک بۆ گەنجکردنەوەی سەرکردایەتی حیزبەکانیان، هاوشان لەگەڵ سەرکەوتنیان بەسەر ئەو گەنجانەی ناو بزووتنەوەی گۆڕان، کە هەندێکیان تائێستاش شۆک بەرینەداون، جەختکردنەوە بوو لەوەی ئەم پاسەوانە پیرانە خۆیان بە خاوەنی شەرعیی کوردستان دەزانن. لەوەش زیاتر، بەپێچەوانەی رای زۆرینەوە، هێشتا پاسەوانە پیرەکان لەو بڕوایەدان کە ئەوان دەتوانن سەرکەوتوو بن لە بونیاتنانی دەوڵەتی کوردستان و تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە بەبێ شەڕ. واتا پاسەوانە پیرەکان بەزۆر دەمانخەنە بەردەم تاقیکردنەوەیەک کە ئەوان خۆیان تاقیکردنەوەکە ئەنجام دەدەن، نمرە دادەنێن و بڕوانامەش دەبەخشن. گەنجەکانی حیزبەکانیان، ڕۆڵی "چاودێر"ێکی چاوبەستراو و "رەخنەگر"ێکی دەمبەستراویان پێدراوە، تەنها دەستیان ئاوەڵایە تا لەکۆتایی تاقیکردنەوەکەدا بۆ ماوەیەک چەپڵە بۆ خۆیان لێبدەن و دەمێکیش چەپڵە لە نەیارەکانیان بتەقێنن!



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# سەرۆککۆمارێکی گلاو

ڕۆژی-20ی ئەم مانگە (جولای)، پەرلەمانی هێندوستان سەرۆککۆمارێکی نوێی بۆ وڵات هەڵبژارد. لە سیستەمی دیمۆکراسیی پەرلەمانیی هێنددا زۆربەی دەسەڵاتە کارگێڕییەکان بەدەست سەرۆکوەزیرەوەیە و سەرۆککۆمار زۆرتر پێگەیەکی هێمایی و سیمبولیکی هەیە. بەوەشەوە، سەرۆککۆمارەکانی هێند ڕۆڵێکی بەرچاوی ئەخلاقییان لەسەر باسە گشتییەکانی ناو ڕۆژەڤی کۆمەڵگەی هێند و، ئاراستە بەخشین بەو باسانە هەیە.

هەڵبەت، سەرۆککۆماری نوێی هێند، ڕام نات کوویند، مافناسێکی بەڕەچەڵەک دالیتە. دالیت، بەو توێژە بەشخوراوەی خەڵکی هێند دەگوترێ کە بە ئایین هێندوون، بەڵام لە ئایینی هێندویسم تەنیا ستەم و بێڕێزییان پێبڕاوە. نەزمی کۆمەڵایەتی لە هێندوستانی مێژوویدا، لەسەر هەیکەلبەندییەکی پەیژەیی دامەزراوە کە مرۆڤەکان بەگوێرەی سیستەمی کاستی، ڕیزبەندی و "ڕێزبەندی" دەکات. ڕێزدارترین کاست لەو ڕیزبەندییە ئایینی و کۆمەڵایەتییەدا، براهمینەکانن (ڤارنا). نزمترین کاستیش ئەوانەن کە پێیان دەگوترێ "دالیت". دالیتەکان، بەکەسانی دەرەکاستیش ناودەهێنرێن: مرۆڤی "ئانتاچەبڵ"، وشەیەک کە بەکوردی دەکاتە گلاو، نەجس. ئێستا سەرۆککۆماری هێند، یەکێکە کە بەڕەچەڵک دەچێتەوە سەر کاستی خەڵکە گلاوەکەی هێند! تاکەکەسێکیش کە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆماری ململانێی ڕامنات کووبندی کرد، خانمێک بوو بەناوی "میرا کومار". ئەم خاتوونەش هەر بە ڕەچەڵەک دالیت بوو.

هەڵبەت، لەجێدا، ئەوەی کە کەسێکی بەڕەچەڵەک دالیت، لەلایەن نوێنەرانی هەموو هێڵە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی هێندەوە بۆ پۆستێکی هەستیاری وەک سەرۆککۆماری هەڵدەبژێردرێ، هێمایەک لە ئاڕاستەی دروست و ئیرادەی یەکسانیخواز لە ڕۆژەڤی سیاسیی گەورەترین دیمۆکراسییەکەی جیهاندا نیشان دەدات. لە ڕوانگەی ئایینیی هێندویسم و ئەو باوەڕانەی لەسەر بنەمای ئەو ئایینە بنیاتنراون، کاروبارە بەرز و بەنرخەکانی وەک دەوڵەتداری و سەرۆکایەتی، تەنیا شایستەی ئەوانەیە کە بەڕەچەڵەک لە خێزانی سەر بە کاستی براهمینەکان لەدایک بوون. لەو سیستەمە کاستییەدا بەشی دالیتەکان، تەنیا خزمەتکاری و کارەکەری بووە، هەڵبەت ئەمەش شتێک نەبووە هەموو جارێک بە گلاوەکان ڕەوا بینرابێت!

توندوتیژیی ساختاری و بەچاوی سووک سەیرکردنی دالیتەکان لە لایەن کاستە بەرزترەکانەوە، زۆرجار سنووری هەموو تێگەیشتنێکی مرۆڤیی بەزاندووە. مێژووی کۆمەڵایەتی هێند رووداو و دیاردەی زۆر دڵتەزێن لە ژیانی پڕ چەوسانەوەی دالیتەکان باس دەکا: دالیتەکان بۆیان نەبووە بچنە پەرستشگاکانەوە، تەنانەت بۆیان نەبووە لەو دەفرانەدا ئاو بخۆنەوە کە خەڵکی تر لێی دەخواتەوە! بگرە سێبەرەکەشیان بەگلاو زانراوە: تا ساڵەکانی نزیک سەربەخۆیی هێندیش، لەهێندێک ساتەوەختی دیاریکراوی بەیانیان و ئێوارانی شارێکی وەک پونە- دا، دالیتەکان بۆیان نەبووە لەناو شارەکاندا هاتوچۆ بکەن، چونکە لەو کاتانەدا، خۆر بەخواری تیشک دەهاوێ و مەترسیی ئەوە هەبووە سێبەری دالیتێک بەر کەسێکی نا-دالیت بکەوێ و گلاوی بکات! ژنوژنخوازی لەگەڵ دالیتەکان قەدەغە بووە. ئەوان لە زۆربەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش بێبەش بوون.

ئەو کەسەی یەکەمجار بەشێوەی سیستماتیک بەرەورووی ئەو ستەمە ساختارییەی ناو کۆمەڵگەی هێند بووەوە، خوێندەوارێکی گەنجی دالیت بوو کە لە سەرەتاکانی سەدەمی بیستەمدا، بزووتنەوەیەکی بەهێزی دژی ئەو هەموو چەوسانەوەیە بەرپا کرد. ئەو کەسەش دکتۆر ئامبێدکار بوو. دکتۆر ئامبێدکار بۆ خۆی لە خێزانێکی هەژاری دالیت لەدایک ببوو، بەڵام ڕێکەوت بۆی ڕەخساندبوو تا بۆ درێژەدان بەخوێندن بڕواتە ڕۆژئاوا. لە ماوەیەکی کورتدا، لە دوو بواری ئابووری و ماف- دا، دوو دکتۆرای لە بەریتانیا و ئەمریکا وەرگرتن و، یەکێک لە تێزەکانی دکتۆراشی بۆ توێژینەوە لەسەر سیستەمی کاستیی هێند تەرخان کرد. ئامبێدکار هەم ئاکادێمیسیەنێکی مەزن بوو، هەم ڕێبەرێکی مەیدانیی بەتوانا.

ئامبێدکار زۆر خێرا بوو بە پێشەنگی بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی دالیتەکانی هێند. ئەو بزووتنەوەیەی ئامبێدکار نوێنەرایەتی دەکرد، بزووتنەوەیەک بوو لە پێناوی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی. بەڵام لە جەوهەردا، بزووتنەوەکە مۆرکی کەسایەتیی شۆڕشگێڕانەی د.ئامبێدکاری پێوە دیاربوو. ئاخر، لەجێدا بەگژداهاتنەوەی ئەو ستەمە کاستییەی بەرەورووی دالیتەکان دەبووەوە، شۆڕشێک بوو بۆ ژێرپرسیارخستنی بنەما ئایینییەکانی سیستەمی کاستیی هێندویسم.

خەباتی ئامبێدکار بۆ مافی دالیتەکان هاوکات بوو بە سەرەتای جۆشخواردنی ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەیەی ماهەتما گاندی نوێنەرایەتیی دەکرد. هەڵبەت گاندی و ئامبێدکار دانوویان زۆر پێکەوە نەدەکولا. لەبنەڕەتدا ئەو دووانە، دوو کارەکتەری سیاسیی جیاوازیان هەبوو: ئامبێدکار، ڕیفۆرمیستێک بوو تاسەر ئێسکان شۆڕشگێڕ؛ گاندی بەڵام شۆڕشگێڕێک بوو تاسەر ئێسکان ڕیفۆرمیست. گاندی ئازادیی دەویست و ئامبێدکار یەکسانی. ئامانجی سیاسیی گاندی، ڕزگارکردنی وڵات و نەتەوەی هێندوستانێکی یەکگرتوو بوو لەژێر نیری کۆلۆنیالیسم. ئامبێدکار بەڵام دەیگوت: "دەرد هەر دەردە، کەری تۆ بم، یان هی جەردە". ئەو جارێک بەگاندیی گوتبوو: "بۆ منێکی دالیت، کە بەگلاو بزانرێم، نە نیشتمانپەروەری مانایەکی هەیە، نە ڕزگاریی نەتەوەیی!".

هەڵوێستەکانی ئامبێدکار و دەسپێشخەرییە سیاسییەکانی ئەو بیوونە مۆتەکەی سەرشانی گاندی. ناکۆکییەکانی ئەو دووانە بەتایبەتی لەپێوەندی لەگەڵ سیستەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و شارەدارییەکان، لە ساڵی 1932دا گەیشتە لوتکەی خۆی. دیارە گاندی، هەرگیز حاشای لە چەوساوەیی دالیتەکان و پێویستیی چاکسازی نەبوو. ناکۆکییەکەی لەگەڵ ئامبێدکار تەنیا لەسەر شێوەی ڕیزبەندیی زەرووەرەتەکانی خەبات بوو. ئامبێدکار خوازیاری ئاڵوگۆڕی خێرا و ڕیشەیی و، تەنانەت جیاکردنەوەی حیسابی دالیتەکان لە جڤاکی هێندوو بوو. ئەو، ڕاست دەستی لەسەر سەرچاوە ئایینییەکەی کێشەکە دادەنا (تەنانەت، دواجار، هەرچەند مانگێک پێش مردنی، بەخۆی و هەزاران هەوادارییەوە، ئامبێدکار بەفەرمی چووە سەر ئایینی بودیسم و بۆ هەمیشە وازی لە هێندویسم هێنا). گاندی بەڵام دالیتەکانی بە بەشێکی جیانەکراوەی جڤاکی هێندووەکان دەزانی و پێی وابوو، گرفتەکە کۆمەڵایەتییە نەک ئایینی و، سەرچاوەی کێشەکە لە نەریتە زیانبارە کۆمەڵایەتییەکاندایە. گاندی تەنانەت دەیگوت، ئەگەر ڕۆژێک بگەمە ئەو باوەڕەی هێندویسم سەرچاوەی چەوساندنەوەی دالیتەکانە، حاشا لە دینی هێندوو دەکەم و دەگەڕێم بەدوای دینێکی چاکتردا..". هەر لەپێناوی هاوسۆزی لەگەڵ دالیتەکانیشدا، گاندی ئەوانی بە "هاریجان" بانگ دەکرد. هاریجان واتە "ڕۆڵەکانی خودا". گاندی هەر بۆ تێکشکاندنی ئەو وێنایەی سەبارەت بە "ڕۆڵەکانی خودا"، لەناو هێندووەکاندا هەبوو، هاتوچۆی دالیتەکانی دەکرد و نانی لەگەڵ دەخواردن. تەنانەت هەر ئەو سەردەمەی لە ئەفریقای باشوور بوو، ڕۆژنامەکەی خۆی ناونابوو "هاریجان".

گاندی، ئەو "ڕۆحە مەزنە"، تەنانەت بەوەندەوە نەوەستا و، لە کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هێندوستاندا، ڕێک مافناسە کۆنە دژبەرەکەی خۆی، دکتۆر ئامبێدکاری پێشەوای بزووتنەوەی یەکسانیخوازی دالیتەکانی دیاری کرد بۆ ئەوەی ببێتە یەکەم وەزیری داد-ی کابینەی جەواهێرلال نەهرۆ و، هاوکات؛ سەرۆکی ئەو لیژنەیەش کە دەبووایە یەکەمین دەستووری بنچینەیی هێندوستانی سەربەخۆ بنووسێتەوە. ئامبێدکار مۆرکی خۆی بۆ هەمیشە لە دەستووری بنچینەیی هێندوستان دا: لەخۆوە نییە کە ماددەکانی 14 بۆ 18ی دەستووری بنچینەیی هێندی سەربەخۆ، بۆ جەخت لەسەر مافی یەکسانی هەموو تاکێکی هاووڵاتی هێندی تەرخان کراوە: مافی یەکسانی و قەدەغەکردنی هەرجۆرە هەڵاواردنێک لەسەر بنەمای ئایین، ڕەچەڵەک، زایند و شوێنی لەدایکبوون.

لەدوای سەربەخۆیی هێندوستانەوە، واقیعی مێژوویی تفتوتاڵی دالیتەکانی هێند، گۆڕانی زۆری بەسەرداهاتووە. دەسپێشخەرییە دەستوورییەکان و ئەو پرۆژە نەتەوەییانەی پەرەسەندنیش کە هەر لە سەردەمی نەهرۆوە خراونەگەڕ، گۆڕانێکی ڕێژەیی لە ژیانی زۆر لە دالیتەکاندا پێکهێناوە. هیچ نەبێ ئەو هەڵاواردنە سیستماتیکەی جارانی دژ بە دالیتەکان، ئێستا بە تاوان لەقەڵەم دەدرێ. دالیتەکان ئێستا خەڵکێکی "گلاو" نین، بەڵکو بە توێژێکی چەوساوە و جێی بەزەیی لەقەڵەم دەدرێن. توێژێک کە چەوسانەوەیان بە پەڵەیەکی گەورە، بەناوچاوانی گەورەترین دیمۆکراسیی دنیاوە، دێتە ئەژمار.

ئەوەی کە ئێستا سەرۆککۆماری هێند، لەناو دالیتەکانەوە هەڵدەبژێردرێ، هێمای بەرەوپێشچوون و ئاراستە گۆڕینێکی هێواش بەڵام گرینگی ئەو کەشتییە گەورەیە کە هێندوستانی پێ دەگوترێ. بەوەشەوە، دۆخی نالەباری دالیتەکانی هێند دەیسەلمێنێ، هەڵبژێردران و هەڵکشانی تاکەکەسەکان، سەرەڕای هەموو بایەخە هێماییەکەی، هێشتا نابێتە دەرمان بۆ ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە جڤاکییانەی ڕیشەیان لە هەڵاواردنێکی ساختاری و سیستماتیکی ناو کولتووری کۆمەڵگەدا هەیە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# سەرۆکێک لە سلێمانییەوە

1

دانیشتنی گۆڕان و پارتی دەبێ کێشە هەڵواسراوەکان وەکو یەک دانیشتنێکی یەکلاکەرەوە بێت و پاکێجی دانوستاندن بخرێنە سەر مێز.

چارەسەربوونی کێشەکانی نێوان گۆڕان و پارتی، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کێشەی بەشێکی یەکێتیش لەگەڵ پارتیدا چارەسەر دەکات. جەوهەری کێشەی گۆڕان و پارتی لەسەر مەسەلەی حوکمڕانییە لە کوردستان و گۆڕان وەک نوێنەری ناوچەی سلێمانی پێداگیری لەسەر گەڕانەوەی شکۆی مێژوویی بۆ سلێمانی دەکات. دەبێ پارتی لەوە تێگەیشتبێت کە گۆڕان هەڵقوڵاوی کاردانەوەیەکی مێژووییە بەرامبەر حوکمی ڕەهای پارتی. بۆیە ئەمڕۆ کە پارتی بووەتە ئاڵا هەڵگری پرسی سەربەخۆیی، ئامادەی تەنازولاتی زیاتر و زیاتر بێت لەو کێشانەی کە هەن.

لە دوای تێکەڵبوونی هەر دوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (کە لە 12 ساڵی حکومەت تەنها دوو ساڵی بەر یەکێتی کەوتووە)، سلێمانی بووە کانگای ناکۆکیی سیاسی و لە سایەی ئەوەشەوە خەڵکەکەی زەرەرمەند بوون. کەم کەس هەیە لە سلێمانی ئەم حکومەت و ئیدارەیەی ئێستا بە هی خۆی بزانێ، تەنها شتێک کە بە هەولێریانەوە دەبەستێتەوە مووچەیە و بەس! ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێیانوایە پارتی هەموو جومگە هەستیارەکانی حوکمڕانیی وڵاتی (ئەڵبەتە بە پشتیوانیی بنەماڵەی تاڵەبانی) بۆ خۆی و شەریکەکەی قۆرخ کردووە. پێداگیری لەسەر هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سیستەمی پەرلەمانی، ئەگەر بەشێکی پەیوەست بێت بەوەی کە بەو یاسایەی ئێستا لە حوکمڕانیدا بەرکەوتن لە نێوان سەرۆکایەتییەکان دروست دەبێت، بەشە هەرە ئەساسییەکەی ئەوەیە کە ئەم پۆستەش وەکو هەموو پۆستەکانی دیکەی وڵات بخرێتەوە ناو پاکێجی دانوستاندنی سیاسی و هەر لایەنە پشکی خۆی لە حوکمڕانیی وڵات بەربکەوێت. مەبدەئی زۆرینەی پەرلەمانی لە کوردستان جارێ وەهم و خەیاڵە، چونکە ئەوەی حوکمی وڵاتی پێ دەکرێت، تەوافوقی سیاسییە و ئەگەر ئەو تەوافوقە لەبار چوو، هەموو سیستەمەکە دادەڕمێ. بۆیە وەک چۆن حیزبەکان لە پێکهاتەی بەڕێوەبردنی خۆیاندا حیساب بۆ ئەندام و لایەنگرە ناوچەییەکانی خۆیان دەکەن، دەبێ ئاواش پێکهاتەی حوکمڕانیی کوردستان موڵکی یەک یان چەند حیزب و، چەند ناوچەیەکی جوگرافی نەبێت، بەوەش دەکرێ تا کامڵبوونی دیموکراسی لەناو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا، خاوەنی وڵاتێکی یەکگرتوو بین.

## پێگەیەکی سەرووتر بۆ بارزانی

2

لە گەرمەی دانوستاندنەکانی دوای 23ی حوزەیرانی 2015 و پێش پەککەوتنی پەرلەمان، داواکاریی پارتی لە لایەنەکان ئەوە بوو کە تا دوو ساڵی دیکە ماوەی سەرۆکایەتیی بارزانی درێژ بکرێتەوە لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان بەردەوامیی شەڕی داعش و ئەرکی بارزانی وەک فەرماندەی هێزی پێشمەرگە، دووەمیان ڕاگەیاندنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی. بارزانی هەردوو ئامانجەکەی هێنایە دی و ئیتر ماوەتەوە سەر ئەوەی کە پارتی چۆن دەتوانێ وەکو حیزب ئەوانە بکاتە دەستکەوتی نیشتمانی.

بارزانی یەک دوو جار پەشیمانیی لەوە دەربڕیوە کە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە و چەند جارێکیش ڕایگەیاندووە کە چیتر بۆ ئەو پۆستە خۆی کاندید ناکاتەوە. لەو ڕوانگایەوەی کە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانی (بە ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی) بۆ شەخسی کاک مەسعود نووسرابوو (کە بارزانی بەشی هەرە زۆری دەسەڵاتەکانی بەکارنەهێنا)، دەکرێ بۆ دوای ئەو، ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە. چونکە بە پلەی یەکەم چارەسەری قەیرانی سیاسیی ناوخۆی کوردستانی پێ دەکرێت و، هەموو لایەنەکانیش باش دەزانن کە لە ئەمڕۆی کوردستاندا، نەک کەس ناتوانێ 70 لەسەدی دەنگی کوردستان بهێنێ، بگرە بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگ دوای کاک مەسعود (کە مام جەلال دەرک بە دەرک دەگەڕا تا دەنگی بۆ کۆبکاتەوە)، کارێکی ئاسان نییە و دووبارە دەبێتەوە هەمان تاس و حەمامی 1992 کە وای لێهات هەر پۆستی ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد هەڵبگیرێ. ئینجا کەسیش ناتوانێ گرەنتی ئەوە بکات کە ئەو کەسەی دوای مەسعود بارزانی ئەو پۆستە وەردەگرێت، دەسەڵاتەکانی وەک ئەو بە ئینساف و نیشتیمانپەروەرانە بەکاربێنێ.

پۆستی داهاتووی بارزانی، ڕابەری بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانەی گەلی کوردستان دەبێت، نەک هەر لە کوردستانی باشوور، بگرە لە پارچەکانی دیکەش و، مەرجەعی بڕیاری چارەنووسسازە بۆ داهاتووی میللەت. هیچ کەس و وڵاتێک ناتوانێ بێتە کوردستان و چاوی بە بارزانی نەکەوێت! بۆیە پارتی دەبێ دەستپێشخەر بێت بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی بارزانی و زامنکردنی سەرۆکایەتییەکی هەتا هەتایی کە بەرهەمی هیچ ئیتیفاقێکی سیاسی نییە. پارتی دەبێ دەستپێشخەر بێت لە هەموارکردنەوەی بەپەلەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا بیگەیەنێتە سیغەیەکی کۆتایی.

## حیزبی سەربەخۆی بێلایەنی ئەهلی!

3

ئەڵبەتە ئەگەر لە داهاتوودا، سەرمایەدارکراوەکەی سلێمانی بیەوێ حیزبێکی سیاسی دروست بکات، ناوی حیزبەکەی ئەوە نابێت، بەڵام ئەوەی پڕوپاگەندە بۆ حیزبەکەی ئەو دەکات، کەناڵێکی تەلەڤزیۆنییە و دەزگایەکی میدیاییە کە هەڵگری پەیامی بێلایەنی، سەربەخۆیی بوونە و ئیدیعای ئەهلیبوون دەکات! کارم بەوە نییە کە پشتیوانی لە چ بەرەیەک دەکات، چونکە ئیشی کەناڵی میدیایی پڕۆفێشناڵ ئەوە نییە بەرەی سیاسی ڕابگەیەنێت، کە ڕاشیگەیاند ئیدی میسداقیەتی خۆی لەدەستداوە. ئێرە شوێنێک نییە کە خەونەکانی ئۆبامای تێدا بێتە دی و، ئەستەمیشە ترامپێک (کە ئەمریکاش بە زەحمەت قەبوڵیەتی) لە کوردستان دروست بێت، لە باشترین حاڵەتدا کەمال میراودەلییەکی دیکە سەر قووت دەکاتەوە! دەشێ خەڵکی کوردستان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووبن، بەڵام قۆستنەوەی (نەخێر) بۆ گیرفان پڕکردن و کاری بازرگانی، سووکایەتیکردنە بە هەست و ئیرادەی خەڵک.



زریان ڕۆژهەڵاتی

# بەینی پەکەکە و ئێران تێکدەچێت؟

لە ماوەی کەمتر لە یەک مانگی ڕابردوودا، ئەو ڕێکخراوە سیاسی و سەربازییانەی کە لە مەنزوومەی پەکەکەدا بە ناوی ڕۆژهەڵاتەوە دروستکراون، لێدوان و گوتارەکانیان لەسەر ئێران توند کردووە. دامەزراوەیەکیشیان بە ناوی "یەرەکە" باسی ئەگەری شکاندنی "ئاگربەست"ی لەگەڵ ئێران کردووە.

ئەوەی لەم بابەتەدا جێی باسە، زیاتر سیاسەتی پەکەکە بەرامبەر ئێرانە و پرسیاریش ئەوەیە کە داخۆ پەکەکە بە نیازە چی بکات؟ ئایا لە ئێران دووردەکەوێتەوە یان بەپێی دۆخی نوێی ناوچەکە خۆی دەگونجێنێ؟

گریمانەی ئەم بابەتە ئەوەیە کە هێشتا لە ڕۆژهەڵات وەرچەرخانێک لە سیاسەتی پەکەکە بەرامبەر ئێران ڕووینەداوە، بەڵام سروشتی پراگماتیکی ئەم هێزە وادەکات کە خۆی بۆ قۆناغی گوزەر و ڕووداوە گریمانەییەکانی داهاتوو ئامادە بکات. پەکەکە چاوی لە مەیدانی سیاسی ڕۆژهەڵاتە و نایەوێ هێزە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیکە لەوێ هێزدار ببنەوە. جگە لەوە، ئەگەری دووبارەبوونەوەی مۆدێلێکی هاوشێوەی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات، حیسابە جیۆسیاسییەکانی پەکەکە ختووکە دەدات. هەڵگورد و قەندیل، کامیان دەبنە ڕەمزی نوێی ڕۆژهەڵات؟

لە ساڵی 2011 بەدواوە، پەکەکە جموجۆڵەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵات سڕکرد و هەڵیپەساردن. لە بنەڕەتدا پەکەکە یان دروستتر بڵێم باڵی عوسمان ئۆجەلان- نیزامەدین تاش پەژاکیان بۆ ئەوە دروستکرد تا وەک ئامرازێک بۆ نزیکبوونەوە لە ئەمریکا بەکاری بهێنن. ئەوان پێیانوابوو ئەمریکا دەستی لە عێراق وەشاندووە و هاکا لە ئێرانیشی سرەواند. بەوحیسابە، ئەوانیش بە دامەزراندنی پەژاک دەیانتوانی هەم لە ئەمریکا نزیک ببنەوە و هەم کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی ناو خۆیشیان ڕازی بکەن و هەمیش دەرچەیەک بۆ ئەو چەقبەستە سیاسی- سەربازییە بدۆزنەوە کە لە ساڵانی سەرەتای دوای گیرانی ئاپۆدا لە باکوور دروستببووبوو. بەڵام شکستی پرۆژە سیاسییەکەی ئۆجەلان- تاش، ئەم حیسابەی تێکدا. سەرەتا زۆربەی دامەزرێنەران و کادیرانی ڕۆژهەڵاتی ئەو حیزبە وازیان هێنا. هەرچەندە جاربەجارەندێک پێکدادان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی ئێران ڕوویدەدا، بەڵام ئەمە هەم بۆ پەکەکە و هەم بۆ ئێران شتێکی کۆنترۆڵکراو بوو. بۆیە هەرگیز بۆ شەڕێکی فراوان نەگۆڕا. پێکدادانی ناوبەناو لەگەڵ سوپای پاسداران واتای بەرهەمهێنانی شەڕڤان/جەنگاوەری لە حەوزی ڕۆژهەڵات بۆ پەکەکە دەدا کە لە باکوور تووشی گرفت ببووبوو. بۆ ئێرانیش ڕێگایەک بوو بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، دروستکردنی هەڕەشەی هاوبەش لەگەڵ تورکیا و دواجاریش، دەرکەوتنی هێزێکی تازە، ڕێگای لە گیانگرتنەوەی هێزە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات دەگرت!

بەهاری عەرەبی و قەیرانی سووریا هەموو شتێکی گۆڕی و تێگەیشتنی ئێران لە هەڕەشە دەرەکییەکان زیاتر بوو. بۆیە لە ڕووی ئەمنییەوە ڕووی لە توندوتۆڵکردنی سنوورەکان کرد. لە ماکۆوە هەتا سەردەشت و تا مەریوان و کرماشان لەسەر شاخەکان بنکەی سەربازیی نوێی دانا و جاددە و کارەبای بۆ ڕاکێشا. لەوچوارچێوەیەشدا بە "ئاگربەست" یان بە" هەڕەشە" شاخی جاسووسانی لە پەکەکە وەرگرت. بەمجۆرەش جموجۆڵەکانی قەندیل بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات سنووردار بوون.

لە بەینی 2015-2017دا گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و دۆخی ئێران ورەیەکی بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشی تا ڕوو لە شاخەکان بکەنەوە و بەوجۆرەش دەوروبەری چیای هەڵگوردیان کردە مەسکەنی خۆیان. ئەگەر مانەوەی پێشمەرگە لە هەڵگورد بەرەبەرە هێز بەرهەم بێنێت، بێشک، پەکەکە پێی باش نابێت، چونکە ئەو خۆی بە مەیدانداری نوێی سیاسەت لە ڕۆژهەڵات دەزانێت. یەکێک لە ڕێگاکانی ئەمەش گەڕانەوە بۆ قۆناغێکی هاوشێوەی پێش 2011 دەبێت. واتا: دەستکردنەوە بە گوتاری ئاگرین و چالاکیی سنوورداری دژ بە ئێران! جموجۆڵەکانی دیموکرات و پێکدادانەکەی سنە و دواتر ئەوەی لە سنوور ڕوویدا و دوابەدوای ئەوەش بۆردومانەکانی ئێران، پەژاکی وا لێکردووە تا باس لە هەڵوەشاندنەوەی "ئاگربەست" لەگەڵ ئێران بکات. بۆ پەکەکە ئاسان نابێت بۆ جەماوەری ڕوون بکاتەوە کە هێزەکانی ئەوان چۆن دەتوانن بە ئارامی لە سنوورەکاندا بمێننەوە لە کاتێکدا بارەگاکانی کۆمەڵە و دیموکرات بۆردومان دەکرێن. ئەمە و گیانگرتنەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، دەتوانن حەوزی مرۆیی پەکەکە لە ڕۆژهەڵات وشک بکەن. بۆیە نایەوێت هەڵگورد ببێتە ڕوخساری نوێی زیندووبوونەوەی جوڵانەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵات. هەڵبەت، داهاتوو دیاری دەکات کە لە بەینی هەڵگورد و قەندیلدا کامیان دەبنە ڕەمزی ڕۆژهەڵات.

دۆخی ناوچەکە و حیسابە جیۆسیاسییەکانی پەکەکە

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەنگەربەندی و تەرەفگیرییەکان لە ناوچەکە ڕوونتر دەبنەوە. ئەمەش وادەکات ئەو سەردەمەی کە پەکەکە بتوانێت لە یەک کاتدا لە چەند میحوەرێکەوە سیاسەت بکات سنووردارتر بێت. هێشتا کۆتایی نەهاتووە بەڵام، سەرەتاکانی دەستپێکردووە. پەکەکە لە باکوور لە بنبەستێکی سیاسی- سەربازیدایە بەڵام، لە ڕۆژئاوا هاوتەریب لەگەڵ ئەمریکا دەجوڵێتەوە و ئەوەش لە ئێران و سووریا دووری دەخاتەوە و بەرەو میحوەری ئەمریکی- عەرەبی سوننە پاڵی دەنێت. دەکرێ لێدوانی بەرپرسانی پەیەدەش سەبارەت بە ڕێگری لە ڕۆیشتنی حەشدی شەعبی بۆ سووریا هەر لەوچوارچێوەیەدا لێکبدرێتەوە. پەکەکە ئاگای لەو میحوەرە ئەمریکی- خەلیجییە هەیە کە دەیەوێ تەنگ بە ئێران هەڵچنێ و خۆی بە ئامادەترین هێز دەزانێت تا لە پرۆژەی بەرەنگاربوونەوەی ئێراندا جێ بگرێت. لە دوای ئۆپەراسیۆنی ڕەققە و دێرەزوور، ئەگەر سعودیە و ئەمریکا بە تەمای دەستوەشاندن لە ئێران بن، ئەوا پەکەکە دەتوانێت ڕوو لە ڕۆژهەڵات بکات.

ئەگەر پەکەکە لە ڕۆژهەڵات ببێتە هێزێکی کاریگەر و مۆدێلێکی هاوشێوەی ڕۆژئاوا (چ بە هاوکاریی ئەمریکا بێت یان بە دووبارەبوونەوەی سەرەتاکانی مۆدێلی ڕۆژئاوا کە هەردوو حاڵەتەکەش ڕێی تێدەچێت) ئەوا لە ماکۆوە هەتا عەفرین بە کەوانەیەکی سنووری و بە پاڵپشتییەکی جەماوەری و توانایەکی لۆجستی گەورەوە تورکیا دەخاتە چەمبەر. نەک تەنها تورکیا بەڵکو نەیارە کوردییەکەی خۆی، واتە پارتیش گەمارۆ دەدات و قەڵەمڕەوی سیاسی- سەربازیی خۆی لە جوگرافیایەکی پان و بەریندا تۆکمە دەکات. ئەمەش پەکەکە دەکاتە ئەکتەرێکی مابەینی (لە بەینی ئەکتەری نادەوڵەتی و ئەکتەری دەوڵەتی) لە سیاسەتی ناوچەکەدا.

هەڵبەت، تا ئەوکاتەی کە بەرپرسانی پلە یەکی پەکەکە لە قەندیل بن و هەتا ئەوکاتەی لەگەڵ ئێران تێکنەدەن، باسی هەڵوەشاندنەوەی ئاگربەست لەلایەن یەرەکەوە نابێتە بابەتێکی ستراتیژی و دەشێ لە چوارچێوەیەکی تەکتیکیدا سەیر بکرێت. واتا زیاتر بۆ ئەوەیە کە لە گرنگی و کاریگەرییەکانی جموجۆڵەکانی دیموکراتەکان و کۆمەڵە کەمبکرێتەوە و حەوزی شەڕڤانی خۆی لەوێ بپارێزێت. بەڵام، لە ڕووی ستراتیژییەوە، پەکەکە حیسابی دۆخی ناوچەییش دەکات. بۆیە ئەگەری دوورکەوتنەوەی لە ئێران و کردنەوەی بەرەیەک لە دژی تاران لەلایەن پەکەکەوە وەک شتێکی دوور نایەتە پێشچاو.



زوبێر ڕەسوڵ*

# ڕێگای سەربەخۆیی بە سلێمانیدا تێدەپەڕێ!

"لە هەر شوێنێک هێز هەبوو، بەرەنگاربوونەوەش هەیە"
(میشێل فۆکۆ)

ئەگەرچی لە بەشێکی زۆری ڕووداوە سیاسییەکانی مێژووی میللەتی کورددا ململانێ نێوخۆییەکان هەردەم لەمپەر بوونە لەبەردەم ئامانجە سیاسییەکانی کورد، بەڵام فاکتەرە دەرەکییەکان، یاخود ڕوونتر بڵێین باڵادەستیی زلهێزەکان و بەرژەوەندییان لە ناوچەکەدا هەمیشە خاڵی یەکلاکەرەوە بووە لەبەردەم ئەم خەونەدا، بە تایبەتیش بوونی کیانێکی سیاسی لە ناوچەکەدا. بەڵام ئەوجارەیان بە پێچەوانەی ڕابردوو، ئەوە دیبلۆماسیەتی وڵاتە زلهێزەکان نییە کە بڕیار دەدات لەسەر لەدایکبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستاندا، بەڵکو ئەو بڕیارە تەنیا لە دەستی کورد خۆیەتی و جوگرافیایەکی بچووکیش کە سلێمانییە، دەتوانێت دوا بڕیاری لەسەر بدات، نەک ئەورووپا و ئەمریکا. هەڵبەتە ئەمە تەنیا پێوەندی نییە بە لاوازبوونی هەژموونی وڵاتە زلهێزەکان لە ناوچەکەدا کە وەک جاران ناتوانن نەخشە سیاسییەکان دابڕێژن، بەڵکو پێوەندیی بەوەشەوە هەیە کە ئەوجارەیان کورد لەو بەشەی باشووری کوردستاندا هەموو ڕێگاکانی بوون بە قەوارەیەکی سیاسی و یاسایی بڕیوە و بووەتە دەوڵەتێکی تەواو، بەڵام بەبێ ئەوەی ڕابگەیەنرێت، مەراسیمی ڕاگەیاندنەکەشی تەنیا مەسەلەی کاتە و هیچی دیکە.

هەرچەندە لەوانەیە لای زۆر لە خوێنەرانی ئەم بابەتە ئەم تێڕوانینەی ئێمە زۆر ساویلکە دەربکەوێ، بەڵام بە پشتبەستن بە چەند نموونە و سەرنجی سۆسیۆ-سیاسی هەوڵ دەدەم ئەم بیرۆکەیەم پشتڕاست بکەمەوە کە دەڵێم: ئەو فاکتەرەی حەسمی سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم و دواتریش هاتنەئارای دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکات، ئەو دەڤەرەیە کە دەکەوێتە چوارچێوەی جیۆگرافیا و دیمۆگرافیای سلێمانییەوە. هەڵبەتە کە دەڵێم سلێمانی، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بەبێ گۆڕان و یەکێتی ئەو دەوڵەتە چاو هەڵناهێنێ! مەبەستم لە سلێمانی وەک جوگرافیایەکی سیاسی و مێژووییە کە بە دەگمەن حیزبە کوردییەکان توانیویانە تێیپەڕێنن. نە پارتی لە ڕابردوودا توانی ئەمە بکات، نە یەکێتیش کە بەشێکی زۆری شەرعیەتی سیاسی لەو ناوچە جوگرافیاییە وەرگرت، توانی ئەوە بکات. ئەمە بۆ بزووتنەوەی گۆڕانیش ڕاستە کە ئێستا تا ئاستێکی زۆر نوێنەرایەتی ئەو ناسنامە جیۆگرافیەی سلێمانی دەکات.

یەکێک لە خاسیەتەکانی ئەم ناسنامەیەی سلێمانی ئەوەیە ئەستەمە لایەنێکی سیاسی، یان سەرکردەیەکی سیاسی لە دەرەوەی جیۆگرافیای خۆی پەسەند بکات کە حوکمی بکات. ئەگەر سەیری سەرەتاکانی دروستبوونی پارتیش بکەین، ئەو ڕەتکردنەوەیە دەبینین کە دواجار بە جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆتایی هات. دیارە حیزبە سیاسییەکان و ڕۆشنبیرانی سلێمانی دەستێکی باڵایان لە دروستکردنی ئەو ناسنامەیەدا هەبووە. لەسەر ئاستی خەڵک و دانیشتووانی ئەو جیۆگرافیایەش ناسنامەکە ڕەگی داکوتاوە، دروستبوونی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتیش هەم سنووری ناسنامەکەی فراوانتر کرد کە جگە لە شاری سلێمانی ناوچەکانی گەرمیانیش بگرێتەوە، هەمیش ناسنامەی سلێمانی تۆختر کردەوە، ئەمە جگە لەوەی کە هەیکەلێکی حوکمڕانی و ئیداری و سیاسیشی بۆ دروستکرد کە ئێستا بە زۆنی سەوز/ نیلی ناودەبرێت.

دروستبوون و بەهێزبوونی بزووتنەوەی گۆڕان کە بەشێکی زۆری پێوەندی بە پەراوێزخستنی سلێمانی و پاشکۆیەتی یەکێتییەوە هەبوو بۆ پارتی، بۆ نموونە هەر ئەو ڕۆژەی گۆڕان لەگەڵ پارتی ڕێککەوت بۆ پێکهێنانی حکومەت، نارەزاییەکیش لەسەر ئاستی خەڵک و جەماوەری گۆڕان دەرکی پێدەکرا لە بەرامبەر ئەو بڕیارەی بزووتنەوەی گۆڕان، چونکە گۆڕان بەڵێنی چوار ساڵی ئارامی دابوو بە پارتی و خەریک بوو واز لە ڕوحیەتی بەرەنگاربوونەوەی پارتی بهێنێ و وەک برا بچووک برا گەورەیی پارتی قبووڵ بکات. واتا هەمان ئەو هۆکارەی کە خەڵک یەکێتی لەسەر بەجێهێشت. هەرچەندە یەکێتی ویستی لەسەر ئەو خاڵە لاوازەی گۆڕان کار بکات، بەڵام گۆڕان هەرچەندە شەریکی حکومەتەکەی پارتیش بوو، لەبەر کاریگەریی ئەو ناسنامەیەی سلێمانی هەر بە ڕۆحی ئۆپۆزسیۆن و بەرەنگاربوونەوە سیاسەتیان دەکرد، تا دواجار گەیشتە بنبەست لەگەڵ پارتی و بە داخستنی پەرلەمان کۆتایی هات. بۆنموونە زۆرجار کادیرانی سیاسی یەکێتی دەڵێن، یەکێتی تا لە پارتی نزیک بێت، بچووک دەبێتەوە، ئەمە بۆ گۆڕانیش ڕاستە، بۆ یەکگرتووش هەر ڕاستە، یاخود دەڵێن: "پارتییەکانی ناو یەکێتی"، یان "گۆڕانەکانی ناو یەکگرتوو". واتا سیاسییەکانی ناو هەمان حیزبی سیاسی ئەوانەی لە سلێمانین گوتاریان جیاوازترە لە ئەوانەی لە هەولێرن یان لە دهۆکن. تا ئەو ئاستەی دەکرێت بڵێین ناسنامەی سلێمانی تا ئاستێک لە سەرووی ناسنامەی ئایدیۆلۆژییەوەیە. ناسنامەی سلێمانی پارتێکی دەوێت کە سەرکردایەتی بکات نەک دەستی دووەم بێت، بڕیاری لە دەست بێت نەک جێبەجێکار، سەرمەشق بێت نەک پاشکۆ و.. تاد. پێدەچێت نەوشیروان مستەفا باش لەو کۆدە سیاسی و کولتوری جیۆگرافیە گەیشتبێت، بەڵام لە بواری سیاسیدا جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە و بەردەوامبوون لەسەری ئاسان نییە. ئەمەش وای کردووە پارتە سیاسییەکان بە تایبەتی ئەوانەی قووڵایی جەماوەرییان لە شاری سلێمانیە، نەتوانن وەک پێویست بە دڵی خۆیان سیاسەت لەگەڵ پارتی بکەن. ئەو ناڕوونی و دوو جەمسەرییەی سیاسەتی یەکێتیش لە بەرامبەر پارتی و گۆڕان هەر سەرچاوەی لەو خاڵەوە گرتووە. دواکەوتنی کاراکردنەوەی پەرلەمان و ڕێککەوتنی گۆڕانیش لەگەڵ پارتی هەر پێوەندیی بەو ترسەوە هەیە لە بەرامبەر ناسنامەی سلێمانی، هەر لایەنێکی سلێمانی نوێنەرایەتی ئەو ناسنامەیە و تایبەتمەندیی سلێمانی نەکات، دواجار خەڵکەکەی لەسەر سندوقەکانی دەنگدان سزای دەدەن، ئەمەمان بینی بەرامبەر یەکێتی، دەکرێت بەرامبەر گۆڕان و ئیسلامیەکانیش ڕووبدات، بەڵام گۆڕان تا ئێستا سنوورەکانی ئەو ناسنامەیەی نەبەزاندووە.

پارتی و بارزانی بەپێی ئەو ئەزموونە سیاسییەی کە هەیانە لەگەڵ یەکێتی و ئێستاش لەگەڵ گۆڕان، دەبووایە زوو لەو تایبەتمەندیەی سلێمانی گەیشتبان، تۆ ناکرێت لایەنێکی سیاسی پەراوێز بخەیت کە نوێنەرایەتی ئەو ناسنامە جیۆگرافیە دەکات، دواتریش ئومێدی ئەوەیان لێبکەیت کە لە بەرژەوەندیی ریفراندۆم دەنگ بدەن، بەتایبەتی کە گۆڕان لە ئێستادا ئەم نوێنەرایەتییە دەکات، نە یەکێتی و نە ئیسلامییەکانیش ناتوانن بە پێچەوانەی ئەو تایبەتمەندیەی سلێمانی سیاسەت بکەن. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە سەرەتای دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان سەرەتای گۆڕینی باڵانسی هێزە سیاسییەکانیش بوو لە کوردستان، لە دوو جەمسەرییەوە بۆ سێ جەمسەری، بۆیە چیتر پارتی بە تەنیا لەگەڵ یەکێتی ناتوانێت پرۆسەی حوکمداری و بڕیاری سیاسی یەکلایی بکاتەوە. پارتی زۆر ویستی ئەو دوو جەمسەرییە بپارێزێت، بەتایبەتی لە دوای داخستنی پەرلەمان کە زۆر هەوڵیدا لەگەڵ یەکێتی وەک جاران سەرکردایەتی پرۆسەی سیاسی بکەن، بەڵام ئەمە هیچ دەرئەنجامێکی نەبوو، تا دواجار پارتی لە پێناوی شکستنەهێنانی پرۆسەی ریفراندۆم دانی بەو نەخشە سیاسییە نوێیەدا نا.

ئەوەی گرنگە بۆ هەر یەکە لە پارتی و گۆڕان، ئەوەیە کە نە گۆڕان بە هاوکاریی یەکێتی دەتوانێت بەبێ پارتی حوکمڕانی بکات، نە پارتیش بە هاوکاریی یەکێتی دەتوانێت بە پەراوێزخستنی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان حوکمی کوردستان بکات، هەر یەکە لەو دوو لایەنە دەبێت میکانیزمێک بۆ پێکەوەژیان و سیاسەتکردن بدۆزنەوە، ئەگەرنا ئەم دۆخەش تەواو بێت گرێیەکی تری سیاسی دێتە پێشەوە.

ئێستاش کە هەرێمی کوردستان لەبەردەم چرکەساتێکی مێژوویی و سیاسیی هەستیاردایە، پاڵپشتیی سلێمانی وبزووتنەوەی گۆڕان بۆ ریفراندۆم بە خاڵی یەکلاکەرەوە دەبینم نەک هەڕەشەکانی تاران و ئانکەرە. ئەنجامدانی ریفراندۆم بەبێ گەرەنتی بەشداریی سیاسی ناسنامەی سلێمانی، دەکرێت سەرەتایی دابەشبوونێکی تری سیاسی و جیۆگرافی لێ بکەوێتەوە و هەموو کوردستان باجەکەی بدات. کورد ئەگەر بیەوێت مێژووی سەدان ساڵەی سیاسی خۆی بگۆڕێت، دەبێت ئەم دەرفەتە لەدەست نەدات، بە تایبەتی لەئێستادا کە ئەوە یەکەم جارە جیهانی عەرەبی (سوننی) نەک دژایەتی کورد ناکەن، بەڵکو بەو هیوایەن عێراقێکی هەڵوەشاوە ببینن. لە ڕاستیدا ئەمجارەیان فاکتەرە دەرەکییەکان هەم کەمبوونەتەوە هەمیش زۆر بێهێزن لەبەردەم وەستاندنی دروستبوونی دەوڵەتێکی "نەتەوەیی" لە کوردستاندا، فاکتەری یەکلاکەرەوەش فاکتەری ناوخۆیە، بە تایبەتیش سلێمانی، ئەم فەرمانە هەرێمییەی بەم زووانەش دەرچوو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و حکومەت لە یەکی نۆڤەمبەردا، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بە جیاواز لە تەواوی مێژووی کورد بە واشنتن و برۆکسل و مۆسکۆ و ئەنکەرە و تاراندا تێناپەڕێت، بەڵکو کلیلە سەرەکیەکەی لە سلێمانییە و بەوێدا تێدەپەڕێت.

*دکتۆرا لە بواری ناکۆکییە هەرێمییەکانی عێراق و دراوسێکانی- زانکۆی ئێکسێتر، بەریتانیا

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more

## هەداسە گۆرانییەک بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەڵێت

« 10



خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر :ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی 0750 488 56 96 - 486 34 12

# کارەبا لە جیهاندا



## چین

گەورەترین بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەری کارەبایە لە جیهاندا:

بەرهەمهێنان:
6.015
تێراوات لە کاژێرێکدا (TWh)

بەکارهێنان:
5.219
تێراوات لە کاژێرێکدا



## ئەمریکا

بەرهەمهێنان:
4.327
تێراوات لە کاژێرێکدا (TWh)

بەکارهێنان:
3.867
تێراوات لە کاژێرێکدا (TWh)



## هیند

بەرهەمهێنان:
1423
تێراوات لە کاژێرێکدا (TWh)

بەکارهێنان:
1065
تێراوات لە کاژێرێکدا (TWh)

- 60 ـ 80 % خەڵکی هیندستان کارەبایان هەیە
- بانکی جیهانی: 1 ملیار کەس بێ کارەبان (15% دانیشتووانی جیهان)
- 500 ملیۆن لە بیابانی خوارووی ئەفریقان
- 500 ملیۆن لە هیندستان، بەنگلادیش، نایجیریا و ئیسیۆپیا



## عێراق

پێویستی:
22.000
مێگاوات

بەرهەمهێنان:
14000
مێگاوات بەرهەم دەهێنێت

## بەرهەمهێنانی کارەبا بە پێی ناوچەکانی جیهان:



25000 تێراوات لە کاژێرێکدا

| | |
|---|---|
| ئەوروپا | 3.831 |
| سۆڤیەتی پێشوو | 1.553 |
| ئەمریکای باکوور | 4.970 |
| ئەمریکای باشوور | 1.604 |
| ئاسیا | 10.459 |
| ئەفریقا | 804 |
| رۆژهەڵاتی نێوەڕاست | 1.132 |

# دوو پارێزگای رۆژهەڵاتی کوردستان بەساڵاچووترین پارێزگای ئێرانن



## پارێزگای ورمێ



| | | |
|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 3.26 | ملیۆن کەس |
| دانیشتووانی ئافرەت: | 1.61 | ملیۆن کەس |
| دانیشتووانی پیاو: | 1.66 | ملیۆن کەس |
| سەرووی 100 ساڵ: | 628 | ملیۆن کەس |
| ئافرەت: | 200 | کەس |
| پیــاو: | 428 | کەس |

## پارێزگای تاران



| | | |
|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 13.27 | ملیۆن کەس |
| دانیشتووانی ئافرەت: | 6.59 | ملیۆن کەس |
| دانیشتووانی پیاو: | 6.67 | ملیۆن کەس |
| سەرووی 100 ساڵ: | 511 | ملیۆن کەس |
| ئافرەت: | 310 | کەس |
| پیــاو: | 201 | کەس |

## پارێزگای سنە



| | | |
|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 1.6 | ملیۆن کەس |
| دانیشتووانی ئافرەت: | 0.79 | ملیۆن کەس |
| دانیشتووانی پیاو: | 0.81 | ملیۆن کەس |
| سەرووی 100 ساڵ: | 11.36 | ملیۆن کەس |
| ئافرەت: | 273 | کەس |
| پیــاو: | 863 | کەس |

## پارێزگای سیستان و بەلوچستان:



| | | |
|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 2.75 | ملیۆن کەس |
| دانیشتووانی ئافرەت: | 1.37 | ملیۆن کەس |
| دانیشتووانی پیاو: | 1.40 | ملیۆن کەس |
| سەرووی 100 ساڵ: | 760 | ملیۆن کەس |
| ئافرەت: | 443 | کەس |
| پیــاو: | 317 | کەس |

سەرچاوە: ناوەندی ئاماری ئێران